

# مێرگی مەرگ

شوان عوسمان

# مێرگی مەرگ

# مێگەرگ

شوان عوسمان

کوردستان ٢٠١١

هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە ©

**ناوی کتێب:** مێرگی مەرگ

**بابەت:** چیرۆکە پەخشانی دیکۆمێنتاری

**نووسینی:** شوان عوسمان

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

پێداچوونەوەی سێیەم

**دیزاینی بەرگ:** هەرێم عوسمان

لە بەڕێوبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٤٠٢)ی ساڵی(٢٠١١)ی پێدراوە.

**لەسەر ئەرکی بنەماڵەی شەهیدان (سەلین و نەریمان) چاپکراوە**

# پێشکەشە

- بە گیانی نەمری هەموو ئەو زاتە زیندووانەی کە لەپێناو مرۆڤایەتی، لە ئاو خواردنەوەی تەمەن و ژیان کران و دەکرێن...
- بە شارۆچکە شانەی شەهیدانم (شەقلاوە)...
- بە گڵکۆی پیرۆزی هەر (٢٢)هەنگە شەهید و بە گیانە نەمرەکەی (٢٣)ە هەمین شەهید (مام عەبدوڵلا)، کە خەڵکی شەقلاوە نەبوو، بەڵام کورد بوو...
- بە گیانی نەمری هەردوو برای جوانەمەرگم، (سەفین) و (نەریمان)...
لە بەردەم مەزاری پیرۆزیان سەری شەرەفیان بۆ دادەنەوێنم و ئەم دیاریە بچکۆلانەیە، وەکو چڵە زەیتونێکی وەفادار لە سەر گۆڕەکانیان دادەنێم...
- بە دایکی هەمیشە لە رەش خزاوم ...
- بە برای هاورێ و دوورەوڵاتی و هاوبەندی ئەوساکەم (شێروان)...
کە لە زۆربەی رووداوەکانی ئەو (مێرگە) بەشدارە و ئامادەیی هەیە....

# بەرکوڵێك، لەبری پێشەکی

وەکو پێویست، لێرەدا لەبری بەجڵەوکردنی ڕەوە ئەشك و ئەسرینێکی زینکراوی لە خەم خزاوی سۆما، منیش ویستم ئەسکوی دەست لەرزۆکم لە دیزەی شەکەتی هەڵگێڕاویانە هەڵسوێنم، پل لە بنی کولەکەی تەڕی پشتگوێ خراویانە هەڵکڕێنم.. لە دەروازە دەم گاڵو چاو نوقاوەکەیان، تەققە هەلسێنم و ئاوڕێکی گەرمی هاوخەمیان بە دەم زێد وزایەگا بزرەکەیان لێ بدەمەوە و لانیگایەکی هاوسۆزیشیان لێ لاکەمەوە، بەڵکو لاپەڕە گەرد لە سەرنیشتووەکەیان، بۆ تاوێکیش بێت بەسەر کەمەوە..

چیتر وەکو بەردی خنکاوی بن لمی گۆمێکی گەش، لە چاوەڕوانی حەزرەتی گۆدۆی ڕێکەوتێك نەبن، لە لەپی پلیشاوی کراوەی قوربانی و ڕێچکە و دیرۆکە بەڕێکراوەکەیان، خشتێك لە پاڵ خشتێك دابنێم بۆ هەڵچوونی تانۆك وتەیمانێکی واقیعەتەم لێنیشتووەکەیان بۆ ئەوەی ببێتە بەردێکی بناغەی مێژووی ئەم شارەم...

سەرەتا، لە پوورەی ئەندێشە و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی هزرمدا، بیرێکی وا گوزەری کرد، کە رووداوەکان وەکو چەند دیمەنێکی سروشتی و ئاسایی خۆیان، راست و دروست، سادە و ساکار و کتومت، بە نیگا بڕینی بەر گێڕانەوە و سەردێکی حالەتەکان و فلاشباك ئاسا، ئەوانیش ببنە هەوێنی چەند کورتیلە چیرۆکێك، بەڵام دوایی کە کشامە ئاقاری گێتییە بێ بنەکەیان، هەستمکرد ئەو چێشتە دەبێتە مزەورەیەکی تێکەڵوپێکەڵ، جا گرۆتینێکی بەتینتری گەرەکە، بە کەفو کوڵێکی برسیانە و سەرگەرمانەی هەڵکولاویشم، ئەوها زوو و بەپەلە کڵپەکەی دانامرکێ و لەپم لە بیناقاقای ئۆخەیەك گیر نابێت...

بۆیە بڕیارێکی وا لە ئاوەزم زا کە بە تاودان ودارنینی پەچەو پرچی (پەخشان)، بتوانم مەبەستەکەم تا رادەیەك بپێکم، بۆیە هەوڵمدا بە شێوازێکی ئەدەبیانەی چڕتر بەناو حاڵەتەکانی مێرگەکە داچۆڕێم، هەندێك لەو حاڵەت و وێنانەش زادە و مۆرکی بابەتی سروشتی وخۆڕسکی خۆیان بوون، ئەوانی دیکەش وەکو شەونمی بەرباران و رەهێلەی ئەندێشە و خەیاڵم هەلتۆقیون، بۆیە کەوتمەخۆو لە رچە نەشکاوەکەیان هەنگاوم نا و رێگاکەم شەق کردن، لە بەرچنە چڕو پڕەکەیان هەستم هەڵزناو نەستم بەرکوڵی ناسۆرییەکانی تامکرد..

جا ئەم خەونەم لە دایك بوو، هاوکات ئەو کۆرپەلەیەش نۆبەرە تەکانێك و بەرکوڵێکی گەرمی لە مێژینە و منداڵێکی تاقانە و بەناز گۆشکراوی شەونخونییەکی تامەزرۆ و شەکەتییەکی بێدەرەتانەوە گڕوکاڵی کردو گەورە بوو..

جا حەز ناکەم نازی نەکێشرێ و قبوڵیش ناکەم وەکو نەبان و نەناس و نەفام بکەوێتە گێژاوی لەخۆبایی بوون و سەری بدرێتێ... هەرچەند ئاوێنە ئاسا هەموو لایەکانی یەکلا و بێ خەوش نابن، بەڵام خاو و کاڵییان لە گڕ و گەڕ و کەفوکوڵ و چرپە و چپەی ئاوەز و ئاسەواری گڵپاوی گڵپەکردووی ناوەوەم بسپێرن، چونکە هەر ئەوان سەرپشك و شازادەی ئەو شارۆچکەیەن کە ئەمڕۆ منیان وەکو نوێنەرێك رووبەرووتان کردۆتەوە...

ئینجا وەکو کەڵە بوێژەکەمان گۆتەنی:

(نازانم سەرکەوتووم یان بە سەرسەر کەوتووم)، هەرچۆنێك بێت ئەگەر سەریش نەکەوتبم چاوم لە بەرپێی سەرکەوتنە بەرەو پێپلیکەیەکی دیکە، ئەگەر بە سەریش داکەوتبم، هیوادارم لە دەرفەت و هەنگاو و قۆناغێکی دیکە سەربکەومە سەر رێچکەیەکی راستەڕێ بوون..

هیواخوازم کەلێنێکم پڕکردبێتەوە و قوژبنێکی دیکەی شاراوەم

هێنا بێتە بەر کلاورۆژنەی رۆشن بوونەوەی مێژوویەکی پڕاوپڕی کۆڵنەدان و قوربانی گەلە نەبەردەکەمان و ببێتە بەردەبازێکی دیکە بۆ خزانیان بەرەو کەناری واقیعێکی دیکەی لەبیرنەکراو و هاوشانی داستانە نەمرەکانی میللەتەکەمان (هەڵەبجە، ئەنفالەکان، بادینان، خۆشناوەتی و....) گۆشەیەك لە مێژووی کارەسات و مەرگەساتەکانی گەلەکەمانیان بۆ خۆیان کردبێتەوە....

هاوکات، توانیبێتم لاسکە نێرگزێکی وەفاییش، بە قەد کێل و گڵکۆیە نەمرەکانیان شۆڕ بکەمەوە....

پاییزی ١٩٩١ شەقلاوە

## پێویستە بشڵێم:

کاتی خۆی من لەساڵی (١٩٩١) لە وڵات ئەو بەرهەمەم لە یەکەمین ساڵڕۆژەی ئەو (٢٣) شەهیدانە لە سەر ئەرکی خۆم چاپکرد و هەر دانەیەکیشم وەکو دیارییەك پێشکەشی بنەماڵەی شەهیدەکان کرد، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٣شدا لە یادی ساڵڕۆژی شەهیدان و بیرەوەری ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا، ناوەڕۆکی دەقی ئەو (مێرگی مەرگ)ەم بە هاوکاری کاك (فەهمی بێدار)ی شانۆکار،

وەکو شانۆنامەیەك لەسەر شانۆی (هۆڵی سیاحی شەقڵاوە) نمایش کرد، لەوێدا خۆشم رۆڵی چیرۆکخوانم تێیدا گێڕا، دوای(١٩) ساڵ ویستم جارێکی دیکە ئەو کۆرپەلەیە چاوی بکاتەوە، هەرچەندە ١٩ ساڵ زەمانێکە و ئەویش هەر بە منداڵی نەماوەتەوە، بەڵکو بۆتە پیاو و لە هەوڵی چاوگێڕان و بە تەمای دەست گێڕانێکیش بووە بە خۆی، منیش لەو رووە بێ دڵی وتەخسیریم لە بەرامبەر نەکردووە.......

بۆیە، هەوڵمدا لە دوورەوڵات و لەناو جەرگەی دڵی (ئەوروپا)و لە (هۆڵەندە)دا، لە نوێوە بە دەقە نوسراوەکە بچمەوە و پیتەکان بە تەکنیکێکی تازەترەوە بچنمەوە و هاوکات پاکنوسیشیان بکەمەوە، بەڵکو جارێکی دیکە خەڵکی (وڵاتەکەم) ئەوانەی لەو مێرگەی شارەکەم بێخەبەرن، خانەوادەی (شەهید)ەکان و ئەو منداڵانەی دوور لە باوەشی باوك و براکانیان گەورە بوون و لە زانیارییەکانی مێرگی کەسە جوانەمەرگەکانیان ئاگادار نین، گەلە ستەمدیدەکەم با دیدەکەیان بە ستەمێکی دیکەدا ئاشنا ببێتەوە، خەڵکی شارەکەم (شەقڵاوە)، ئەو نەوە نوێیەی دوای (راپەرین) بە چاوی خۆیان زۆر کارەسات و رووداوی دڵتەزێنیان نەبینی، با لە رێگەی ئەو نوسراوە رابردوویەکی پڕ لە مەرگەسات و ئازاراوی بۆن بکەن و بچێتە ناو هەست و نەستیان بۆ ئەوەی لە

مێژووی باب وکەسوکار و گەلەکەیان تێبگەن تا رابردوویان لەیاد نەچێت، منیش جارێکی دیکە لێرەوە دەروونم بۆ ساتەوەختێکی دیکە ئۆقرە بگرێتەوە و تاوێکیش لەو هەندەرانە رەقوتەقە بۆ خۆم هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵمژم..

هەروەها دەمەوێ بۆ مێژووش راستییەك هەیە بلێم و بدرکێنم کە وەکو بەرپرسیارییەکی مێژوویی و مرۆییش لە ئەستۆمدایە و پێویستە چاوپۆشی لێ نەکەم، جێگەی خۆیەتی باسی ئەو کەسایەتیانەش بکرێت کە رۆڵی بەرچاویان بینی لە دۆزینەوە و ناشتنەوەیان، دیارە زۆر کەسیش رۆڵی بینی، بەڵام من بۆ خۆم لێرەدا، دەمەوێ باسی رۆڵی کەسایەتییەك بکەم کە جێ پەنجەی ئەو بەسەر ئەو هەڵوێستە، هەرگیز لەبیر ناکرێت، ئەویش هەوڵە تایبەتییەکانی شەهید (کارزان مستەفا) بوو، راشکاوانەش دەڵێم ئەگەر خەمخۆری ئەو نەبووایە ئێمە تا ئێستاش نەماندەتوانی ئەوها ئەمرۆکە ببینەوە خودان گۆڕی شەهید و گۆڕستانی ئەو (شەهیدان)ەمان...

دیارە ئەو رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە دۆزینەوە و هەڵمەتی هێنانەوەش، تا نەگەیشتە بەرئەنجامی ئاشکرابوونی گۆڕەکانیان ئۆقرەی نەگرت و وازی نەهێنا، چونکە ئەو خۆی کەوتە دوای دۆزینەوەی (مجێوری) گۆڕستانەکەی (دائیرەی ئەمنی هەولێر)،

ئەو کەسەی بە رەسمی کاری پاسەوانی و چاودێری پێ سپێردرابوو، لە رێگای ئەویشەوە راستیەکانمان بۆ دەرکەوت، ئینجا بانگەواز و داوەتی خانەوادەی شەهیدەکانی کرد و دەروونی هەموو لایەکی بە شادبوونەوەی تەرمەکانیان، ئاسودە کرد..

هەروەها ئەوجارەش حەزمکرد ئەو نوسراوە لەسەر ئەرکی خۆم و خانەوادەکەم چاپ بکەم، بۆ ئەوەی بتوانم بەئەمەکەوە بەرانبەر رۆحی پیرۆزیان بوەستم و بەبێ منەت و چاوشۆڕی ئەو دەست و ئەو دەستیش بێمە قسە و ئەمانەتە مێژووییەکەی کە چەند ساڵێکە لە ئەستۆ و شانمدا پارێزراون، وەکو خۆی دایانبنێمەوە، هەروەها لە چاپی ئەمجارەشمدا زۆر راستی و حەقیقەتی مێژوویی هەیە کە لەوانەیە بە دووردرێژتر باسیان لێوەکرابێت و بۆ یەکەمجاریش بێت بەرچاو بکەون، هیوادارم ئەمجارەش کەلەبەرێکی دیکەی مێژووی ئەو شەهیدانەم پڕ کردبێتەوە..

هۆڵەندە

پاییزی-٢٠١٠-دێلفت

# لاواندنەوەیەک

## بۆ

# شەقڵاوە

## وەکو رێچکەیەک بۆ چوونە ناو

## حەساری ناسۆرییەکان

کە خەزانی هەڕەشەی (بەعس) خەزەری کۆچ و مەرگی ناوەختی پێ هەڵپێچان، لە بن هەر کاریتە و بنمیچی ماڵ و خێزانێکدا، نەوای ناڵە و نرکەیەکی زۆر خەمناك هاتە بەرگوێ، خەرمانێکی لە خەم هەڵکروزاو ئاسۆی خۆشناوەتی رەش و تەماوی کرد و داگرت، ئاسمان لە تاوی کوژانەوەی ئەو خۆرەتاوە گڕی دەهری بوونێکی گرت و **٢٣** ئەستێرەی بریقەدار لە گەشانەوە کەوتن و ئێمەشیان بەو خەم و هەڵکڕوزانەوە بۆنسۆ کرد و جەرگی ئێمەشیان برژاند و هەڵقرچاند و سوتاند...

ئێمەش بە دوای سۆراغێکی ئێوەی گۆڕغەریب لە خاپەرۆکی بست بە بستی ئەو خاکە، وێل و سەرگەردان و سەراسیمە بووین، سەودای گەڕان لە سەدایەك کە بۆنی دۆزینەوەتانی لێبێت، سوێی ئازارێکی پڕ لە کەسەر بوو، نە پرسەتان پرسەیەك بوو بۆ دڵ و دەروون و بنەبانی ماڵەوەمان ئۆقرەیەك لەگەڵ خۆی لەئامێز بگرێت، نە سۆراغێکیشتان وەکو پرس و وەڵامێك باڵ ئەکراو شوێنی شوونبزرتان سەرەداوێکی ئۆخەی پەی بێ ئەبردرا، هەرلەو

ڕۆژە ڕەشەوەش کە تاریکی ڕۆژو دونیامانی ڕەشتر کرد، کۆچتان بووە کۆچێکی ئەزەلی و دوایی و ئەبەدی و گەڕانەوەشتان جگە لە کۆستێکی خەمناك، خەمناکتر لە خشانی تارمایی و سێبەرتان بەرەو ئاسۆی زەردەپەڕێکی ئاوابوون کە ببڕای ببڕ چیتری بە دواوە نەبوو نە موژدەیەك، نە شتێکی دیکەی خۆش هیچیان نەهاتن جگە لە سۆسەی نەهامەتی و مەینەتی و دەردەسەری چوار ساڵ چاوەڕێکردن بۆ حەزرەتی گۆدەیەکی چاوەڕوانی ...

سەفەرتان بەردەوام بوو، بەڵام سەفەرێکی هات و نەهاتی ناو ئەفسانە و چیرۆکە سەیر و سەمەرەکانی بەرئاگردانی ئێمە بوو دوایی نەدەهات، نە بە گۆڕتان ئاشنا بووین و نە کێل وگڵکۆش وەکو ئەدرەسێکی قەبرستانی جوانەمەرگتان لە لامان دیار و ئاشکرا بوو، ئیرادە و کەسێتی و ناسنامە و ژیاننامەی ئێوە بە قەدەر کاغەزێکی درۆ و بوختانی (وەفەتنامە)یەکی ڕەش کۆتایی هات، گەڕانەوەتان قاچاخ بوو قاچاغتر لە دانانی پرسە و ناوهێنانتان، هاتنەوەشتان خەونێکی ئەرخەوانی بوو شەوە دوورودرێژەکان چاوە کزو کپ خامۆشەکانمان پێ گەرم ئەکردنەوە...

دوای چوار ساڵ دەهری و بێبەری و سەبووری و توانەوە لە ئاگرادنێکی خۆسوتاندا گەڕانەوە، بەڵام چ گەڕانەوەیەك، بە کەژاوەیەکی ڕەش و سپی ئێسك و پروسك و کۆتەڵێك پەڕۆ و

لاستیك بە هەمان هەناسەی کەژاوەیەکی ئاڵاووالای رەشبەڵەك و شایلۆغانی بوك و زاوایی، ئەو رۆژە چ رۆژێك بوو، شار سەرتاپای شلەژا، ئاوایی ئاوی بینایی نەما و لێی تکا، چنارەکان کەوتنە چنینی کراسی رەشی بوکێنی زاوای خەون سەرەمەرگ بوو، توولەمێوە ناسکەکان چوونە گژ رنینەوەی قژی کەچەڵی دارە پەلك وەریوەکان، لاولاوەکان کەوتنە لاواندنەوەی گەڵا سیسەکان، سپیندار لەو بەرزی شاتانیەی سپی کرد قەد و باڵای شەنگەبی شەنگتر دابەزی و سەری لە تاو ئەو هەموو خەمەدا خستە لەپی، تاوك بەتاو تاوی دا دار گوێز و لە حەشری ماتەمیاندا چ حەشرێکی واوەیلا و مەحشەرێکی ناسۆریان هەڵگیرساند ...

(سەفین) لەپڕ لە خەوی گرانی رابوو و(سۆرك) کەوتە سۆراغ کردن، (مزگەوتی گەورە) و (دێرەی کۆن) سەریان لەبن گوێی یەکتر ناو بە فسکە فسکەوە دوای سەرەخۆشی لەیەکتر کردن بە دووقۆڵی بە کڕی کەوتنە شین، (کانی خمان) بە لە خمدانی سەری خۆی سەرخۆش بوو و کەوتە شەپۆڕو قوڕپێوان، (کانی مزگەوت) ئاوی لە خۆی و لە دەستنوێژ بڕان، (بێترمە)و(بێقۆن) سەریان لە بن باڵی یەکتر خزاند، (ناوەنجی) لە ناڵە و فیغانی دا، (شێخ سەید) و(شێخ بایز) واقیان وڕما و خوڕەیان لە خوڕە کەوت ....

(دەنگارە)، دەنگی نوساو، هاواری پەڕییە پەڕەکەی ئاسمان

و(شینکان)یش کەوتە شین و ڕۆڕۆ و لەخۆدان، (سیمۆن) سیمای مۆن و گرژی خۆی هێناوە یەك و (قەچووج) قرچەی لە دڵ و کسپەی بە دەروون چزا، (زەندۆڵ) زیڕەی گەیشتە بەر حەوشی(زێوەر)، (خەندۆتکان) خەندەی لە (میرەسەن) تکان، (مەحمەگور) بە کەلانگوچکی بە گوڕی (مەحمەوێسی) ئاگرباران کرد، (دەربەند) بەندی دەروونی دڕاند، خانزاد لە دەرگای پیرە (کریکۆر)ی دا، (سەرمەیدان) سەری خۆی هەڵگرتوو بەرەو پیری (کاوانیان) چوو، (داریومەرحەنان)، (نمرە) نرکەیان وردە وردە دەبووە ناڵە و سەردولکە و نەعرەت کێشان...

چاوەکان ئاویان تێزا، کۆچ بووە کاروان، کاروانیش بووە کەژاوەی بووك و زاوای شەهیدەکانی شەقڵاوە، چاڵ بووە گۆڕ و ناویشتان لە ون بوو، بووە (شەهیدانی شەقڵاوە).....

ئەم کارەساتە نامرۆڤانەیە کاریگەرییەکی بێکۆتایی لەسەر هەست و نەستی خەڵکی شارەکە و ناوچەکە دانا، بەجۆرێك کە شاعیری شەهید (هەژار کەریم) کە ئەو کاتە پێشمەرگە بووە، ئەم کارەساتە بە شانۆی خوێنڕشتن ناوزەد دەکات و شیعرێکی جوانی بۆ دەنووسێت و پێشکەشی ئەو شەهیدانەی دەکات.

# شانۆی خوێن ڕشتن

پێشکەشە بە ٢٢ شەهیدانی شاری شەقڵاوە

ئەو ئێوارەی وەکو کۆرپە
لە دامێنی شەوی شارا
ژان بەرەو خواری داهێناین
چوار دەورمان دەنگی هەزار کەسی بێزار
ئەو ناوەیان ئەتریقان
دابەزینمان بۆ دنیای شار
بۆ خەڵکی ناو
گۆرانی بوو
بە هاتنمان
لە دایکبوونی نوێ
دەنگێکی نوێ
خەڵکی ناویان هێنا هەژان

* * *

ئەو ئێوارە پاییزییە
لە باوەشی خەڵکی وڵات
قژی شەوی شاریان ژاکان
مێردەزمەکانی سەر سنگی شەقامی درۆ
تورە بوون و . . .
ئەوەی وەکو مەلی بێ باڵ
گرتبونیان زۆر بە دزی
سەریان بڕین
چاویان کۆڵین
بە بێ تاوان
تەمەن یاسای لەسەر نەبوو
مێرمنداڵ و جوان و پیر
وا پێدەچوو شێر و خەتی لەسەر کرابێ
ئەگینا . . هاوار
مێژوو . . دنیا . . ویژدان
نەریمانی حەڤدە ساڵان
چ یاسابێ خستیە ژێر پەت؟
خستیە زیندان
کام سەربردەی فاشیزمی کۆن و نوێ
ئەگێڕنەوە لە سێدارەدانی بە کۆمەڵ

شەهید کردنی بێ تاوانان
ئەوەی قەت نەبینراوە لە مێژوودا
لە بیرەوەرییە تاڵەکانی خەڵکی هەژاری وڵات
لیستەی بەندیخانەی فاشیەکاندا
چاك دەبینرێ
زیندە بە چاڵ
کوشتنی زۆر
گەورە و. . . . بچوك و. . . میرد مندالْ
هیچ یاسایێ یەخەی هیچیان ناگرێ؟
تەنها یاسای خەبات و
کارکردنی مرۆڤانە و شۆڕش نەبێ
دەخەڵکینە وەرنە هاریکاری شۆڕش
دە کار بکەن کارکردنی مرۆڤانە
یاسای ئێمە یاسای مرۆڤە
ئەوەی تا ئێستا پێتان کرابوو
دە تانکرد
لە سەر شانۆی خوێنڕشتن و
دەهۆڵ و درۆی بۆرژوازی
ئێمەی هەژار ناومان ناوە پرۆڤە

جزرجیلن ١٩٨٨/٨/٧

# کۆمەڵێك راستیی

# و

# ڕێکەوتی مێژوویی

لە ڕاستیدا سەبارەت بە کارەساتی ئەو مێژگی مەرگەدا کە بوونە بەشێک لە مێژووی زیندووی ئەو شارە، زۆر ڕووداو دەرکەوتە و ڕاستی هەن، تا ئەمڕۆکە نادیار و ناشکران، جا من دەمەوێ لێرەدا شەنوکەو بەو مەسەلەیە کەم ودەرگای بواریش والا بکەمەوە، بۆ ئەوانەی ڕاستی دیکەیان لە لا شاردراوەتەوە، لەپێناو زانینی حەقیقەتەکان وناسینی مێژوومان، جا بۆیە ئەو شتانە باسدەکەم تا ئەوەی هەبوو دەرکەوێت، نەک لەگەڵ مەرگی جوانەمەرگیان مێژووەکەشیان سەرەمەرگ بێت ...

- لە ڕێکەوتی(١٩٨٧/٥/٢٢) لەپێناو ئازادی وهاتنەدەستی مافە سەرەتاییەکانی هاوولاتی و خواستی نەتەوەیی، ڕاپەڕین بووە کاردانەوەیەکی بێزاری خەڵکی ئێمە، بۆیە لەو ڕۆژەدا خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە و گشتی لە(شەقلاوە) ڕوویدا کە تێیدا گەنج و لاوی کوڕ و کچ و پیاو و ژن و منداڵی خەڵکی ئەو شارە بەشدارییەکی شۆڕشگێڕانەیان لەو ڕاپەرینە کرد، یەکەم

بلێسەی هەڵایسانی راپەرینەکە بە تەقاندنەوەی ترێلەیەکی گەورەی بارهەڵگری سەربازی دەستیپێکرد، ئەویش کە پڕ بوو لە راکێت وگوللەتۆپی قورس و دوورهاوێژ، ئەو رووداوەش لە نزیك گەرەکی (سابیراوە)، لەسەر رێگای (شەقڵاوە-هەریر) روویدا، هەروەها لە نزیك (قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی)یش بوو کە خوێنکارانی ئەو ئامادەییە رۆلێکی بەرچاو و دلێرانەیان لەو چالاکیەدا گێڕا...

دیارە ئەوکاتە سەردەمی شەڕی (عێراق-ئێران)بوو، تێکشکانی ئەو کامیۆنە سەربازییە لەو رۆژەدا کە بە هانای شەڕگەکانی سەرسنووری هەردوو وڵاتی شەڕکەر دەچوون، نەك هەر زەبرێکی کوشندەی ماددی ومەعنەویان بە گیان ورۆحی رژێم سرەواند، بەڵکو وردوخاشکردنی ئالیەت وتەکنیکێکی سەربازی زەبەلاح بوو لەو سەردەمەدا کە ئاسان نەبوو، ئەوها زوو رژێم بەو زەرەرمەندیە خۆی قەرەبوو بکاتەوە و بتوانێت خێرا هەڵسێتەوە، بۆیە تا رادەیەك ئەو هەڵوێستە جوامێرەی شارەکەم پەککەوتنێکی دیاری خستە دینامیکیەت هەژموون (هەیمەنە)ی سەربازی رژێم لە کوردستان و ناوچەکەشمان، خەڵکی (شەقڵاوە )وەی خۆراگر بۆ مێژوو دوو جار برینێکی قووڵ و ناسارێژ و جەرگبڕیان خستۆتە گیان و جەستەی رژێمی (بەعس) کە ئاسایی نەبوو ئەوان لەبیری بکەن....

یەکیان خەسارەتی زۆر و زەبەندی ئەو رۆژە بوو، دوایيش ئازادی و رزگاری شارەکەی بە دوادا هات، هەر بۆیەشە بە دوای تۆڵەیەکی گەورەتر لە رقەکەیان دەگەڕان، بۆ ئەوەی تێکشکان و لاوزییەکەیان داپۆشێ وپڕبکاتەوە، بۆ ئەمەش بە هەڵمەتی رەشبگیری و رەشەکوژییەکەیان دامرکانەوەی نێلەی ئاگری دەروونیان پیادە کرد، دووەمیان لە بەهاری دوای راپەرینی ١٩٩١ بوو، لە ئانوساتی (کۆچڕەو)ەکەدا، کاتێك لەو ناوچەیەدا گۆڕستانێك بووە دادگایەکی شۆڕشگێڕانە بۆ دادگاییکردنی کار و کردەوەی دزێوی چڵکاوخۆرانی (بەعس)، بەوەش کۆمەڵێك ئەفسەری جەللادی باڵا و مامناوەندی دەزگا ئەمنییەکانی (هەولێر و شەقڵاوە) بە سزای گەل و شۆڕش گەیشتن، هەر ئەوەش بوو (سەدام) خۆی لە بۆنەیەکی رەسمیدا ئاماژەی بەوە کردبوو وئەو ناوچەیەی بە (**مقبرة الشهداء**) ناوزەد کرد ...

هەر لەو راپەرینەشدا دوو لاوی خوێنگەرم وشۆڕشگێڕ بە ناوی (جەمیل مستەفا ئەحمەد سەلتە)و(بەختیار عەبدوللا کاکۆ)بریندار دەبن، کاکە (جەمیل) دوای ماوەیەك هەر بە کاریگەریی برینەکەوە شەهید دەبێت، هەروەها بۆ یەکەمجاریش لە مێژووی ئەو شارەدا. لەوانەشە لە هەموو شارەکانی (کوردستان)یشدا یەکەمجار بێت کە (پێشمەرگە) وەکو هێزێکی

چەکداری (شۆڕش)و بەرهەڵستکارێکی شۆڕشگێڕ، لەگەڵ جەماوەری خەڵکی (شەقڵاوە)دا بە ڕۆژی ڕووناك لە سەر جادە و لە گەڕەکەکان ببینرێن و بە ئاشکرا و بەکردەوە لەتەك جەماوەردا ڕێپێوان بکەن و داکۆکی لە خواست و دەنگ و مافەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو بکات ...

ئەو هێزە بەشدارەی پێشمەرگەش کە لە ناو ڕاپەڕینەکە کە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست زیاتر نەدەکرد(من مەبەستم ناو شار و ڕاپەڕینە)، دیارە هاوشانی هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینەش، هۆکاری دیکەش هەیە کە پێیوستە لەبەرچاومان بێت، ئەویش ئەوەیە کە شەوێك پێش ڕوودانی ڕاپەڕینەکە هێزێکی پێشمەرگە لەناو شەقڵاوە خەڵکی ئاواییان بۆ جۆشدان و خرۆشانی ڕاپەڕین ساز دا، ئەم هێزە بۆ جوڵانی شەقام و هەست و نەستی هاووڵاتیان لە مزگەوت و بە ماڵان و کوچەکان دەستیان کردبوو بە بانگەواز و ئامادەباشیی بۆ بەشداریکردن لەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە، ئەم هێزەش بریتی بوون لە چەند پێشمەرگەیەکی (ئاڵای شۆڕش)و چەند پێشمەرگەیەکی (حزبی شیوعی عێراقی)، ئەو ڕۆژە و ڕۆژێکی دوای ئەویش (شەقڵاوە) هەموو گەڕەکەکانی تا گەڕەکی (سەرمەیدان)، لەبن کۆنترۆلی جەماوەر

و هێزی (پێشمەرگە) دابوو، دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی (بەعس)یش دەسەڵات و رۆڵیان لەو ناوەدا نەما و شاریان بەجێهێشت، بۆ یەکەم جاریش بوو لە مێژووی ئەم شارەدا، خەڵك بە ئازادی بۆنی ئازادی راستەقینەیان هەڵمژی ...

- لە رێکەوتی (١٩٨٧/١٠/١٥) رژێم بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە جەماوەری راپەڕیوی (شەقلاوە) بکاتەوە لە بەرانبەر ئەو زەبرە کوشندەی کاتی خۆی لە راپەڕینەکەوە بەر جەستەی کەوتبوو، بە ناوی (سەرژمێری) و ئامار کەوتە پیلانی خۆئامادەکردن و جێبەجێکردن، هەروەها لە راستیدا ئەگەر تەماشای مێژووی رێکەوتی ئەو سالانەی رژێم تێیدا سەرژمێری کردوون، لە هەموو ئەو سالانەشدا لە رێکەوتی (١٠/١٧) هەموو دە ساڵ جارێك سەرژمێری کراوە لە (١٩٥٧)ەوە، ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەوکاتە نەکرا، وابڕیار بوو لە ١٩٨٧/١٠/١٧ سەرژمێری ئەنجام بدرێت، ئەو ساڵەش هەولیدا لە پەنای ئەوەوە زەبری بەدکارانەی خۆی بوەشێنێت بۆ ئەوەی خەڵك گومان لە نیازە چەپەڵەکانی نەکات، پلانەکەش بۆ ئەو مەبەستە بریتی بوو لەوەی کە هێزێکی تەییار و زەبەلاحی سەربازی هێناو (شەقلاوە)ی گەمارۆدا، ئەوانیش خۆیان لە چەند هێزێکی هەمەچەشن

دەبینیەوە، لەوانە بریتی بوون لە (لیوایەك)ی شەڕکەری ئەوساکە و (فەوج)ێکی نیشتەجێی (سەرمەیدان)، هەرچەندە رۆژێکیش بەر لەو رۆژە بەدزی چەند هێزێك و دەستەیەکی شڕەخۆر و (جاش)و چەند (مەفرەزەیەکی ئەمن)ی لە دەرەوەی شاری هێنا بوو، بۆ ئەوەی بتوانن لە گرتنی ئەو ناوانەی لە لیستی ئەوانەی کە دەبووایە بگیرێن و لە لایەن (دائیرەی ئەمن) رێکخرا بوو هاوکاریان بکەن...

- لە بەرەبەیانی رۆژی (١٩٨٧/١٠/١٦) چەقۆی ژەهراوی دەستی (بەعس)ییەکان، لە جەستەی بێگەردی خەڵکی (شەقلاوە)چەقی، ساتەوەختی قۆناغی دیارییکراوی رەشبگیری شارەکەمان زەنگی لێدرا، بۆ تۆڵەسەندنەوە و دامرکانی کۆنەڕق و کینەی رۆحی شەڕانگێزی و شاردنەوەی شکستی گەورەی خۆیان بەرانبەر بەو خەڵك و نەتەوە، رۆژێك لە رۆژان زەبری شۆڕشگێڕانەیان لە سەر و پۆتەڵاك و پەیکەری دەسەڵاتی (بەعس) سرەواندبوو، پلانە نەگریسەکەیان کە پێشتر نەخشەیان بۆ کێشا بوو پیادە کرد، نزیکەی (١٠٠-١٥٠) کەسیان لە هاووڵاتیانی سڤیلی ئەو شارە بە گوێرەی لیستی رەسمی بەندیکردن و هەبوونی ناوی گومانلێکراوان (بە گۆتەی خۆیان)، کە لە لایەن (دائیرەی ئەمنەوە) دەرکرا بوو، هەروەها کەسانێکیشیان هەروا بە خۆڕا

و له گۆترەش دەگرت و زیندانیان کردن، ئەو خەڵکەش یەك جۆر چین و رەگەز و توێژ نەبوون، بەڵکو خۆیان لە پیاو و ژن و لاوی کوڕ و کچ و تەنانەت منداڵیش گرتەوە، لە هەندێك حاڵەتیش کە روویدا بە بێ ئەوەی ناویان لە ناو لیستەکە هەبووبێت دەستگیر کران، ئەوەش لە سەر کاراکتەر و کەسێتی ئەو لێپرسراوە سەربازییە دەوەستا کە بە گوێرەی حەزو میزاجی ئەوکاتەی هەڵسوکەوتی دەکرد....

ئەو هێزەی کە لە رەشبگیریەکەش رۆڵێکی خراپیان لە گرتن و تێکدان گێڕا، لە لایەن (عەقید ئوسامە) سەرکردەی لیواکە و (رائید تەحسین نەقشبەندی) وەکو بەرێوەبەری (دائیرەی ئەمنی شەقلاوە)، کە هەردووکیان وەکو دوو زۆڵە کوردی حەرامزادەی خائین و خۆفرۆش (وەکو باسیشیان دەکەن هەردووکیان لە یەك خانەوادەش) بوون، سەرپەرشتی ئەو هەڵمەتە چەپەڵەیان کرد، بەداخەوە تا ئێستاش لە ژیان ماون و تا ساڵانێکیش و لەوانەشە تا ئێستاش هەوای ئازادی بە ئازادانە لە کوردستان هەڵبمژن بە بێ ئەوەی لە بەرانبەر تاوانە نەگریسەکانیان رووبەرووی دادگا و یاسا کرابنەوە، هەروەها لە هاوکاری گرتن ودەستنیشانکردن و پێشرەویکردنی ناوی ئەو کەسانەی لە لیستی گیراوەکان ناویان هەبوو، بە دەستکێشی چەند خۆفرۆش و کرێگرتەیەکی ناوخۆ و خۆماڵییەوە ئەنجامدرا کە ئەوانیش تا ئێستا لە گوڵ کاڵتریان پێ نەگوتراوە ...

لە ڕاستیدا دەبووایە لە سەردەمی ئازادیدا ئەو دەفتەرە ڕەشانە والا کرابانەوە و خائین و خۆفرۆش و نیشتماخواز لە یەکتر جیاکرابانەوە، بەڵام بە داخەوە دیارە دەسەڵاتی (کوردی) لە جیاتی ئەوەی ئەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییانە جێبەجێ بکات و دڵی خانەوادەی شەهیدانیش و گیانی نەمری شەهیدەکانیش خۆش وئاسودە بکات، بەرژەوەندی (حزبی) و شەخسی و تایبەتی خۆیان بە باڵاتر زانی و خەمی بەجێگەیاندنی ئەو ماف و ئەرکەیان بە هەند نەزانی و تا هەموو خەڵکیان گەیاندە لێواری مەرگ و خەرەندی فەوتان و (شەڕێکی ناوخۆ)ی نەگبەتیان لێمان قیت کردەوە و کۆتاییان بە هەموو ئەو خەون و خۆزگە و هیوا سەوزانە هێنا و مەرامەکانی ئێمەشیان فەرامۆش کرد و مەبەستەکانی خۆیان پیادە کرد، ئەو کاتەش هەموو شتێك لە دەستچوو و خائینانیش وەکو بەرزەکی بانان تێیان تەقاند و بوونە ئەندامێکی کارا و دڵسۆزیش لە ئێمە، بەمە ڕاستی و تۆڵە و بەڵێنیش وەکو ئاردی ناو تەڕاشی لێهات، هەموو شتێك بزر بوو ...

هەڵمەتی ڕەشبگیریەکەی ئەو ڕۆژە، تا ئێوارە درێژەی کێشا، خەڵکەکەشیان بەردەوام دەهێنا و لەناو چاڵێکی گەورەی گۆڕەپانی (تۆپی پێ) لە گەڕەکی(سەرمەیدان) بە دەست و چاو بەستراویان لەو چاڵەدا کۆکردبوونەوە، هەر وەکو دیلە بێدەسەڵاتەکانی (ئێران)

وا بوون کە لە شەڕێکی دەستەویەخە بەدیل گیرابووبن، ئینجا بەهۆی قافلەیەکی (ئیڤا)و لۆری سەربازی، ئێوارەیەکی زوو بەرەو (دائیرەی ئەمن)ی (هەولێر)یان بەرێکردن ...

ئەگەر لێرەوە بۆ مێژوو هەڵوەستەیەك بکەین و هەندێك بە وردی تەماشای ئەو کارەساتە و مێژووی ئەو رەشبگیریە بکەین، دەبیبین بەر لەوەی قۆناغەکانی (ئەنفال)ی کورد لە شوێنەکانی دیکەی (کوردستان) دەست پێبکات و ئەو پلانەی رژێم بۆ ئەنفالکردنی کوردیان دارێشتبوو کە لە ساڵی ١٩٨٨ بە رەسمی پیادەی کرد و ئەنجامیدا، ئەنفال وەکو سەرەتایەکی سەرهەڵدانی (جینۆساید)، لە شاری (شەقلاوە) تەوقیت کراوە و رەسمکراوە و جێبەجێشکراوە ....

- شەوی یەکەمی زیندان هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان نەکرد هەموومان لە یەك هۆڵدا خڕ کرابووینەوە، لە رێکەوتی (١٧-١٠-١٩٨٧) لێکۆڵینەوەی (تحقیق)ی ئاساییان کە بە شێوازی باوی (ئەشکەنجە) ناسراوە دەست پێکرد، هەر خێزان و خانەوادەیەکیان بە سەر ئەفسەر و تیمێکی (ئەمن) کە پسپۆڕی کاری ئەشکەنجەدان بوو دابەشکرد، ئەو رۆژە هەتا شەوێکی درەنگیش لێکۆڵینەوەکە بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا سێ مرۆڤی زیندانی و هاولاتی تەمەن جیاوازی ئەو شارە، هەریەکەیان بە

شێوەیەك گیانیان لە دەست دەدەن و(شەهید) دەبن، ئەوانیش (شەهیدان) (سەفین عوسمان و سابیر کوردستانی و هیوا ئەحمەد) بوون، ئێمە هەر چوار برا بووین لە یەك ژووردا و بەیەکەوە (تحقیق)ی بە ئەشکەنجەیان لەگەڵ دەکردین، تا شەویش بەیەکەوە بووین، دوای ئەوەی هەریەکەیان بە بڕیاری (بەڕێوەبەر)ی دەزگاکە لەیەکتر جیاکردینەوە، (سەفین)مان نەبینیەوە تا دوای چوار ساڵ ئێسکەکانمان دۆزیەوە ...

بەڵام رژێم هەروەکو پیشەکەی وابووە، هەمیشە راستییەکانی دەشێواند و واقیع و هۆی مەرگ و مردنیان بە شاراوەیی هێشتەوە و بە نهێنیش مایەوە تا ئەو دەمەی راپەرینی بەهاری١٩٩١روویدا و راستییەکان دەرکەوتن، بەگوێرەی ئەو بەڵگە رەسمیانەی لە (دائیرەی ئەمن)ەکان دەستکەوتن، تەنانەت ئەمرۆکەش زۆر نهێنی هەیە لە بارەیان هەر بە نادیاری ماونەتەوە و واقیعی شەهید بوونیشیان هەر نامۆ و نەزانراوە، من کاتی خۆی لە ١٩٩١-١٩٩٢ ئەو کتابە رەسمیەی کە لە دەزگای ئەمنەوە گیرا بوون وهاوپێچی تەرمەکانیان بۆ نەخۆشخانە ناردرا بوون نوسینێکم لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لە سەر نووسی و بلاومکردەوە ...

- له ڕێکەوتی (١٩/١٠/١٩٨٧) بەگوێرەی نووسراوێکی ڕەسمی بە ژمارە (١٣٤٤٠) لە هەمان ئەو مێژووەدا کە لە لایەن (دائیرەی ئەمنی)ی (هەولێر)ەوە دەرچووە، تەرمی ئەو سێ شەهیدانە بۆ (نەخۆشخانەی هەولێری کۆمار)ی بەشی (تشریح) دەنێردرێن وپێشنیاری ئەوەیان لێ دەکرێت تەرمەکان لای خۆیان بپارێزن تا داوایان دەکەن، بۆ ئەوەی لەوێ بە نهێنی بێننەوە تا خۆیان فیلێکی یاسایی بۆ دروست دەکەن، من بۆ ئەم سەرچاوەیە سوودم لە دوو بەڵگە وەرگرتوە، یەکیان لە (دائیرەی ئەمنی هەولێر) دەرچووە و دوای ڕاپەڕین دەستم کەوتن، هەروەها ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (خەبات) کە لە ژمارەی ٢٦٤٦ی ڕۆژی ١٦/١٠/٢٠٠٧ بە بۆنەی بیستەمینساڵیادی ئەنفالکردنی شەقڵاوە بڵاوکراوەتەوە، کە لە لایەن سەرباز خۆشناوەوە نووسراوە، کەڵکم وەرگرتوە.

دوای ئەوەی گوللەباران کردنەکەش ئەنجام دەدەن، (وەفاتنامەکانیان) لەگەل ئەوانی دیکە لە یەك کاتدا تێکەڵاو دەکەن و دەدەنەوە دەست کەسوکارەکانیان، بە ناوی ئەوەی کە هەموویان (مخرب)ن و بەیەکەوەش گوللەباران کراون، بەوەش سەر لە مێژوو و خانەوادەکان و هەموو لایەك تێك دەدەن.

- له ڕۆژانی ١٩٨٧/١١/١٤ ئەو پۆله مەله زیندانیانەی که مابوونەوە لە زیندانی (ئەمن)، لە کات و ساتێکی دیکە گوللەباران دەکرێن و شەهید دەکرێن، هەرچەندە ئێستا کاتی ئەوە نییە لێرەدا باسی هۆی گوللەباران کردنەکەیان بکەم، چونکە ئەوە خۆی لە خۆیدا باسێکی دوور و درێژی پێیوستە، بەلاّم بۆ مێژوو دەبێت لەو کتێبەدا کە دەبێتە دۆکۆمێنتێکی مێژوویی ئاماژەی پێ بکرێت، ئەگەر باسیان نەکەم هەست دەکەم ناپاکییەك دەرهەق بە مێژووی شەهیدەکان دەکەم، بۆیە پێویستە ئەگەر بە خێراش بێت ئاوڕێك لەو باس وخواسانە بدەمەوە کە لە ناو خەڵکەکەم هەڵتۆقیون و نێرکیان تا ئێستا بە لاملی شۆڕ بۆتەوە و کەسیش بە باشی نازانێت کامە باس ڕاستە یان بە پێچەوانە ڕاسترە، جا ناکرێ پشتگوێیان بخەم وخۆمیان لێ کەڕ بکەم ...

دیارە لەو کاتە من خۆم لە ژیانی ئاسایی ئەو شارە نەبووم، بەڵکو لە زیندانی ئەمنی (هەولێر)بووم، ئەوەی زانیومە هەر دەماودەم بووە، بەلاّم لە هەمان کاتدا خۆم شاهێدێکی زیندووی سەرجەم ڕووداوەکانی زیندانەکەم، جا بۆیە من بۆ خۆم دەزانم چ دەڵێم و خۆشم لە هەموو کەس بە پەرۆشتر دەزانم لەوەی ڕاستییەکان وەکو خۆی بنووسرێنەوە ...

قسەکانیش بەو شێوەیە هەبوون و گوزارشتیان لە واقیعەکەش بەو جۆرە دەکرد:

(رۆژێك بەر لە گوللەبارانکردنی ئەو شەهیدانە ئیڤایەکی سەربازی پڕ لە سەرباز لە گەڕەکی (کریکۆر)ی (شەقلاوە) دەکەوێتە کەمینی پێشمەرگەکانی (حزبی شیوعی) و لە ئەنجامدا نزیکەی ١٠ تا ١٢ سەرباز دەکوژرێن، بۆیە رژێمی بەعس لە تۆڵەی ئەو سەربازانەوە کەوتە پلانی هەڵبژاردنی هەندێك کەس لەناو هاوڵاتیانی خەڵك و دانیشتوانی شارەکەم بۆ ئەوەی گوللەبارانیان بکات، بەڵام هەندێك خێرومەندی (بەناو) چڵکاوخۆری رژێم، ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەوان هێشتا زیندانییەکانیان لەبەردەستدایە جا پێویست ناکات کێشەیەکی دیکە بۆ خۆیان و شارەکە دروستبکەن بە هەڵبژاردنی کەسانێکی تر، بۆیە وا باشترە دەست لەوانە بدەن کە لەبەردەستیان دایە و ئەوانیش گوللەباران بکرێن..)

لەبەر ئەوەی ئێمەش ژمارەیەکی زۆرمان هێشتا لە زیندانی ئەوساکەدا مابووینەوە، بەو مەبەستەوە گوللەبارانیان دەکەن، بۆ (دائیرەی ئەمنی)یش ئەو بیرە شەڕانگێزییە باشتر بوو، چونکە ئەوان بۆ خۆیان، لە جوانەمەرگ بوونی ئەو (٣) شەهیدەی زیندان کە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان بە مەرگ سپارد بوو، هەڵەیەکی

یاساییان لە دەست قەوما بوو، ئاسانتر بوو لەگەڵ ئەو کارەساتەدا چارەنووس و هۆکاری کوژرانیان بزر بکەن و سەر لە بەڵگەکانیش بشێوێنن و تێکەڵاویان بکەن...

هەندێك کەس هەبوون ئەوساکە، بەو شێوەیە بیریان نەدەکردەوە، بەڵکو وایان دەزانی کە چالاکی لێدانی سەربازەکان پەیوەندی بە کارەساتی گوللەبارانکردنەکەوە نەبوو، چونکە رووداوەکە پێش کارەساتەکە نەبووە، بەڵکو دوای ئەوە بووە و هەڵمەتێکیش بووە بەناوی تۆڵەکردنەوە.

بەلام بە رای من مەزەندەی یەکەم زیاتر راستە، بە گوێرەی کاتوساتی ئامادەبوونیشم لە زینداندا، پێموایە راستییەکان دەبێت بەو شێوەیە بن:

لە ئێوارەی (١٩٨٧/١١/١٢)کە هێشتا زیندانییەکان لە زینداندا جێگۆڕکێیان پێ دەکراو دەستەیەك لەو زیندانیانەی لە زیندانی (حجز)یش بوون ئازادکران، ئێمەش ئەو چەند ناوە بووین کە ئەوساکە لە زیندانی (دائیرەی ئەمن) مابووینەوە، ئەوانیش بریتی بوون لەو کەسانە :

(دکتۆر یوسف)، (جیهاد تۆما) ،(مەجید حەسەن)،(نەوزاد مستەفا)، (خۆم وشێروان ونەریمان کە براکانمن)، (حەمید خدر)،

(شوان حەمید و مەریوانی برای)، مامۆستا (محەمەد-مەدێ فەندی و هەردوو کورەکەی سەباز و سەرکەوت)، (حەسەن موختار)، لەگەڵ مام (عەبدوڵڵا) کە خەڵکی شەقڵاوە نەبوو، ئەوانەی کە لە زیندانی (حجز)یش بوون وخەریکی ئەوە بوون ئازاد بکرێن، بەڵام ئەوکاتە رۆژی (پێنجشەمە)بوو (١٢/١١/١٩٨٧)، دەوامی رەسمی دائیرە لە تەواوبوون بوو، بۆیە ئەو کەسانەیان لە زیندانی (حجز)دا بۆ لای ئێمە (دائیرەی ئەمن) هێنا، ئێمەش هەموومان لە ژوورێك بووین کە بە ناوی ژووری (حەرەس)ی ئەمن ناسراوە و کە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو هۆڵ و رێڕەوەی ژوورەکانی زیندان وئینفرادی دائیرەیان لەخۆگرتبوو، ئەوانیش بریتی بوون لە:

(ئەحمەدە فەندی)، (حەمید حەمەدەمین و شێروانی کوڕی)، (مستەفا زەخۆك)، (حەسەن زەخۆك)، (مستەفا بەربەر و گەیلانی کوڕی)، (فەلاح وەلی)، (محەمەد مستەفا)، (عەبدولقادر حەسەن و هەردوو براکانی عەبدولخالق و وسو)..

دوای ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەو مێوانە تازانە نانی ئێوارەمان خوارد کە (خورماو سەمون) بوو، لیستێکی ناویان هێناو ئەو ناوانەیان بەرەو زیندانی (حجز) گواستەوە کە بریتی بوون لەو ناوانە:

(شوان حەمید و مەریوانی برای)، مامۆستا (محەمەد-مەدێ فەندی و هەردوو کورەکەی سەباز و سەرکەوت)، (حەسەن

موختار)، (من و شێروانی برام) دیارە ئەو شەوە هیچ شتێك ڕوونەداوە، چونکە ئێمە تا درەنگانێك لەوێ بووین، بەڵام بۆ بەیانی ئێوارەکەی کە دەکاتە (١٩٨٧/١١/١٣) دیارە ئەو لێدانەی پێشمەرگەکانی (حزبی شیوعی) دەستی پێکردووە و ڕژێمیش لە نێوان ئەو شەوە یاخود ڕۆژی دواتر ڕۆژی شەمەی (١٩٨٧/١١/١٤) پلان و بڕیاری گوللەبارانکردنەکەی ئەنجامداوە، چونکە بە گوێرەی مێژووی سەر (وەفاتنامەکان)یش، ئەوا ڕۆژی (١١/١٤) یان لەسەر تۆمارکراوە..

هەروەها لەو ڕۆژە ڕەشەدا چەندین خانوو و باڵاخانە و هۆتێل و دوکان و نانەواخانە کە بە گوێرەی (گۆڤاری شەقڵاوە) لە ژمارە (١)دا ئاماژەی بە (١٣) شوێن کردووە، بەڵام زیاتریش دەبن، بە (دینامیت و TNT) تەقێندرانەوە لە دەرئەنجامی ئەو تەقینەوەش، جگە لە زەرەری ماددی وخاپور بوون، ڕۆح وجەستەی پەپوولەیەکی ناسك و بێ گوناحیش، بەناوی (چیمەن مورشید مەلا شێخە)، بریندار دەبێت و دواییش بە داخەوە بە برینەکەوە شەهید دەبێت...

ئێمە کە بریتی بووین لەو ناوانە دوای (٨)مانگ کە لە زیندانی (حجز)ی هەولێر مابووینەوە ئازاد کراین، (شوان حەمید و مەریوانی برای)، (من و شێروانی برام)، (خانزاد)ی هاوسەری

شەهید (مەجید حەسەن) وکوڕەکەی (بەندی) کە لەناو لانکە بوو، لەگەڵ مام (وەلی) و هاوسەرەکەی وابزانم منداڵێکیشیان بوو، هەروەها (بەختیار گۆزێ) و (تاهیر کەریم) ...

- لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١١/١٦) مەرگنامە (وەفاتنامە)ی ئەو شەهیدانە بۆ هەریەك لە کەسوکارەکانیان هاتەوە، بەبێ ئەوەی تەرمەکانیان بدەنەوە، یاخود شوێنی گۆڕەکانیان ئاشکرا بکەن، هاوکات داوای پارەی ئەو فیشەکانەش لە کەسوکارەکانیان دەکرێتەوە کە ڕۆڵەکانیان پێ گوللەبارانکراون.

- لە ڕێکەوتی (١٩٩١/٩/١٥) دوای ئەوەی گەلی کورد دوای ڕاپەڕینە گەورەکەی ئادار، ئازادبوون و ئازادیشیان بە دەستهێنا، دوای بەسەرچوونی چوار ساڵ بە سەر کارەساتی گوللەبارانکردنەکە، کەسوکاری شەهیدەکانیش بێئەوەی گۆڕستانێکی دیاریکراو هەبێت و تەرمی کەسەکانیان لەئامێز بگرێ، بۆ ئەوەی دەرد و کەسەری دڵی خۆیان پێ دامرکێنن، بۆیە هەمیشە لە ئێشکگرتن و چاوەڕێی ڕێکەوتێکی گەڕانەوەیاندا دەبن، بەڵام بۆ ناسۆری و نەگبەتی خۆمان و کورد ئەوە نەبوو کە خەونمان پێوە دەدیت، حەقیقەتێکی دیکەی تاڵ دەرکەوت، گۆڕی بە کۆمەڵی شەهیدەکان لە گۆڕستانێکی نزیك کارگەی قیری سەر ڕێگای (مەخموور- هەولێر)، دۆزرایەوە و هەمان ڕۆژیش

هەڵدرایەوە، ئەو کاتەش رژێمی بەعس هێشتا دامودەزگاکانی لە (هەولێر) مابوونەوە و چۆڵیان نەکردبوو، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی جاری جارانیان نەمابوو.

- لە رێکەوتی (١٩٩١/٩/١٦) ئەو شەهیدانە بۆ جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ ئامێزی شارەکەیان، بەڵام بێ رۆح و بێ جەستە، بۆ جاری دووەمیش وەکو (شەهید) لە ناخ و سەر دڵی چیای (سەفین) پەیکەرەکانیان لە سەر گردێکدا نێژرا کە هەموو شەقلاوەی لێوە دیارە و ناوی لێنرا (گردی شەهیدان).

# مێژگی

# مەرگ

گەرما، لە داتەکانی تین و تاوی خۆیدا بوو، هاوینیش لە سەرەمەرگ کردنی هەڵپە و تەکانی وەرزە جاڕس و وەڕزکەرەکەی ئەو وەرزە ... کزە خەزانێك، زۆر بە کزی دەخزاو بەسەر سەر و ملی ئاوایی شۆڕ دەبووەوە، دەیەویست لە درەنگوەختانی وادەی تەمەنی گەرمەسێری هاویندا، رووە پاییزیە زەرد رەنگەکە بیخاتەڕوو و وەکو ئەوەی بیەوێت لە پرسەی گەرما و سەرەخۆشی وەرزی حەشری هەناسەسواری و ئارەقەکردندا بە ئاهەنگێکی ناوەخت، مەڕاسیمی ماتەمیان لێ تێکوپێك بدات ...

لەگەڵ هاتنی وادەی ناوەختی پاییزدا، خەزان بە پەلە کەوتە حەشری رنینەوەی سەروپۆتەڵاکی سپیندار و دارگوێزە دڵتەڕەکان، پەل و پەرچەم و پرچی چنارەکانیشی پاز نەدا، ئەوانیشی راپسکاند و بە پرتاو داوەراند .....

مەل و باڵندە تازە هەراشەکانیش لە خەوی شیرینیان راچەنین و کەوتنە بانگەشەی رەوی ناوەخت و پێچانەوەی هەگبە و بارگەی سەفەریان بەرەو کۆچی هەوارێکی تری نامۆیی و ئاوارەبوون ... رەنگەکانیش، پەیتا، پەیتا لە خاوبوونەوە و کاڵبوونەوە و زەردی و زەبوونیدا بوون ...

گەرما لە شینگێڕانی تەمەنی دایە، پەلك و گەڵاکانیش لە ئاوزینگی مەرگ و رەهێڵی دابارین و گەڵارێزان و بە خەزەڵ و خاشاك و زبڵ بوونیان دان.. وەرزێك لە وەنەوزدانی تەواوبوون و جوانەمەرگبووندایە، وەرزێکیش بە ژانی لەدایکبوونیەوە، زەردەی بزەیەکی بەسەر لێودا دێت و دەگەشێتەوە ...

پاییزە و پاییزی زیزبوون و رەنجانی رەز و بەیار و باخچە سەوزەکانە، شەوەی شوومە و هاتووە سەرتاپای جوانی سروشت، بە کردەی پاکۆدان و وەران و خەزان و خاپەرۆکدا، جوانی و ناسکی بەرگەکان دەشێوێنێ، تارای سەوز و کەسکیان دادەدڕێ و لە خمیان دادەپۆشێت.. دێوەرەی مەرگە و لە مارەکردنی مەرگەساتێکی بێوادە و لە بە ژەمکردنی ژەهراوی رژان و ژاکانە ...

شار کشوماتە، ئەویش بە هاتنی ناوەختی پاییز ... کێچ دەکەوێتە کەوڵی، خەوی خامۆشی لە چاو دەبزڕکێ و کسپەیەکی ئازاراویش بە دەروونی دەچزێت ... پاییزە و وەرزی رزانی چپە و

چرپەکانە، زرانی خەون و خەیاڵی دڕی و پرچك و پەردوو و تانۆك و چیلە و دار و دەوەنە، شایلۆغانی پاییزە و گۆڤەندی خەزانە و شیوەن و مەرگی گەڵاڕێزانی گەڵاکانیشە ....

هەر پاییزێکی ئەوهاش بوو ... بەر لە چوار ساڵ هات و خەزانێکی هێنا و لەگەڵ وەرانی گیانی گیانەڵای ئاوایی من تێکەڵاو بوو، هەردووکیان بوونە رەهێل و تۆف و وەیشوومەیەکی بەد، هەموو شتە جوان و شیرینەکانی شارەکەمیان بە خەزەڵ کرد و دۆزەخێکی دەستکردیان بۆ هێنایە کایەوە ...

ئاوایی لە خەونی پڕ لە گومانی راچڵەکا و شاریش لە خەوی نغرۆییدا بێدار بووەوە ... هەنگاوەکانیش دەرچوون و یەکیان گرتەوە، هەریەکەیان لە پەلەپەلی ماشتنەوەی ئەو تووڵەڕێیە دان کە لەوانەیە بیانگەیەنێتە سەر شارێچکەی واقیعێك، گومانەکانیان بڕەوێنێتەوە کە چەندین ساڵە لەناو ململانێیەکی تێکشکانی یەکبینەی مان و نەمانی رۆڵەکانیان شەوو رۆژیان لەناو ئەو گومانانەدا بەڕێدەکەن ...

پۆڵ پۆڵ خزان و دەخزانە سەر جادەکان، کاروانی خەڵکیش بەردەوام لە زان و زیادبوون و دارژان دابوون، تا دەهات بەگوڕتر و چڕتر شەپۆلیان دەدا و پانوپۆڕتریش شاڵاویان دەکشا ... هەر ئەو هەواڵەش بوو ئەمڕۆکە بزەیەکی رەنگ زەردی بەسەر لێویاندا

دەنەخشاند کە خەلەی خەرمانێکی بەبا بوویان لەبەردەم کوریکی بەهاری هیوایەکیان بەری دەگرت ...

تا نزیك دەبوونەوە هەڵپەکانیان بە تاوتر تاوی دەدا.. لە دوورەوە مەزرایەك لە مەزارەکان، کۆتەڵی گلکۆ و کێلەکان، زەق دەبوونەوە و لەدزەکردنی حەقیقەتێکی ناخۆش دابوون ... هەنگاوەکان، وردە، وردە لە دامرکان و لەنگی و لەنگەر دانان بوون، شالاّو و لێشاوی هەنگاوەکانیش لە شلبوونەوە و کوژانەوەدا بوون... گۆڕ و کۆڕی کارەساتەکانیش بوونە دوا وێستگەی چۆڕانەوەی چۆڕاوگەی بەستووی خەڵکە دارژاوەکە..

دەنگی نوکە پاچ و بێلەکان، خشپە و خشانی دەستە دەستەی کەوش و پێلاوی رێبوارەکان، خامۆشی چەندین ساڵەی ئەو گۆڕەساتە پڕ لە مەرگەساتەیان دەهەژاند... هەر حەشاماتە و لە حەشری ماتەمگێڕانی خۆی زیندووکردنەوەی ئەو زیندەخەون و ساکە زێدەیە وشك و برینگە پڕ تەرم و لاشەیەدان ...

هەریەکە لە لایەك لە سوچی خۆی لە هەوڵی چاڵ هەڵپێچان و داپاچینە، بە نینۆك، بە نێزە، بە دار، پێمەرە.. چاڵیش رووبەرێکی تەسك و تەنگ و باریك، خۆڵێکی پڕ کەڵەکە بووی زۆر، لەگەڵ چەندین بەردی درێژکۆڵە وەکو ئالاّ لە بری کێل تێیدا چەقێنرابوون کە بانگەشەی بێستانێکی پڕ (مەرگەساتی) هەمیشە داچانراویان دەچڕاند...

حەشاماتەکە، ساوا و بەساڵاچوو، نێرومێ، کەڵەپیاو و کەنەفت، دیان و ئیسلام، خەڵك و پێشمەرگە... بەسەر ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە، شانەمێرووله ئاسایە، مێروولەیان دەکرد و وروژابوونە سەر چاڵەکە... ئەو دەستانەی لە هەڵماڵین و هەڵکۆڵین دابوون، کاتێك شەکەتیان دادەگرت دەستی دیکە دەهاتنە هانا و هاریکاریان دەکردن ...

چاوەکان سەرتاپا تەڕ، ئەبلەق، زەندەقچوو، سامگرتوو، لە چاوەڕێی دیتنی مەرگەساتێکی دیکەی ئەم سەدەیە بوون.. قوڕگیان وشك و برینگ، لە چاوەڕێی گریانێکی ناوەختدا بوو، بکەوێتە پەلەقاژە و دەرچوون، ئەو ڕۆژە رەشە بوو کە خەڵك و خۆڵ دەکەوتنە ململانێی بەزانی جەستەی یەکتر...

لە چەپەلای چاڵەکەدا، خۆڵ وردە وردە لە ئاستی خۆی دادەماڵرا و بەرەو لایەکی دیکە هەڵ دەدرایەوە، پاچەکانیش لە پێشەوە سەرەتا پێچپێکیان بە دوای خۆیان کێشا، ئینجا بێڵەکانیش بە دوای ئەوان ڕێچکەیان گرت و کەوتنە پەلەپەلی ماشتنەوە و خاوێنکردنەوە.. خۆڵەکە زیاتر و بەگوڕتر دادەبەزییە ئەو دیو، خەڵکیش بە تەوژمتر و بەگوڕتر بەرەو ڕووی یەکتردا دەستلەملانی ئەو بێڵ و پاچانە دەبوونەوە، تا لە ئەنجامی یەکلاکردنەوەی ئەو شەڕی مانونەمانەی کە چارەنووسی کەسەکانیان بۆ یەکلادەکاتەوە...

چاڵ قڵیشی دا و بەرەو خوارتر و ژوورتریش دەبووەوە، ناخی خۆڵیش زیاتر بەرەو هەڵدێران دەچوو... لەپڕ دەنگێ لەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکە پێشبینییەکی کرد:

- قوربانوبم... لەسەرەخۆ بن... ئەوە... ئاخیر چینە ئاگاتان لەخۆبێ... قازمەکان بە سەبری داگرن...

لەبەرانبەر قسەکە وێستێکیان کرد... پاچ و قازمەکان پاڵ کەوتن و بێڵیش کەوتە پێشەوایی کردن، نینۆك و پەنجە و سەرەنێزەی چەقۆکانیش، وەکو لەشکرێك ئاسا کەوتنە شالاّوبردن و ململانێی هەڵکۆلین...

دەنگە دەنگ، تەقە تەق، ورتە ورت، نرکە نرك، هەناسە و هەنسك خۆڵ شەنوکەو کردن... وەکو پەك کەوتنی ئاشێکی بەگەڕ هەموویان لە گەڕ کەوتن... هەموو گۆڕانێك قەتیس بوو، لەپڕ راچڵەکان، دوای ئەو وەستانە... ئینجا شڵەژانێك و رەنگەکانیش لە هەڵبزڕکان و گۆڕانی خۆیان بوون، ورتەش لە دەم و گەروو خنکان، لێو کەوتنە لەرزین، تەمی خەم سیمایەکی گرژی بە سەر هەنیە و دەموچاوەکان وێنە دەکرد... دوابەدوای ئەو تەقەی کە لە دوا بێڵ هەستا کە لە پڕکێشی کەللەسەرێکدا، گیری خوارد بوو...

چاڵە، درێژە قڵیشاوییە پڕ خۆڵەکەی دێرزەمانێك کە ببووە جێگەی هەمە خەیاڵ و شیان و گومانێك، ئەمڕۆکە بەرجەستەی واقیعێك دەبێت و رێگە لە هەموو زیندەخەون و ئەندێشەیەك دەگرێ، دەبێتە گۆڕخانەیەکی مرۆو چاڵی ئێسك و کەللەسەر...

پێڵووە ماندووەکان بۆ چرکەساتێك یەکتریان لە ئامێزنا و سۆما کزە خامۆشەکانیش سەبووری و ئارامییەکیان دەسپاردە دڵی یەکتر... فرمێسکی چاوە تنۆك تێزاوەکانیش، لە چۆڕاوگە بەستن بوون بەسەر رووومەت و گۆناکان و شۆڕ دەبوونەوە... وەکو دیاردەیەکی لاسایی و چاولێکەری یەك لەوی دیکەی وەردەگرتەوە، دەماودەم ناڵە گوزەری دەکرد و هاواریش لە کەفوکوڵ و کەف چڕینین دابوو... زمانیش لە زمانی دیکە نەعرەتەی نەفرەت و جوێن و تووکی دووبارە دەکردەوە، سنگ کوتانی تێکەڵ بە سەردولکە و لاواندنەوەی ژنانیش سەدایەکی دیکە بوون خامۆشیەکەی ئەو گۆڕەساتەیان، بە حەشرێکی واوەیلا و شین و رۆڕۆی (حەسەن وحوسێن) ئاسای ئەو داك و خوشکە شەقلاوەییانە دەگۆڕییەوە...

- ئۆی..گۆڕبەگۆڕ بن.. بە دەردی ئەو جوانەمەرگانە چن بەعسینە... خێن مژینە..

- هەناوتان گڕێ گڕێ بیت... هەی تۆکاتتان لەبن ببڕێتەوە...

- گوناحیان چ بوو... بەو دەردەوبردن... ئاخر خۆ خوا لەسەر سەر بوو.. نازانم ئەو زورمەی.. کوو قبور کرد...

- بڕۆنن.. ئەو کافرە بێ دینانە.. چ زاڵم بووینە.. ئەوانە کەنگی لە ئۆمەتی محەمەدن.. درۆیە..کافرن..

ئەمرۆکە ڕاستییەکان ڕاستتر دەردەکەون و واقیعی ڕووداوەکان دەبێتە سەرپشکی بڕوا و گومان و مەزەندەکان، فاشییەتی بەعسیش باشتر دەناسرێ و لە نوێ وەکو دێڵە سۆزانییەکی بەد و نابووت تفباران و ریسوا دەکرێ....

کە خۆڵەکە بەرەو ئەو دیو گردە کەلەکە بووەکە شۆڕ دەبووەوە، خەڵکە شەکەت و تووڕەکەی ئەو ڕۆژەش، رق و قینە پەستێندراوەکەیان بەرانبەر سەر و سیمای بڵحی (بەعس)، لە نۆژەن نوێ دەبووەوە، شالاویان تووڕەتر و هاواریان بە گوڕتر دەهاتە بەرچاو، چاڵەکەش ناو سکی بەرینتر و قوڵتر دەبوو، یەکەم نیشان کە بووە پێکی چاو گۆڕینەوەی ئامادەبووانی حەشری زیندووکردنەوەی ماتەم و مەراسیمێکی کۆن و گەڕاندنەوەی مێژوویەکی بەسەرچووی چوار ساڵ لەمەوبەر، بە پارچە قوماشێکی ونجڕ ونجڕ، شیتاڵ شیتاڵ، رزیوی ڕەش هەلاتووی نامۆ، کە قۆڵ و لاسنگێکی کراسی جوانەمەرگێك بوو..

ترووسکە بووە کڵپە و کڵپەش لە دەروونیاندا بووە هەڵپەیەکی

بە کۆمەڵ و خۆی لە شاڵاوێکی دەستەجەمی و گەلەکی بۆ سەر تەرمەکان، دیتەوە...

پارچە قوماش وەکو ناسنامەی کەسایەتییەکی نەناس و نائامادە، لە دەستاودەست و راموسان و ماچی ئاشنابوونەوە و ئاوێزان گۆڕینەوە بوو بە تا لە سەمای هێستریاکارانەی تێکەڵ بە گریان و پێکەنینی ئافرەتێکی رەشپۆشی سەر و قژ تێك هەڵوروژاو کە وا پێدەچوو چوار ساڵی رەبەق بێت خەو نەچووبێتە چاوی، خۆی گرتەوە....

خەڵك سەرتاپای سەراسیما، حەپەساو، ئەبلەق لەنیگا بڕین و چاوەڕوانی سەیرکردنی ئەو دیمەنە تراژیدیا و مەینەتبارە بوون... لەپڕ نرکە نرکێکی نەرم ئینجا ناڵەیەکی توند و رەق، وەکو ئەوەی تازە خەون رۆلی نەمێنێت و چیتر خۆی بە لە ژیان مانی کەسە و نەکەی هەڵنەخەڵەتێنێت.. ناڵە بووە هاوار و، هاواریش هاوار و گریانێکی نائاسایی بوو، وەکو شینی منداڵێکی زارەترەك بێ ئاگایانە هاوار لە دەم دەرچوو:

- هیوا رۆلەکەم.. گیانەکەم.. هیوا..ئای.. هیواکەم..نووری چاوم.. ئەمن تازە کو بژیم.... کویان خەلاس کردی.... بەخوای ئەتوو ئەوها نەبووی... چیان لێکردی..ئاخخخخخخ...

لەودیویش دەنگی هاڕژن و چریکە و گریان لە دەمێکەوە بەرەو

دەمێکی دیکە دەگوازرایەوە.. بە ناسینەوەی هیوا، هیوای تر تروسکەی دا و لە ناخ و ناوەوەی ئەو دایکانەی بەدوای ڕۆڵەکانیان وێڵ و سەرگەردانن، بووە کڵپەی هیوایەکی دیکە... پارچە قوماشەکە بووە ناسنامەی ناسینەوەی مرۆڤێك و خرایە شەمێکی شاهانەیی نەمری و ناوی (شەهید هیوا)شی لێنرا..

خامێکی سپیان بۆ هێنا و کفنیان بە قەد کۆمەڵە ئێسکەکان هەڵبڕی و کردیانە تەرمێك و خستیانە تابوتێکی لە تەختە و ناویان لە سەر نوسی، بەڵام تەرم، تەرمێکی ئاسایی نەبوو، هەر کەللەسەرە و ئێسك و پروسك...

چاڵەکە تا دەهات قوڵتر و گەورەتر و درێژتر دەبوو... خەڵکەکەش تا دەهات چڕوپڕتر، بەگوڕتر و بەهەڵپەتر تاویان دەدا بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی تەرمی ڕۆڵەکانیان، باوکەکانیان، براکانیان، هاوڕێکانیان، دۆستەکانیان، شەهیدەکانیان.. خۆریش ئیدی لەتاو ئەو تاوانە، دڵی دەبەزا و ئۆقرەی نەدەگرت لە بەرانبەر تەماشاکردنی ئەو دیمەنە سامناك و خەمناکە و چیتر خۆی پێ هێور نەدەکرایەوە، بۆیە ئەویش بە پێدزی دەیەویست سەری خۆی بخاتە کۆشی ئاوابوون و لەبەرچاودا خۆی بزر بکات...

خەڵکیش بە فرمێسکی گەرم چاویان دەتەزا و، هێواش هێواش بە بێژینگی لەپی دەستیان، خۆڵەکەیان تاوتوێ

دەکرد نەوەك ئێسکەکان لە لاشەکان بترازێن و تێکەڵی ئێسکی لاشەیەکی دیکە ببنەوە.. دوای بەسەرچوونی چەند چرکەساتێك، ئەوجارە نایلۆنێکی زەردباوی لینج لە شێوەی تورەگەیەك، کەوتە بەرچاو، سەرە بەستراوەکەی دەرکەوت و بە ملی پێچراوەیی راکێشراو بەسەرە نێزەیەك سەرەکەیان هەڵبڕی.. ئەمجارە دوو کونە چاوی قووڵ و خاڵی، زەق و زیت، دەمێکی کراوە و والای بە پێکەنینی پڕ ددان بە سەر کەللەسەرێکی واق وڕماو بوونە تەرمی یەکێکی دیکە..

نایلۆن بەپەلە هەڵدڕاو جامانە و رانك وچۆغەڵی بە پەڵە خوێن و پارچە و تیزماڵە پشتێن، کەوتنە بەرچاو.. لە هەموو لایەك هورژم کرایە سەری هەریەکە بە لاشەی کەسی خۆی دەزانی و خۆی دەکردە خاوەنی، دواتر شیتاڵە رانك و پارچە دۆخینێك، دیسان بەسەر دەستاکاندا هەوراز و نشێوی دەکرد.. لە دوا دەستی ژنێکی کراس رەش، تاوێکی باش، لەنگەری گرت..

ئەویش بە پەلەپەل چاوەکانی پێدەخشاند، ئینجا باشتر سەرنجی تێبڕی، چاوە کز و ماندووەکانی لە بەرانبەر بێخەوی و گریان، بریسکەیەکی کزیان لێ دەرچوو، بریسکە بووە بلێسە و فرمێسك فیچقەی دا، خنکە خنکێکی لەسەرەخۆ کەوتە گوشینی گەرووی و بەری هەناسەدانی لێگرت، ئینجا هەنسك و نرکە و ناڵەیەکی بە

دەنگ و هاوارێکیش بەو شێوەیە لە دەمی دەرچوو:

- سابیرگیان ئەوە ئەتووی.. ئۆی هەشم بەسەری.. هاوار... سابیری خۆم... کوردستانیم رۆ... بریا مردبام و نەگەییبامە ئەو رۆژەی...

زاتەکە، شۆخەژنێك بوو، کەلە تافی تەمەنی چەند بەهاریەکی نائاساییدا کەوتبووە بن چارشێوە رەشەکەی (بێوەژن)ی، دوا تروسکەی هیوای گەڕانەوەی (مێردەکەی)، بەو پارچە دۆخینە ئیتر کوژایەوە، ئەو رۆژەش نەما کە گوێزە دانەی درۆ بخاتە لەپی زارۆکەکانی بۆ گەڕانەوەی باوکیان..

هێشتا ئەوانی دیکەش لە گومانی ئەوە دابوون کە تەرمەکە هی ئەوانە یان نا، بەڵام دواتر تەرمی ئەو ئێسك و پروسکە بە ریزە ددانە تاقمدارەکەی دەمی، بووە تەرم و جەستەی شەهید (سابیر کوردستان)ی...

(لەو جێنزرگە شانۆگە تراژیدیایەدا، تەرم ناونیشان و رەنگ و سیما و دەمامکێکی ئاشکرا و دیار و ئاساییی نییە، بەڵکو کەللەسەرێکە و چەند ئێسك و مەچەك و لاتەر و بڕبڕە و پاژنەپێ)... لێرەدا، کەس خاوەنی کەس نییە، جیاوازی لە نێوان ئەم و ئەودا نییە، هەموویان یەك رەنگ، یەك لاشە، نە قەڵەو نە بنێس و لاواز، نە رەش نە سپی، نە جوان نە سامناك، نە چاو رەش

نە چاو شین، نە قژ خاو نە قژ رووتاو، نە شێخ نە شەماشە، نە پیر نە گەنج، نە دیان نە ئیسلام، دوو چاوی قووڵ و بەتاڵ، دەمێکی تەژی لە ددان و بە پێکەنین، دوو لاجانگی رەق و بەتاڵ، دوو چاوی زەق و خاڵی... پێناسەی ناسینەوەش هەر ئەو سیپاڵ و جلە شڕو وڕەیە کە دواجار پێیانەوە خرانە قورگی بێ بنی زیندان...

ئێسکەکان، وردە وردە دەبوونە مرۆڤ و شەهید، تۆش ئەو ساتە بە چاو لە راموسان و ماچکردنی خۆلەکە و نیگا بڕینی ناو چاڵەکە خەریکی پرسیارکردن لە خۆت بووی..ئاخۆ ئەتووش جەستەی دوو براکەت دەبینیەوە یان نا... لەپڕ تیشکی گەڕانەوەی ئەو دیمەنە زیندووەت بە بەر چاوتا خشایەوە..

(کات سەرەتای پاییزێکی ناوەخت بوو... ئەو بەرەبەیانەی تازە گزنگی خۆر لەبەردەم هەڕەشەکانی کزەبای خەزان، گڕوگاڵی بە تیشکەکانی دەکرد و خۆی دەردەخست.. لەژێر بنمیچی خانووی ماڵەوەشتان، ئێوە خێزانێکی پڕ و خنجیلانە کە لە پێنج برا و خوشکێك و دایکێکی رەنگ لە خم خزاوی مێرد نەماو بوون، بە دەوری سفرەی نان و چا خواردنەوەی بەیانیتان، چوارمێخەتان لێکێشا بوو، بێئاگا و ئاگادار نەبوون لە هاتنی کارەساتێکی ناچاوەڕوانکراو کە بۆ تاهەتایە سفرە و کۆبوونەوەی بە کۆمەڵی خێزانی وەکو ئەو رۆژەی لێ تێکدان و جارێکی تریش دووبارە نەدەبووەوە...

دوای ئەوەی بۆ دووەمین جار کۆمەڵە سەربازێك هاتن و تۆش هەر جارێك بە شێوەیەك دەستخەڕۆت دەکردن و پێت رادەگەیاندن، کەوا ماڵەکەتان بەر لە ئەوان پشکێندراوە، ئەوانیش لەسەر متمانەی قسەکانت بە تەباشیرێکی دەستیان هێمای (زەڕب)ێکیان لەسەرەخۆ، لە سەر دیواری ماڵەوەتان دەکێشا و دەڕۆیشتن، بەڵام دواجار نە تۆ توانیت فێڵیان لێ بکەی و نە ئەوانیش باوەڕیان بە تۆ کرد، چونکە ئەو جارە ئەو گەلەگورگە هەر خۆیان نەبوون، بە یاوەری سەگێکی (خائین)ی خۆماڵی خۆفرۆش، گەڕابوونەوە و کە بەنهێنی و لە کۆڵانەکەی ئەودیو ماڵی (یاقوب سولە)، بە دزی کلکە قوتێیەکی دەکرد و ئەوانی ئاگادار دەکردەوە، بۆیە دیسان گەڕانەوە و جارێکی دیکەش لە پڕ تەقە لە دەرگا هەستایەوە، ئەو کاتەش ئێوە خەریکی نان خواردن بوون دوا پارووی نانتان رەق وتەق لە دەم وەستا، تۆش پیاڵە چاکەی دەستت، بە سەر دەستت رژاو تینی گەرماییەکەی بە پەنجەکانتەوە چزا...

کۆمەڵێ رەشتاڵەی پۆستال لەپێ، روویان گرژ و سرکە لێ باریو، نێوچەوان توند و تووش، دڵیان لێواولێو لە رق وقین، چەك بە دەستی ئامادە و سوار وەکو ئەوەی تازە لە سەنگەرە بەزیوەکانی شەڕگەی (ئێران) گەڕابووبنەوە، بۆ ئەوەی بە ناوی ئەو پەلامارەوە، کەفوکوڵی تۆڵەی شکستی خۆیان بە ئێمە

دابڕێژن بکەنەوە، سەربازەکان پەنجەیان بە شێوەیەکی ئەوتۆ لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکان ئالأند بوو ئەوەندەی نەمابوو جلەویان لە دەست دەرچێت و گوللەیەکی وێڵ بە رووماندا بتەقێتەوە، ئەوان وایان دەزانی ئێمە بەراستی پێشمەرگەین و لە سەر وەسفی (دائیرەی ئەمن) و بە گوێرەی ریزبەندیی لیستی ناوەکان (**عصاة**) و یاخی و پێشلکارێکی (خائین)بووین، نەك هاوولاتییەکی ئاسایی، جا بۆیە ماڵی ئاساییمان، لە بەردەم چاوی ئەوان بە مۆڵگەیەکی شەڕانگێزی و مەلاسدان و پلان دانانێکی لە یاسا دەرچوون دانرابوو...

کەوتنە ماشتنەوە و گەڕان و ناوپرسین و هەموو جوڵە و بزاوتنێکی ئاسایی ئێمەیان خستە پەلەقاژە و خاوکردنەوە.. دوای ئەوەی باری سروشتی هەموو شتێکی ئەو ماڵەیان تێکدا، تۆ و هەر سێ براکانت باڵبەست و چاو کلۆم کران و خرانە پشت و دواوەی شڕە (ئیڤا)یەکی (عەسکەر)ی ..)

لەگەڵ خرتە خرتی خاکەناس و بێڵەکان هاتیەوە ناو زێدی رووداوەکان، کە سەیری دەوروبەرت کرد هەر خەڵکە و لە بەزانی خۆلی سەر چاڵەکەدا بەردەوامن...

تازە وادەی دامان و چاوەڕێکردن تەواو (بە خۆشی بێت، یان بە ترشی) ناچارن خۆیان رازی بکەن و ناشکرێ دەستەوەستان

دامێنن، بۆیە خەڵکەکە خێراتر کفنی هەڵدەبڕی، بە پەلەتریش تابووتیان دەهێنا رۆخ گۆڕەکە، دەنگی شین و شەپۆڕکردن و ناڵە و پێوانیش خەو و خەیاڵ و خامۆشی ئەو گۆڕستانەی، دەهەژاند کە سەرەتا دەشێت گۆڕەستانیش نەبووبێت، بەڵکو لەوانەیە بێستانێکی بە پیت و خێروبێری جوتیارێکی زەحمەتکێشیش بووبێت، بەڵام (بەعس) بۆ ئەو مەرامە گلاوە زەوتی کردبێت، بە ئامانجی دابڕینی مەنفایەکی نهێنی بۆ چارەنووس و گۆڕ بزرکردن بەرانبەر ئەوانەی لە زیندانەکانیان هەر سوورن لە سەر بەرەنگاربوونەوە و بەرگریکردن لە بیروباوەڕەکانیان، یاخود کە تەرمی (پێشمەرگە)یەکیان لە شەڕی دەستەو وەستان دەکەوتە بەر دەست، لێرە لەو گۆڕەساتە نادیارە، لاپەڕەی تەمەن و مێژووی پڕ سەروەریان قوفڵ دەدا، بۆیە بە دزی و بە نهێنی شەوانە بەردەوام تەرمی جوانەمەرگێکیان دەهێنا و لێرەدا بە بێ مەراسیمێکی (ناشەرعی) ناشتن گۆڕبزریان دەکرد و بۆ تاهەتایە ناویان لە ژیان دەسڕیەوە، تەنیا لەبەرئەوەی (کورد)ەو، هەڕەشەیەکیش بووە بۆ سەر (ئەمنی قەومی) و نیشتمانی عەرەبی و(حزبی بەعس)...

لەواقیعشدا، ئەو شوێنە بەگۆڕستان کراوە، گۆڕەساتێکی جۆرەها تاوان و گوناهی ئاشکرا و شاراوەی رژێمی گۆڕبەگۆڕی (بەعس)بوو، هەر لە دەرئەنجامی ئەو کارە نەگریس و دزێوانەشیاندا بوو، ئەو رۆژەشمان هاتە بەرچاو کە گۆڕێکی بە کۆمەڵی هاوشێوەی وایان

بۆ خۆیان و مێژووە بۆگەنەکەیان هەڵکەند بۆ تاهەتا هەتایە بزر بوون، ئەوەش پەندێکی مێژوویيمان لەبەردەم دووبارە دەکاتەوەو پێمان دەڵێت : (هەموو شتێك لە باریکی دەپسێت، تەنیا زۆرداری لە ئەستووری).

خەڵکی ناو چاڵیش لەسەرەخۆتر و وردتر و هێواشتر گڵیان گڵ دەدا دەرەوە و خۆڵیشیان بەرەو لایەك بەبا دەکرد.. دوای خول خواردنەوەی چەند چرکەیەك، پەیکەرە ئێسکێکی دیکە، لاشەیەکی شڕووڕ بوو کە بریتی بوو لە کۆمەڵێك پەڕۆو جلی شیتاڵ کە بە کەللەسەرێکی رووتی لکاو و تێکشکاو، ئەمەش تەرم و مەرگ و نەمانی یەکێکی دیکەی بۆمان بانگەواز دەکرد...

دەنگێکی خەمناکی جەخار، بە دۆزینەوەی تەرمێکی دیکە، بێدەنگی ئەو ناوەی تەنییەوە، هاوار هەڵسا، کەچی کەسێك نەبوو بە هاواری هاوارەکە بێتە وەڵام، کەسێك خۆی بە خاوەنی نەکرد، تەرم دەرچوو بێ ئەوەی خێزانێك، کەسێك بیناسێت، چونکە نە پارچە قوماشێك، نە هێمایەك، نە نیشانەیەك هەیە مەلی گومانیان دەستەمۆ و ماڵی بکات، هەروا ئاساییش نەبوو بناسرێتەوە.. بە بێ ناو و ناسنامە و نەناس و بێ هیچ نیشانەیەك خرایە کفن وکرایە ناو تابوتێك و بەرەو جیهانی دەرەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەیان ئازاد کرا، بێ ئەوەی ناوی شەهیدێکیشی لە سەر بنوسرێ...

لە هەموو لاکان چاوە قەتیس بووەکان، سەرنجە سۆزاویەکان، لە تەماشا و گەڕانی جێماوە و بۆ ماوەیەکی بوون، بەڵکو بیناسنەوە، کەچی دیسان بێ ئەوەی یەکێك بلێت ئەوە کەسی منە، ڕۆڵەی منە، برای منە، باوکی منە.. لەبەرئەوەی تەرم لێرەدا، تەرمێکی ئاسایی نییە، هەر وردە ئێسك و شڕە جل و کۆنەپەڕۆیە... جلیش ئەو جلە نییە کە دواجار لە ماڵەکەیاندا بۆ دواجار ماڵئاوایی یەکجاری لە دەم پێنەکرا بوو...

تابووتە خاڵییەکان وردە وردە دەبوونە سندوقی ئێسك و پروسك، پەڕۆی ونجڕ ونجڕ و سیپاڵی دڕاو و پارچە پارچە بە بەردەوامیش، ئەوانەی بە مەرگی جوانەمەرگی خۆیان شاد ببوونەوە بە کوڵتر و بەگوڕتر شینیان دەکرد و بە سیما و تەمێکی ناشادومانانە لە نەخشە دانانی ڕێورەسمی گواستنەوە و لە نوێ ناشتنەوەیان دابوون، ئەو بەرەیەش وردە وردە لە زیاتربوون و کشان دابوون...

بەرەکەی دیکەش ئەوانەی تا ئێستا لە گەڕان و چاو گێڕان بوون، چاویان زیت و زەق، ئەبلەق و رەق، لە تەماشا و چاوەڕوانی بینین و دۆزینەوە و ناسینەوەی ناسنامەی تەرم و لاشەی شەهید و کەسوکاریان بوون کە دێرزەمانێك بوو لەژێر خۆڵە کەڵەکە بووەکەدا بە زۆرەملێ و بە خورتی لە ژیانیان کردن و بە زیندوویی و کوژراوی لەو گۆڕە بەکۆمەلە، ناو و ناسنامە و تەمەن و چارەنووسیان لە چرکەساتێکدا، سڕینەوە.....

پەنجەو دەستەکان، جار جار شەکەتیان دادەگرت، پەنجە و دەستی دیکە جێگەیان دەگرتنەوە، سەرە نێزەکانیش وردتر و هێواشتر چاڵیان قوڵتر دەکرد... گردۆڵکەیەك شکێنرا، خۆڵەکەی لادرا، لەپڕ شەقە سەرێکی شەق بوو کەوتە بەر چاو و بینایی..

(بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان، کەللەسەری مرۆڤ وا زانراوە کە خۆڕاگرترین و پتەوترین پەل و پارچە و ئەندامی لەشی بێت، بەڵام لێرەدا مەزەندەی ئەو بیردۆزە پوچەڵ دەبێتەوە، چونکە ئەوان بە مەرگێکی ئاسایی و لە بەردەم سیستمێکی کۆمەلاّیەتی و رژێمێکی ئاسایی نەمردوون، لێرەدا قەدەری مەرگی بە کۆمەڵ و ئیرادەی دیکتاتۆریەت، هەموو ئیرادە و بیردۆزێك شوون بزر دەکات، بۆیە کەللەسەرەکان هەر هەموویان شەق و شکاو بوون، چونکە سەری بەرزی ئەو جوانەمەرگە شەهیدانە نیشانەی سێرە و پێکانی گوللەی تفەنگی (بەعسیە) دڕەندەکان بووە، دواجار لە کاتی گوللەباران کردنیان، بەم سەرەئەنجامە ناخۆشە گەیشتن...)

بێڵەکان، پەنجەکان، سەرەنێزەکان بە پەلەپەل و خێراتر کەوتنە کۆڵین و کێلاّن و لادان و راماڵینی کەستەك و گرمت و تۆپەڵە خۆڵەکان... دیسان لەپڕ لاشەیەکی دیکە کە هەر ئێسك و جلی شڕووڕ بوو، لەگەڵ لاشەیەکی ئێسکاوی تر و شیتاڵ تر دەستلەملانێی یەکتر بوون....

یەکەم لاشە جلەکە، بەرگێکی خاکی تۆخ و تەڵخی سەربازی بوو کە زۆربەیان دەیانناسی، چونکە تاکە سەرباز بوو کە بە جلی رەسمی و سوپایی بێت، هاواریٚ هەڵساو ناوی هەڵدرا، ئەوکاتەش یەکێك لە ئەندامی خێزانەکەی خەریکی گەڕان بە دوای دوا سەر و سۆراغی راستی بوو، پەنجەکانی وەکو منداڵێکی برسی شەیدای دۆزینەوەی نانێك بێت بەناو گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی شێتانە دەگەڕان، لە پڕ شتێك لە دەستی گیربوو، بە پەلە لە ناو لەپی ناو دەریکێشا دەرەوە و تاوێك سەرنجی تێبڕی و ئنجا لەسەرەخۆ و بە زمانێکی خاو و پچڕ پچڕ هاتە قسە:

- ئاخ... ئەخۆن ئاتی وت، گوالەها ئاتی وت... برام جیهاد.. ئەوە ئەتوی.... گو مریەم.....ئەوەشسەعاتەکەتە...

(رەفاییل) براکەی خۆی باش ناسییەوە، کاتژمێرەکەش کە ئێستا، دەبێتە هۆیەك و براکەی پێیەوە دەناسرێتەوە، لە جەژنی لەدایك بوونی خۆی وەریگرت بوو... گریان قوڵپی داو دەستی لە ئەسکورتی وەرێنا، هاواری لێ هەستاند:

- ئاخ.. جیهاد.. جیهادی برام.. کو بەلاش.. غەدریان لێ کردی..

براکەی بە دەم لەرزە لەرزی هەنسکەدانەوە، وێنەی خاچێکی لە سەر سنگی کێشا و بە زمانی پڕ لە گریان و تەتەڵەی

(مەسیح)یەوە کەوتە شین و لاواندنەوە... کەسوکار و هاوەڵانی ئەویش، هەریەکە بە دەم وێنەی خاچ کێشانەوە، پەلاماریان هێنا و کەوتنە ورتەورت، ئنجا هەنسك و نرکە نرك پەیتا پەیتا ئەو ناوەی دەگرتەوە، کفنیش هەر هەمان کفنی سپی و خام بوو، تەرمە ئێسکدارەکەیان لە ناو پێچاو بەرە و ئەودیویان ئاوا کرد...

(شەهید جیهاد کە لە ژیان کرا، چەند رۆژێك بوو، تازە زاوا بوو، لە پێخەفی بوك وزاوایەتیش تازە خزا بوو، هێشتا تێر بە حەز و هەوەسی خۆی لەزەتی خۆشاوی شەوی پەردەی تام و بۆن نەکردبوو، دەمێکی زۆر دوور نەبوو، خۆی لە ناو فەزای هاوسەرێتی و رۆمانسییەتی جووتبوون و ئامێزی ئەوین و ئارەزووی ناو ماڵۆچکە شانە هەنگوینیەکەی دۆزیبووەوە...

ساتێکی سەرمەستی درێژ نەبوو، خۆی لەناو بەزمی پێکهەڵدان و سەفای ئەو زەمەنە زێڕینەی کە مەزە و ساقی شەڕاب بەشینەوە، بە پێکی سەرخۆشی ماچ و راگووشین قۆپچە ترازان و تێکەڵاوبوون لە یەك رۆح و جەستەدا مەیسەر دەبێت، چەند شەوێکی بە ئەنگوست ژماری (ژن و مێردایەتی)، رۆژ نەکردبووەوە کە فیشەکێکی نەگبەتی (فاشست) سەرە بەرزەکەی پێکا و هەموو لەزەت و زەمەنێکی لێ گۆڕی و (گۆڕی بە کۆمەڵ)ی ساردوسڕ، لەبری ئامێزی گەرمی (ژن)، ئامێزی لێ وەرێنا)

تابووت لە تەك تابووتەكان ڕێچكەیان گرت، بە بێ جیاوازی ئایینزاو باوەڕی ئاسمانی، (بەعس) زۆر شتی كرد كە ئەو دوو بەرەیە (دیان و ئیسلام)،(سەلیب و ئیمام) لە یەكتر جیا بكاتەوە، بەڵام لە دوو شت سەركەوتنی بە دەست نەهێنا، یەكیان لە بەرەنگار بوونەوە و خەباتی سیاسیاندا یەك و تەبا بوون، ئەوی دیكە لە ڕۆژی گوللەباران كردنی ئەو شەهیدانەش یەكبوون و لەیەكتر نەدەبوونەوە، چاوی ژن و پیاوی هەردوو بەرە، یەك جۆر فرمێسكی لێ دەهاتە خوارێ كە نە (ئایەتی قورئان) و نە (سورەتی ئنجیل)ی بە بیر بوو و یەكیشیان نەدەناسی و هەریەكەشیان بە دەنگی دیالێكتی خۆیان، نەفرەت و جوێنییان لۆ سەر و سیمای (بەعس) دەنارد، لە ژوورەوەی سەر تابووتەكەش، رەسمی خاچێكی سووری مرۆڤێكی لە خاچ دراویان، بە تۆخی لە سەر كێشا..

گەڕان لە ناو خۆڵ و خاشاكی گۆڕە بەكۆمەڵەكە، بە دوای دیتنەوەی كەسوكار بەردەوام بوو، لاشە ئێسكە هاوەڵەكەی شەهید (جیهاد)یش، وەكو شەهیدێكی دیكە دەركەوت... هەردوو بەرە تێكڕا و بە گەرمی پێشوازیان لێكرد، بەڵام ئەوەی گەرمتر و بەگوڕتر هەڵپەی ناسینەوەی دەكرد، بەرەی ئەوانە بوون كە بەردەوام لە خەریكی لە خاچ كێشان و نزاو هاواری بەجۆش بوون بۆ (مریەم )ی پاكیزە و (مەسیح) ی لەخاچدراو، چونكە

هەموو وا مەزەندەیان دەکرد، ئەو کەسە دەبێت شەهید (دکتۆر یوسف) بێت...

لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکەی ئەو ڕۆژە، خەڵك لە گومانی ئەوەدابوون کە هەردوو شەهید (دکتۆریوسف و جیهاد) لە کاتی گوللەباران کردنیان، بەیەکەوە لە تەك یەکیان دانابن، بەڵام ئەوان هێشتا شارەزای خەسڵەتی بۆگەنی (بەعس)نەببوون کە بە لە لای ئەوەوە، ئایین و مرۆڤایەتی هیچ پولێکی قەڵپی نەدەکرد، هەموو کەسێك لە بەرەی بەرەنگاربوونەوەیاندا، جیاوازیان نەبوو، یەك کەس و یەك بابەت بوون و دوژمنێکی سەرسەختی ئەوان بوون...

لە ئانوساتی تابووتسازکردنی تەرمی (دکتۆریوسف) بوون کە دواجار بە ڕەنگی جلی بەری بووە تەرمی (قادر حەسەن)، کەللە سەرێکی دیکە لەگەڵ وردە ئێسك گڵ کرانەوە، ئەمجارە بلوزێکی ئەستووری زستانی بووە نیشان بۆ ناسینەوە، تاوێك هەڵیانسوڕاندە سەریەك و تاوێکیش دەستیان لێ کوتا، بەڵام ئاسانیش نییە زاکیرەی چەند ساڵ لەمەوبەرت بگوشیت و بچیتە ئەو زەمەنەی لە زاکیرەدا کاڵ و ڕەش بۆتەوە، بۆ ئەوەی شتێك بەدی بکەی و بەو شتەی ئەوساش بیناسیتەوە، بە تایبەتی زاکیرەی ئێمەی (کورد) داتایاکی کۆڵە و میمۆرییەکەی پڕ لە نەهامەتی و نەگبەتییە، جەنجاڵییەکەی بازاڕێکی کەس بە کەس

نییه، وەکو دەڵێن (ئاساری لە سەر پاساری نەماوە) گەڕانەوەی حاڵەتە بەسەرچووەکانی زەمەنی ناخۆشیش وەکو خۆی ئاستەم و مەحاڵە، لەوانەیە بە تەنیا بوونەوەری (دایك) بتوانێت بەو ئەرکە هەستێت، چونکە (دایك) منداڵەکانی هەر بەبۆن دەناسێتەوە، ئەگەرئێسکیش بێت، هەر دەیانناسێتەوە...

لەو چاوخشاندنانەی بلوزەکەش، شتێکی ئەوتۆ بەدی نەکرا، دایکیش ئەو جارە حزوورێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە هەر یەکێك لە جێی ئەو (دایك)ە بێت، بێگومان وا سەری لێدەشێوێت و دار و پەردووی زاکیرەکەی لە بن و بۆتەك رەگەوە دەردەچێت، گەورەکردنی رووەك و نەمامێکی ئاسایی کات و ساتییێکی نائاسایی گەرەکە، چەند سەختە و مایەی بێزاری و ناخۆشییە یەکێك بێت، لەخۆڕا نەمامەکەت لێ بپلیشێنێتەوە، لەبیرچوونەوەی ئەو رەنجە خۆی لە خۆیدا کارێکی ئاسان نییە، نەخاسمە منداڵ و رۆڵەیەکی خۆی بێت...

ئەو دایکەش سەرلەبەر شەوو رۆژی تەمەنی بە گەورەکردن و شەونخوونی ئەو چوار کوڕانەی بەسەر بردووە و لە یەك چرکەساتی شوومدا، ژیانی لێ بە دۆزەخ دەکرێت، تەمەنی لێ رادەگیرێت، خەون و خەیاڵی بەبا دەکرێ، خەرمانی رەنج و شەکەتی ژیانی گڕ تێبەردەدرێ، بێچووەکانی لەبن باڵەکانی دەدزرێن و هەڵدەگیرێن

و ئێستاش، هەروا ئاسان نییە بە دوای ئێسکەکانیان بگەڕێیت و بیانناسێتەوە..

کۆئەندامی بۆن و هەستی زاکیرەش، لە بەرانبەر ئەو حاڵەتە ڕاستگۆیانەدا ناتوانن ئاوەژووی ڕاستییەکان بکەنەوە، هاوکات دەستخەڕۆی دەست قەدەرێکی ناڕاستگۆش نەبنەوە، بەڵام دیارە کە دایکیش بەو ئەرك و ڕۆڵە هەڵنەستێت، ژنێکی دیکە دێت و جێگەی دەگرێتەوە، دوای ئەوەی هەموو چاوەکان ئەبڵەق و واقوڕماو لە چاوەڕێی دەنگێك بوون کە بزانن ئەو پەیکەرە پارچە پارچەی ئەو جارە کێیە و کێیە ئەو کەسەش ببێتە خودان و خاوەنی، بە دەنگی ئەو ژنەی پارچە شڕواڵێکی خەتتداری بە دەستەوە بوو کە بە دەم پیاسە و گەڕان بەناو کۆڵانەکانی بیرەوەری و ڕابردووی ژن و مێردایەتییەوە خەریك بوو مێشکیشی دەگوشی، دەیەویست نیشانەیەك بپێکێت، دوای تاوێك سەرنجدان و بێدەنگییەکی سامناك، ناوێك لە ناو ڕستە دەرچووەکەی نێوان لێوە وشك هەڵاتووەکانی هەست پێکرا:

- چاوم کوێرە بی خۆ مەجیدە، ڕەبی کوێرە بم مەجید ... چەند بێکەس و کارت کردم.....

- مەجید، برا گچکەکەی ئەو چوار برایە بوون، هەر چوار برایەکان لە یەك کاتدا گوللەباران دەکرێن، تێکڕا سەرجەم

ژنەکانی ئەو پیاوانەش لە یەك کاتدا بە بێوەژن دەبن و هاوکات لە هەمان دەمیشدا، نزیکەی بیست منداڵی چاوگەش، هەتیو و بێ باوك و بێ سەرپەرشت دەکەونە گۆڕەپانی بێ ئامانی ژیان، ئەو چوار برایەی رۆڵەی ئەو باوك و دایکە بەهێز و کۆڵنەدەرەن کە ئێستا بێ رۆڵە و بێ کوڕ لە بیرو بڕیاری گەورەکردنی کوڕ و کچەکانی کوڕیانن...

- لێرەدا لەو چاڵە ناکەسبەچەو جیهانە خامۆش پڕ سامەدا، گێتیەکی کڕ و کپی ونی بێ ململانێ و گێرمە و کێشەی ژیان، تاڕادەیەك یەکسانی لە شێوە و جۆردا هەیە، باس لە جیاوازی بیر و ئایین و فتوای مەلاو قەشە و نوێژی کلێسا و نوێژی مزگەوت نییە...

- هاوکات لێرە لەو ئاقارە دڵرەقەدا باوك لە تەك کوڕەکەی نانێژرێت و ناچنە ئامێزی یەکتر، برا لەگەڵ برا نەك هەر کیسە، بەڵکو هەموو شتێکیان لێك جیایە، ئەوە لە دوورەوە باوك و دایکێکی پیری بەلەنگاز، پرزە و بڕشت لێبڕاو، پشت کۆم، بە دەوری گۆڕەکان دێن و دەچن و بە هەنگاوی شل و لەنگ جەستەی شەکەتیان بە دوای خۆیاندا دەخشێنن، بۆ دەستکەوتنی دوا هەواڵێکی ناخۆشی چارەنووسی سێ کوڕەکانی دیکەیان (قادر و خالق و وسوو)، وەکو چەرخوفەلەك دەخولانەوە جارێك خاوو جارێکیش، بە تەکانێکی خێرا بەرەو تەرمێکی تازە رایان دەکرد....

هەر تەرمێك بۆ ئەوان خەمێکە و هەر خەمێکیش چیرۆکێکی درێژی سەرلەبەری تەمەنێکی ئەو کوڕانەیە کە تەمەنێکی درێژی پڕ لە چەرمەسەریان بۆ گەورەکردنی ئەوان تەرخان کردبوو، ئاسان نییە چوار کۆمەڵە ئێسکی تێکەڵ و پێکەڵ سەرلەنوێ لە خەیاڵیان بیکەنەوە جەستەو تەرم لە کفنێکی خامی سپیان بپێچن و بۆ تاهەتایەش لە زاکیرەیان رەش بکەنەوە، خۆ ئەوان شتێکی هەروا کەم نەبوون بۆ ئەو دایك و باوکە، گۆچانێکی دار بەڕوو بوون بۆ ئەوەی پشتیان نەنووشتێتەوە و وچانێکی سانەوەی شەکەتیان، لە دواچرکەکانی تەمەن پێ بدەنەوە، ئێستاش هەموویان لە چرکەیەکدا فوویان لێ دەکرێ ودەخرێنە تابووتێکی رەقوتەق....

چوار ساڵ... هەر ساڵێك چەند مانگ و هەفتە و رۆژ و کاتژمێر و چرکە و دیرۆکێکی دوور و درێژە... ئەوانە رۆژێك لە رۆژان لە دامێنی خێزانەکەیان خەریکی ژیانێکی ئاسایی بوون، بەڵام دەستی نەگریسی (بەعس) یەکەیەکیان دزی و نغرۆی قورگی زیندانی کردن... خێزانەکانیشیان شەوانە لە ژوانی خەونێکدا، ئێشکگر و رۆژانەش لە خەڵوەتی رێکەوت و دەرفەتێك، مۆمی ئومێدێکی گەشیان بۆ خۆیان دادەگیرساند...

ئەوان هەمیشە لە چنینی تەونی ئەندێشە و (وەهم)ێك بوون ببێتە (حەقیقەت)، بەڵام ئەمرۆکە ئەو وەهمانە وەکو جۆرێکی

کون، هەموو مەزەندە و بیرۆکە و قسەکان لە راستی خاڵی دەکاتەوە و زەمەنی خۆهەڵخەڵەتاندن و فێڵ لەخۆکردن تەواو دەبێت، هیواکانیش بە دۆرییێکی گەورۆنە دەمیان کلۆم دەدرێ، چیتر بوار بۆ ئاسۆی چاوەڕێکردن نامێنێتەوە، ئیتر نابێت گوێ بۆ تەقەی دەرگای گەڕانەوەیان هەڵخەن، چاویان لە چاوەڕێی خالێکی بەیەکگەیشتنەوە هەڵکەن...

لەبری چەندین لەش و لاری لەند، شۆخ و شەنگ، چاوی کاڵ و بەژن و باڵای شاتانی، پەیکەری (حوسن وجەمال)ی سوور و سپی و گۆشتن و پڕخوێن، کۆمەڵێك کۆتەڵی ئێسك و پروسك، تۆپەڵە پەڕۆ و پارچە پێڵاو و لاستیك، دەبنەوە پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤێك و تەرمێك و کفنێك و تابووتێك...

دوای چوار ساڵ بە نامرادی سەر هەڵگرتن و بێ ئەدرێس و گۆڕغەریب بوون و(غوربەت)ی دوور لە زێدی لەدایکبوون، بەرەو ئامێزی چیای کەڵە (سەفین) دەگەڕێنەوە و سەرلەنوێ دەبنەوە بە زاوای ئەو شەوە درێژانەی، بووك لە چاوەڕوانیاندا، بە سەرخەوێکی ناوەخت تاوێك تامی لەزەتی تێکئالانی لەبیردەچێتەوە...

پێشمەرگەیەکی مێردمنداڵ بە جامی ئاوی دەستی تینوێتی بەر گەرمای دەشتی کاکی بە کاکی گەرمەسێری (هەولێر)ی ئەو خەڵکەی دەشکاند، تۆش لەگەڵ دیتنی بریسکەی ئەو تنۆکە ئاوە رێچکە بەستووانەی بە سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکە لەسەما

و داچۆڕاوانیان دابوون، شریتی فلیمی دیمەنێکی دوێنێ و چەند ساڵێك لەمەوبەری (زاکیرەت) لە دەستلەملانێی بیرکردنەوەت بوون و کەوتنەکار...

(بێهێز و لات، کز و لەش داهێزراو، پێست رەش و شینی پڕ برین و زامی کۆن و نوێ، سەر و پرچ تێکهەڵڕوژاو و داوداو، بەبێ هەست وخوست، لە پەنای دیوارەکە راکشابووی، ئەو ساتە بوو کە (جەللادە) دڕەندەکانی (ئەمن)، دەست و زمانیان لە کێبڵ وەشاندن و پرسیار پرسیندا لە گۆ کەوت بوون و شەکەتی و بێهودەییان داگرتبوو... تۆش هەوڵت دەدا تەوژمێك بدەیە حاڵەتی ئەو بارە شەختاویەت، تەکانێکت داو بەزۆر توانیت خۆت راستبکەیتەوە، یەکەم شت کە ویستت بیکەی لادانی ئەو پارچە پەڕۆیەی سەر چاوت بوو کە رۆژێکی تەواو بوو، بەر بینایی چاوەکانی لێگرت بوون...

کە سەرنجی دەوروبەرتدا، ژوورێکی مات، تاریك، تۆقێنەر، جگە لەو پەنجەرە بچکۆلانەی بە بنمیچی سەرەوە نوسابوو، خۆر بە ئاستەم دەیتوانی هەناسەی لێ بدات، هەموو شەبەنگێکی رۆژ و ژیانی لێ راو و قەدەغە دەکرا، لە هەر چوار لاوە کۆمەڵێك کێبڵی رەش، ئەستوور و باریك، کۆمەڵێك جلی دڕاو و پارچە قوماش، تاکە سۆل و پێلاو و لینگە کلاش، پەڵە خوێنی تەڕ

و وشك، بە گۆشە و لاكانی ئەو ژوورە دەبینران، لە چەشنی ئەو دۆزەخانەی لە فلیمە ترسناكاكان دەبینرێن وا بوون...

لەپڕ نوزە و نركەی دەنگێكی نوساو بەندی دەروونیان پچڕاندی كە چاوت گێڕا براكانت هەریەكەیان بە جۆرێك لێی كەوتوون نركەكەی (سەفین)ی برا گەورەكەت كە بە سەر دەم كەوت بوو جارێكی دیكە هاتەوە بەر گوێت كە باشتریش دیقەتت بۆ نركەكە هەڵخست وشەی ئاوت هاتە بەر گوێ...

-(ئاو... ئاو)

(شێروان)یش ئەوكاتە شەكەت و هیلاك، ئەژنۆكانی لەئامێز گرتبو و پشتی بە دیوارەكەوە نابوو، (نەریمان)یش لە سەر لاتەنیشتێكی لە سەر كاشیە رەق و ساردەكە راكشا بوو، بە پەلە چاوەكانت بۆ قومە ئاوێك گێڕا هەیكەلی دەست شۆرەكەت لە بەردەم چەقی، هەرچەند هەوڵت داو تەكانت دا، نەتتوانی جەستە شڕوورو جام گرتووەكەت هەڵبگری و تێنوێتی براكەت بشكێنی، دەنگی براكانت داو بانگت كردن تەنیا (شێروان) هاتە قسە، ئەویش باش بوو پرزە و هێزێكی ئەوهای تێدا ما بوو كە تاوی دا خۆی و بە گاگۆڵە و گەوزین و زگەخشكێ و خۆڕاكێشان، تا دواجار گەیشتە دەست شۆرەكە، ئینجا ئەژنۆكانی كردە گۆپاڵێك و چەشنی گاڵۆكەكەی داپیرە، پێیانەوە جەستەی خۆی هەڵگرت و

راستکردەوە، گەیشتە ئاوەکە، بەڵام بە چی شێرەی حەنەفییەکە خاو بکاتەوە و بە چی دەتوانێت ئاو بهێنێت، ئەگەر لە دواوە هەردوو دەستەکانی قۆڵبەست کرا بن، پاش تاوێك، هەڵپەیەکی کرد و دەمی خستە سەر شێرەکە بە ددان کەوتە شل کردنەوەی ... تنۆکە ئاوەکان تك تك دەنگیان بیستڕا و کەوتنە بریسکانەوە و بە ژووڕە تاریکەکە بڵاوبوونەوە، بزەیەکی پڕ ئازار نیشتە سەر لێوەکانت، لێوی ئاڵاندە لێوی بۆڕیەکە و گووپی لە ئاوەکە پڕ کرد و بە پەلە خۆی گەیاندە (سەفین)، دوا تەکانی ئەوە بوو، لێکدانی دەمیان بوو کە یەك ئاوی دەدا ئەوی دیکە...

لێرەدا، لەو کونجە هیواکوژەی پڕ ململانێی هەست و بیر و ورەدا، گچکە و گەورە جیاوازیان لە نێواندا نییە، ئەو رۆڵە ئاساییەشی نییە کە لەودیو جیهانی دەرەوە هەیبوو، گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی هێزی لەش و ماسولکە نییە، زۆرانبازی ورە و بیر و باوەڕ و برستی تایبەتی ئەو کەسەیە کە لەپێناو مانەوەی خۆی بە سەلامەتی و نەبەزانە و سەربەرزانە، خۆی راگرێت و هەوڵ بدات بمێنێتەوە و نەڕوخێت...

لەگەڵ ئەو دەستەی سەر شانت راچڵەکای کە ئاوڕت دایەوە هاوەڵێکت بوو، بە نیگایەکی کڵۆڵاوی پڕ بەزەییانە پاڵپشتی و هاوخەمی خۆی نیشان دەدای...

پەیکەرە ئێسکەکان... پەیتا پەیتا ئەمڕۆکە دەبوونە تەرم و تابووت و مرۆڤ و شەهید... لەگەڵ یەکدیشدا وردە وردە دەبوونە برا و باب و کوڕ و رۆڵەی یەکتر، لە چەند لاوە، دەنگ بە شێوەی جیاواز دەبیسترا..

- (ئەوە... یاخەی کراسی...(شێروان)ە.... )

دەنگەکان، دەبوونە ناڵە و ناڵەکانیش دەبوونە هاوار و ئینجا هاواری مام (حەمید)ی باوکیان هەڵدەدا... لەلایەکی دیکە دەنگی خەمناکی دیکە، دڕیان بە بێ دەنگیەکە دەدڕی :

- ئەوە.. خۆ.. هەوە.. کورتەکی بابمە..

- (مام حەسەن) ی زەخۆکانیش بە کورتەکێکیەوە ناسرایەوە، کفنیان هێنا و تابووتیان هێنا پێشەوە، لەودیویش قیژەیەکی تیژی ئافرەتێك هەموو جوڵەیەکی راگرت...

(ئەوە جلی بابمە... جلی مام (حەسەن) نییە.. مام (مستەفا) یە... مستەفا..)

قیژەی گریانەکە بووە هۆڕەی گریان ونەما...خەڵکیش دووبارە لە نوێ کەوتنە سەودا و گەڕان و پشکنین ... لەو کاتەش لە چاڵەکەدا بانگەوازێکی دیکە هەوراز دەهات...

(وەرن بزانن ئەو تەرمە.... هی کامە شەهیدە ...)

کەسێك نەبووە خاوەنی.. پاش کەمێك دواجار بە ریزە ددانە تاقمدارەکەی زانرا کە کابرایەکی بەساڵاچووە کە لاشەکەیان لە ناو گۆڕەکە دەرهێنا دەرەوە، ئەو دوو گەنجەی لە نزیك گۆڕەکە بوون، یەکێکیان بە دەست کەوتە گەڕان تا لە پڕ بە زارو ئاخاوتنێکی لەرزۆك وتەتەڵەوە وتی:

ئەوە بابمانە.... لۆ نیشانیش شەویلاگی سەرەوەی پێکەوە.. لەحیم کراون...

کە لێی ورد بوونەوە، راست بوو، قسەکەیان بوو، ئێسك بوو بە تەرم و بە کۆمەڵ هەڵیانگرت و دەریان کرد... قیژەی ئافرەتەکە جارێکی دیکە بێدەنگی ئەو ناوەی شکاند:

- ئەی هاوار... هەردوو چاوم کۆرە بن... بریا ئەوهام نەدیتبای.. بابۆ... خوایە ئەو زوڵمە قبول نەکەی.. بابۆۆۆۆۆۆ

تابووتێکیان هێنا و ئێسکەکانی تەرمەکەیان خستە ناو و لەسەریشیان نووسی شەهید (مستەفا بەربەر)... لە دواییشدا تەرمێکی مێردمنداڵانە لە ئامێزی شەهید دکتۆر(یوسف)دا دۆزرایەوە، ئەویش شەهید (گەیلان)ی کوڕی مام (مستەفا بەربەر) بوو، بە قەمسەلە موشەماکەی و پانتۆڵە قوماشەکەی ناسرایەوە.....

لە ناوەڕاستی حەشامەتی تەرم و تابووتە پڕەکان، فریشتە کچێکی شۆخ و شەنگ، ناسك وورد، بە کراسە گوڵنازە تاریکەکەی، وەکو ئەوەی شاپەرییەکی رۆحدار بێت و لەودیو دونیا هاتبێت، بە هەنگاوی ورد و ناسك لە نێوان تابووتەکان دەهات و دەچوو، چاوە رەشە ئەستێرەییەکانیشی یەکبینە لە راموسانی ناو و نووسینەکانی سەر تابووتەکان بوو، دیاربوو لە فەرهەنگی رابردووی تەمەنی ئەودا خەمێك هەبوو، ئەمڕۆ دەبوو بە واقیع، لەپڕ سیمای پڕ تاسەی هاتەوە یەك و رەنگی گۆڕا، جووڵەی شل و سەرتاپای شڵەژا، هەناسەیەکی تەزیو بە گەروویدا هەوراز چوو، تاوێك راما و خەیاڵی بیرەوەرییەکی شیرنیش تاوێکی کەم لەو گۆڕەساتە دووریکردەوە، دواجار لەگەڵ رژانی چەند تنۆکە فرمێسکێك لە چاوەکانی، راچەنی و گۆنا سوور و سپییە تۆزاوییەکان جۆگەلەیان گرت...

دوا تەکان... خێرا دەستوبرد بە دەستی راستی ئەڵقە پەنجەکەی دەستی چەپی بە زۆر دەرهێناو تاوی دا تابووتەکە و کفنەکەی لادا و گریان شەپۆلی بۆ هێنا، لە پڕمەی قیژەیەکی داو بە پەلە ئەڵقەکەی ناو لەپی دانا تەکی و بێ ورتە و ئاوڕدانەوە کەوتە هەنگاو و راکردن و لەبەرچاوان ون بوو...

خۆر وردە وردە دەیەویست بخزێتەوە جێ ئارامگەی خۆی،

دەنگی تەقەتەقی پاچ و بێڵیش لە دوورەوە و لە زۆر لاوە، دەبیستران، شەرحی خەمی ئەو خەڵکە و حەشامەتی ئەو مەرگەساتەیان رادەگەیاند، زۆربەی ئەوانەی تا دوێنێ کەسێکیان لێ ون ببوو، ئەمڕۆکە بە هەلیان زانی و روویان لە هەڵدانەوەی ئەو گۆڕستانە کردبوو، لە لاپەڕگەیەکی ئەو گۆڕستانەش، پیرەژنیکی بەساڵاچوو، لەگەڵ چەند کوڕوکاڵێکی خۆی، هێور هێور دەمی چاڵەکانیان بە پاچ و قازمەی دەستیان دادەپچڕی و بە بێلیش خۆڵەکەیان فڕێ دەدایە دەرەوە.... پیرەژنەکەش بە مست و نینۆك و چڕنوك، کەوتبووە وێزەی چاڵ و شەڕێکی دژوار لەگەڵ خۆڵەکە دەکرد، بەبێ ئەوەی تاوێك بۆ پشوویەکی خۆی دەست هەڵگرێت، لەتاو خەمی دیتنەوەی تەرمی ئێسکینی کوڕەکەی هیچ شتێکی دیکەی لەبیر نەما بوو، کەچی بێ ئەوەی هیچ سۆراغێکی رۆڵەکەی بکات، دوای کردنەوەی چاڵی هەشتا گۆڕ و واڵاکردنەوەی مەرگەساتی هەشتا بوخچەی خەم و ئەشك و کارەساتی دڵتەزێن...

ئەو رۆڵەی چەندین ساڵ بوو لە دووتوێی دەفتەری یادەوەرییەکانیدا بوونی هەبوو، کەچی لە واقیعدا دەمێك بوو ون وگۆڕغەریب کرابوو، ئەویش رۆژێك لە رۆژان پارتیزانێکی پێشمەرگەی کۆڵنەدەر بوو، لە هەڵمەتی (بەعس)ی قڕان وخەبات

لۆ ئازادیدا، رۆڵەیەکی نەبەز بوو، بە داخەوە شەوێك دەکەوێتە کەمینی دوژمن، دوای ماوەیەك بەرگری شەهید دەبێت و تەرمەکەشی دەکەوێتە دەست دووژمن....

ئەو رۆژە.. کێڵەکان، لە هەموو لایەك قیت قیت دەهاتنە بەرچاو، بەڵام هەندێکیان وەکو داهۆڵ و بوکی ناو شیناویان وابوون، لەتە کراسێك، پارچە جەمادانییەك، تیزماڵە رانکێك، باسکی کراسێ کەوییەك، یاخەیەك، دۆخینێك، پشتێنێك، چارۆگێك بەسەریاندا شۆڕ کرابوونەوە، لەبەرئەوەی هەر کەسێك پاش گۆڕ هەڵدانەوە و گەڕان بەدوای کەسەکەی خۆی، ئەگەر تەرمی کەسەکەی نەیدۆزیبایەوە، پاشماوەی ناو گۆڕەکەیان وەکو نیشانە و ئاگادارییەك بە قەدی کێلەکان هەڵدەواسی، بۆ ئەوەی خاوەنەکانیان کاری گەڕانیان بۆ ئاسانتر ببێتەوە...

بۆیە... ئەو رۆژە چاڵەکان وەکو هەڕاجخانەیەکی جلوبەرگ دەهاتنە بەرچاو، بەڵام هەڕاجێك کە گێڕانەوەی هەزارەها چیرۆك و کارەسات و مەینەتی و مەرگەساتی ئەو خەڵکە دلێر و سەربەرزە بوون کە لەبەرئەوەی (کورد) بوون بەو شێوەیە (بەعس) تەرم وگۆڕیانی بزر کرد بوو...

وردەواڵە و پاشماوەی جلەکانی سەر کێلەکان، وەکو ئالا و پاشماوەی کارەساتی دوای شەڕێکی خوێناوی لەسەر مۆڵگەی

شەڕگەکان دەهاتنە بەرچاو و لەبەردەم کزە خەزانەکەی پاییزی ئەو ساڵە، باوەشێنیان بە خەمی ئەو کەسوکارە دەکرد کە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی کەسەکانیان کەوتبوونە وێزەی گەڕان، زۆر کەسیش ڕۆژانە دووبارە بێ ئۆقرە و بێوچان جارێکی دیکە دەهاتنەوە و دەکەوتنە پێچانەوەی توولەڕێیەکانی نێوان گۆڕەکان، بەڵکو سۆراغێکی تەرمی کەسەکەیان دەستکەوێت، بۆیە ئەو ڕۆژانە گۆڕستانەکە سەرتاپای نغرۆی تەقە تەقی چاڵ و قۆرت لێدانی ئەوانە بوو کە هێشتا لە گەڕان وهەڵدانەوە نەگەیشتبوونە دەرەئەنجامێك، هەروەها لە لایەکی دیکە نرکە و ناڵە و شینی ئەوانەی دەبوونەوە خاوەنی کەسەکانیان ئاپۆرەی مەینەتییەکی تازەیان بانگەشە دەکرد..

لە سوچێکی ئەو ناوەدا لاوێکی کەڵەگەتی خوێن گەرمی، ڕەنگ ئەسمەر، بە تەوژم و هەنگاو گورج و بە پەلە بێ ئەوەی تخووبی گۆڕێك لەگەڵ گۆڕێکی دیکە ببەزێنێت زۆر پەرۆشی ئەوەی پێوە دیاربوو، بیەوێت خێرا دەستلەملانی برا گەورەکەی ببێتەوە، بەڵام برا جگە لە تەرمی ئێسکێك شتێکی تری زیندوو نەبوو...

کە چاوت بە بینینی ئەو ئاشنایە، ئاشنا بوو، یەکاویەك کەسێتی و بیروباوەڕە پۆڵایینەکەی براکەی ئەگوت وەکو درامایەکی سینەمایی لەبەردەم خەیاڵتدا خولایەوە:

(گەنجێکی بوێری چاو نەترس، بالاّ مام ناوەندی، تۆزێك ئەسمەر و نەختێکیش سپی رەنگ، رێبوارێکی سەرسەخت و دەروێشێکی تەریقەتی(کۆمەڵە)بوو، لە پێناو ئازادی گەلەگەی پەنای بۆ رێباز و رێکخستنێك برد کە (دەیەویست لە ژیانیدا هەرگیز، نەسرەوێت تا سەرکەوتن)ێك بۆ نیشتمانەکەی مسۆگەر نەکات ....

دڵی ئارامگایەکی بە ئەمەك و بەوەفای پڕسۆز و ئەوینێکی بێگەرد بوو بۆ هاوڕێ و دۆستەکانی، برینی جەستەی زامی کۆمەڵەکەی بوو، شاسوارێکی جەربەزە و هەمیشە بە دوای سروەی هیوایەکی گەش تاوی هەنگاوەکانی دەدا، ئەمڕۆی نەبەزیوی لە لا بەهادارتر بوو لە بەیانییەکی پڕ لە شەرمەزاری و نەگبەتی و سەرکزی، هەمیشە بە پەیامی (کەم بژی و کەڵ بژی)بەردەوام بوون و بەرخۆدانی خۆی رادەگەیاند، زۆرجار ئەو پەیڤانەی دووبارە دەبوونەوە:

(پێویستە شتێك بکەین و لەبیر نەکرێین... ژیان بەبێ ماندیبوون و قوربانیدان شتێکی بێمانایە.... یەکێك ئەرك و بەرنامەی گۆڕانی کۆمەڵگا و رژێمێکی لە ئەستۆ گرتبێت، ئەبێ ئامادەش بێت قوربانی و هیلاکی لۆ بدا، بەلاّم قەت نابێ ماندوو بین...)

لەبەردەم سۆزی هاوەڵ و دووری لە هاوڕێیەکانیشی دلێرانە دەیگووت:

(ئەمن... لۆ خۆم بشارمەوە... خۆ من هیچ تاوانێکم نەکردووە... پیاوکوژ نیم... دز نیم... بێ ئەخلاق نیم... ئەوان تاوانبارن.. پیاوکوژن... نابێ ئەوها بژیم... نا چیتر خۆم .. ناشارمەوە... ئازادییەکی بێترسم ئەوێت... ئەمن لێیان ناترسێم.. ئەوان ترسنۆکن.. با ئەوە باش بزانن.. چیتر نابێ دوور بم لە هاوڕێیەکانم.. ئەمن ئەڕۆم و چ ئەبێ با ببێ من بۆیە خەباتم هەڵبژارد کە ئازادانە لە تەك هاوڕێیەکانم بەرگری لە ئازادی بکەم ...)

ئەو دیمەنە بیرەوەرییەکی زیندووە، هەرگیز لەیاد ناکرێت و بە نەمری دەمێنێتەوە و بیرناچێتەوە، هەر ئەوجارە بوو ڕێگای کاروانی چارەنووس نادیاری هەڵبژارد و بە پێی خۆی چووە زیندان ... (ئەمن)ەکان ئەو جارە توندتر ئەشکەنجەیان دەدا کۆنە قینی جاری پێشووشیان لێ نوێکردەوە، بۆیە دوای ئەوەی گەیشتنە ئەوەی، ناتوانن هیچ کەڵکێکی لێ ببینن، هەر لە ئانوساتی لێکۆڵینەوەدا، بە فیشەکێکی زەرد دڵە گەرم وگوڕەکەیان لە لێدان ساردکردەوە...)

لەگەڵ هاتووچۆ و چرپەی هاموشۆکەرانی سەر گۆڕەکان کە هێشتا بە حەشری چاڵ هەڵدانەوە خەریك بوون، هاتیتەوە واقیعی خۆت کە تەماشات کرد، براکەی ئەو کۆڵنەدەرە هەر لە گەڕانی خۆی بەردەوامە، لە لاپەڕگەیەکی نزیك چاڵی گۆڕە بە کۆمەڵەکەی

شەهیدەکان، لەپڕ هەڵوەستەیەکی کردو پارچە قوماشێکی سەر کێلێك سەرنجی پێ بڕی و هەنگاوەکانی لە ڕۆیشتندا ڕاوەستا، کە دیقەتی داو لێی ورد بووەوە، یەخەو لاسنگی کراسێکی پیاوان بوو، ئەو کراسەی چەندین جار بە بەر کەمەر و بەژنی براکەی بینی بوو، کە نیگاکەی چڕتر کردەوە، قۆپچەکەی دیت، ئیتر قرچە لە بەندی دەروونی هەستا، چاوە پڕ تۆزاوییەکانی ئاویان تێزا و دیمەنێکی زۆر دووریان هێنایەوە بەرچاو ...

(ئەو ڕۆژەی کە ئێوارە بوو خۆر تازە لە پاشەکشەی ئاوابوونی خۆیدا بوو، ئەویش بە کۆڵێك هیوا و ئاسۆیەکی بەرەبەیانی خۆشی و دڵخۆشییەوە بەرەو ماڵ دەهاتەوە، هەر لە دوورەوە بە دەنگێکی زڕ پێتانی ڕاگەیاند:

- وەرگیرام.... وەرگیرام.... لە(جامعە)ەی (موسڵ)وە.. وەرگیرام...

بە بزە و خەندەی ئەوەوە، دەروونتان فێنك بووەوە، بەختەوەر بوون کە دانیشت و سەر بووردەکەی خۆی بۆ گێڕانەوە، ئێوە لەگەڵ دایك وباوکتان، هەر هەمووتان گیانتان ببووە گوێچکە و زۆر بە هێمنی باسی ئەو ڕۆژەی بۆ دەکردن، لەپڕ کیسە (عەلاگە) نایلۆنەکەی بن هەنگلی دەرهێناو بە پەلە هەڵیپچڕی، کراسەکە دەرکەوت، یەکاویەك کراسەکەی کردە بەری، پڕ بە لەشی بوو،

زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام هەرچەند تەماشای یەخەکەی دەکرد دڵی دەگیرا و میزاجی تێك دەچوو، چونکە مۆدیلی یەخەکە بە دڵی خۆی نەبوو، تۆ پێشنیارت کرد، ئەگەر قۆپچەیەك لە خوار یەخەکە بدرێ، ئەو کات رێکتر دێتە بەرچاو و شێوەکەی دەگۆڕێت، هەر ئەو قۆپچەیەش بووە هۆی زیاتر، کراسەکە بەر دڵی بگرێت...)

لەسەر چاڵەکە هاتەوە خۆی، یاخە و لاسنگی کراسەکەی توند بە خۆیەوە گرت، لە سەر گۆڕی براکەی لەرزێکی گرت، پارچە قوماشە رزیوەکەی توندتر بە سنگییەوە نوساند و پڕبەدەم هاواری کرد:

- محەمەد... محەمەد... براگیان... کەسە شیرینەکەم.. چما ئەتووش لێرە بووی...

بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، بە پەلە خۆی گەیاندە لای دایك و مام (قادر)ی باوکی کە ئەوانیش لە لایەکی دیکە خەریکی گەڕان بوون بە دوای کوڕەکەیان (محەمەد).. دەستیان کرد بە گۆڕ هەڵکۆڵین، تا گەیشتنە لاشەکە، پانتۆڵێکی رەنگ خۆڵەمێشی و کراسێکی سپی دەرکەوتن، ئەو بەرگەی کە دواجار بە جلی رەسمی (زانکۆ)وە گیرا، ئیتر خامۆشی دەوری نەماو ناڵە و گریان و رۆڕۆی پیاو و ژنەکان بە شێوەیەك تێکەڵاوی یەکتر ببوون، لێکدەرکردنی دەنگی رەگەزە نێر و مێیەکان لە یەکتر، شتێکی ئاسان نەبوو...

کات .. هێدی هێدی دادەچۆڕا... شوێنیش هەر هەمان شوێن بوو، لە هەوڵی دەرهێنانی لاشەیەکی دیکەدا بوون، دەنگ بەرەو سەرەوەی قۆرتەکە هەڵکشا، ناوی مام (مستێ) بیسترا کە بە کورتەکە شڕەکەی ناسرایەوە، لەگەڵ بیستنی ئەو ناوە، بیرت دیسان کەوتەوە گەڕان بە ناو یاداشتی بیرەوەرییەکانی رابردووت...

(لەودیوی جیهانی دەرەوەی زیندانەکەتان، دونیا بەرەو تاریکی دەچوو و شەویش لە هەوڵی باڵ کێشانی بوو بەسەر ئەو ناوەدا، لەلای ئەنگۆش تاریکی تاریکتر و زیندان زیندانتر دەبوو... رۆژ بە رۆژیش هێزتان دادەهێزرا و لەشتان لاوازتر دەبوو، نزیکەی مانگێك بوو لە (دائیرەی ئەمن)ی (هەولێر)، لەو ژوورە بچوکەی کە بە ژووری(حەرەس) ناودەبردرا، ئێوە بیست و هەشت کەس بوون کە هەر هەمووتان خەڵکی (شەقلاوە) بوون، جگە لە (مام عەبدوڵلا)و ئەو کەسەی (گەڵیاو)ەیی بوو کە بەسیخوڕی هاتبووە نێوانتان، لەو ژوورە رۆژ و شەوتان بەسەر دەبرد و چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیاری خۆتان دەکرد...

ئەو ئێوارەیە، بۆ یەکەمجار دوای بەسەرچوونی ئەو ماوەیە، چەند سیمایەکی نامۆ بەو ژوورەتان و ناسیاو و خزمیش بە خۆتان، لێ هاتنە ژوورەوە و بوونە مێوان کە ئەوانیش هەر لەگەڵ ئەنگۆ لە هەمان رۆژی رەشبگیرییەکە، گیران ئەو ماوەیەش لە زیندانی (حجز) بوون، کە دەرگای ژوورەکە پاش شریقە و تەقە تەقە

گەورۆنە و بێزارکەرەکە درزی تێکەوت، یەکەم سیما، دەموچاوی پڕ و خڕوخەپی مام (مستیٚ) بوو، ئینجا مام (حمید)و(شێروان)و مام (مستەفا)و (گەیلان)و (ئەحمەدە فەندی)و ( قادر و خالق و وسوو)و مام (حەسەن زەخۆك)، یەکەیەکە بە ژوور کەوتن...

تاکە ئێوارە بوو، کە زەردەخەنەی تازە دەزا سەر زارتان، لە لایەك بە تامترین ژەمی خواردنتان ئەورۆژە تامکرد، ئەویش سەمون و خورما بوو کە لەوێ شتێکی خۆش بوو، لە لایەکی دیکەش، تازەترین دەنگوباسی شار و دەرەوەتان دوای (٢٨) رۆژ، بە دەست گەیشت، دوای ئەوەی هەوای ژوورە نەگۆڕەکەتان بۆ ماوەی چەند سەعاتێك گۆڕا و قسەوباسی تازە باسکرا، تەقە تەق و زڕەی زنجیر و شیش و قوفڵی دەرگاکە هەمووتانی راچڵەکاند، لە زینداندا ئەو دەنگە ناخۆشترین و قێزەونترین دەنگ بوو دەبیسترا، لەگەڵ ئەو دەنگە هەر کەسێك بیری لەوە دەکردەوە کە بە دوای ئەوەوە هاتوون بیبەن بۆ (ئەشکەنجە)و(تحقیق) یاخود زانیارییەکی تازەیان لە سەر هەڵکراندووە و شتێکی تریان لە سەر درکاندووە...

خامۆشی سەرلەنوێ دایپۆشینەوە، هەموو رستە تەواو نەکراوەکان لە نیوانیو بوون و لە یەکدی ترازان و پسان، دەرگا والآ بوو، ئەمنێکی زەبەلاح و رەشی چڵکن، چاو دەرپۆقیو، چەشنی مودمینێکی حەشیش و ئارەقخۆرێك، بەژوور کەوت، لیستێکی

ناوی خستە بەرچاو، یەك لە دوای یەك ناوەکانی دەخوێندەوە، دوای چەند ناوێك ناوی تۆ و (شێروان)ی برات هات، براکەی دیکەشت (نەریمان) هەستا و لەگەڵتان ریزی گرت وەك نەریت و(ئسوڵ)ێکی خێزانی ئەویش بۆ چوونە دەرەوە خۆی بە گەڵتان نا، بەڵام لای (بەعس) کوا باوی ئاکار و رەوشتێکی باو هەبوو، تا لە زیندانێکی دابڕاو لە هەموو سیمایەکی شارستانی پیادە بێت...

هەرچەند لە زینداندا کەس نەیدەزانی بانگکردن بۆ چییە و بۆ کێندەرە، بەڵام لەو کونجە بەر تەسکەدا ناوهێنان شتێکی خۆش و تامێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە برا گچکەکەشتان حەزی نەدەکرد لێتان بترازێ، بەڵام کە ناوەکان تەواو بوون، ئەمنەکە دەستی کرد بەژماردنتان، یەك لە ناوەکان زیاد بوو، ئەویش (نەریمان) بوو، ویستت دڵنیابیت کە ناوەکەی ئەویش لەگەڵتان نییە، بۆیە لێت پرسی، بەڵام وەڵامەکەی ئەو بە (نا) درایەوە، هەر ئەو (نا)یەش بوو، بوو بە ناپاڵی لێك بوونتان و جارێکی تر ببڕای ببڕ یەکترتان نەدیتەوە...

یەك دوو تنۆك ئاوی گەرم تزایە ناو چاوی، ئێمەش چاومان تەڕ و گەرم بوو، رەنگی بە تەواوی هەڵبزڕکا هیچ شتێك ناخۆشتر لە لێکدابڕانی بێ ویستی خۆشەویستان نییە، چەند زۆرت لە خۆت کرد بۆ ئەوەی لەو کاتە قسەیەکی باش و لە کات و جێی خۆی بکەی، بەڵام پێت نەکرا و دوا جار دەمت لێك کردەوە:

گێ مەدێ.... تەنگاو مەبە... ئەتوو دەر ئەچی.. لەوانەیە ئێمە بمێنینەوە.. خۆت راگرە و بە قوەت بە... سەلامی مەش بە داکێ بگەیەنە...

دوا زەردەخەنەی زەردت لەسەر لێوە هیشك و برینگەکانی بینی، چونکە بەلای ئەو کۆشکێکی خۆشیی لە بەردەمیدا هەرەسی دەهێنا، چۆخەڵێکی (حاجی سەبغە)ت بە میرات وەکو دیاری لە لای ئەوەوە، بۆ بەجێمابوو، کردتە دیاریەك و داتە دەست براکەت و بەبێ ماڵئاوا، دەرچوون بۆ یەکەمجار دوای ئەو ماوە درێژە، شەقاو و پێتان هاویشتە ئەودیو جیهانی ژووری (حەرەسە)ەکە، لە دوا درزە باریکەلەکەی دەرگاکە، بۆ دواجار (نەریمان)ت لەسەر پێ دیت کە دەستی بۆ چاوی فرمێسکاوی دەبرد و ئەوکاتەش هەستی بە تەنیایی و دەردی زیندانی دەکرد، هەر ئەو لێکترازانەش بوو، شەهید (سەفین)یشیان بەر لە مانگێك لێتان دابڕان، ئیدی چیتر نەگەیشتنەوە یەك، ئەوان لە لایەك و ئێوەش لە لایەکی دیکە، دوای چوار ساڵ ئێستا بە دوای ئێسك وپروسکی یەکە یەکەیان لەسەر ئەو چاڵە بۆ دەگەڕێی...)

لەگەڵ قیژەی ژنێك راچڵەکی، کە تەماشات کرد، ئەوە هێشتا لەناو چاڵە بە کۆمەڵەکەی گۆڕبزراندا لە چاوەڕوانی تەرمی براکانت دایت... لەو بەریش چاڵە درێژکۆڵەکە وەکو کانی (دەرماناوە)

ئاسا، بە ئێسکوپروسك بڵقی دەدا و لاشە جوانەمەرگەکانی شارەکەمی وەکو ئاوەزێ تێدا دەزا، ئەوانیش جارێکی تر دەبونەوە تەرم و تابووت .... سێ چوار کەللەسەری دیکە سەریان دەرهێنا و بە چاوە قووڵ و زەقەکانیان بەڕووی کەس و کارەکانیان بێدار بوونەوە، هەریەکە لەو خەڵکەش بە پرتاو هێرشیان بۆ بردن، لەولا مام (حەمید) بە تەنیا و دوور لە رۆڵەکەی (شێروان) ناسرایەوە، لەو بەریش لاشەیەك بە تاکە پێلاوێکی رەشی رزیوی پۆلیسی، دەبێتەوە تەرم و لە لایەن ئەو دوو کوڕە گەنجەی لەسەر سەری بە پەرۆشەوە، سەرنجیان تێدەبڕی ناسرایەوە و لەپڕ زاریان وەکو تەڵەی تەقیو لێك ترازاو بە جووتە هاواریان لێ هەستا:

(بابۆ... بابۆ... بەقوربانت بین.... بابۆ.... بابە گیان..)

لێرەدا، لەو گۆڕەساتە دڵرەق و بێ بەزەییەدا مرۆڤێکی مەزنی مامۆستا کە سەدەها نەوە لەو شارە لە بن دەستی فێری خوێندن و نووسین بوون، ئەمرۆکە بە پێلاوێکی بێ کەڵك وکۆن دەناسرێتەوە، کەسایەتییەکی دیار لەبری ئەوەی دوای مردنی وەکو ستایشێك لە بەرانبەر مێژووە پڕ سەروەری و قسە تەڕ و خۆشەکانی خەڵاتی رێزلێنانی پێ ببەخشرێت، رژێمی بۆگەنی بەعس بە فیشەکێك مێژووی دەکوژێنێتەوە، ئەمرۆکەش بە لینگێك پێلاوەوە ئەو مرۆڤە دەناسرێتەوە، ئەو دیاردەیە بە تەنیا لەو وڵاتانە دووبارە

دەبێتەوە کە (مرۆڤ بێنرخترین سەرمایەیە) لاشە دەرهێنراو بووە تەرم و ناوی لێنرا (ئەحمەدە فەندی)...

لەولای چاڵەکەش، لاشەیەکی دیکە بەهۆی کیسە نایلۆنێکی سووری پڕ (حەب)، لەگەڵ شانەیەکی سەر داهێنان بووە، تەرم وجەستەی شەهید (محەمەد مستەفا) ...

چاڵەکە تا دەهات رووداو و کارەساتی سامناك و خەمناك و نامۆی دیکەی لە ئامێز دەگرت، ئێستا سەرجەم ژمارەی ئەوانەی بە دەوری تابووتەکان دەسوڕانەوە، زیاتر بوون لەوانەی هێشتا چاویان لە چاوەڕێ و دۆزینەوەی کەسەکانیان بێ ئۆقرە و نائارامن، زیڕەی شۆخە کچ و قەیرە و بێوەژن و پیرەژنەکان، بەردەوام لەگەڵ زیڕەی دادڕان و بڕینی پارچە خامی کفنە سپییەکان، لە کشان و هەڵبەزیندا بوون...

لەو ئانوساتەشدا، پیرەژنێکی پشت کۆم بە لۆقەلۆق، هێور هێور دەخشی، تا خۆی خزاندە سەر تۆپەڵێك جل و ئێسك، وەك ئەوەی گەنجینەی ساڵەهای ساڵی دزراوی گەڕابووبێتەوە بەردەست، بە خشکە خشك خۆی گەیاندە سەر و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، وەك بیەوێت لەگەڵ ئەو تۆپەڵە سارد و سڕەی ڕۆژێك لە ڕۆژان کە گەرمایی خوێن و گۆشتێکی مرۆیی زیندوویان پێ دەبەخشی، چەتوونی منداڵێکی عەجول و هاروهاج، سەرگەرمی

لاوێکی خوێن گەرم و دەنگ باڵق، هێما و موژدەی پیاوەتی کوڕەکەی دوارۆژیان بۆ دەنەخشاند، بە چاوی ئاو تێزاوەوە زیاتر لێی نزیك بووەوە، پڕبەدڵ هەناسەیەکی تریشی هەڵکێشا، ئەوجارە وەك ئەوەی کوڕەکەی بۆن بکات و بەبۆن بیناسێتەوە، پاش تاوێك ئینجا لەسەرەخۆ کەوتە دەستکوتان لە تۆپەڵەکە، یەکەم شت قەمسەڵە کوڵکنەکەی هاتە بەردەست، دەستێکی پێ داهێنا، ئینجا لەگەڵ زڕەی زنجیرەکەی دەیهێنا و دەیبرد، دڵی لەرزا و هەڵوەستەیەکی یەك جێی کرد، کسپەی کۆستێکی کۆن و نوێ بە دەروونی چزان، یەکا و یەك ئەو رۆژە خۆشەی هاتەوە بەرچاو:

لە بازاڕەکەی قەیسەری بن قەڵاتی (هەولێر) بوون، پاییز بوو، بە دوای قەمسەڵەیەك دەگەڕان، بەرلەوەی زستان بێت، خۆتان ئامادە دەکرد، لەپڕ ئەو قەمسەڵە کوڵکنەتان بە بەرچاو چەقی و کوڕەکەت بە بینینی کەیفخۆش بوو، نەیدەویست لە دەستی دەربچێت، ناچار بووی پارە بدەی و کڕیتان...

لێوی کەوتە هەلەکەسەما و لەرزین و دەمی داپچڕا، چاوەکانی بوونە گۆم و چۆڕاوگەیان گرت، نووزەیەکی کز بە گەروویدا هەوراز چوو:

(هەی هاوار هەیش.. هاوار بەمارم... یاخوا جەرگتان گڕێ گڕێ بی... بەو جەرگ سوتانەم .... یاخوا دەبەرت مرم....

سەبیلەکەم.. نازدارەکەم.... فەلاحۆکە،...ئەوە خۆ ئەتووی... لێرە کەتی... هۆ مەلا فەلاحەکەم.. شێرە کوڕەکەم...)

تابووت هات و کفنیان هێنا و ئێسکەکانی ئەویشیان لە ناودا پاڵخست و بەرێکرا... لە لایەکی دیکەش دەستەیەکی تر بەسەر کۆمەڵێ ئێسك خڕ ببوونەوە، لاشەیەکی ونجڕی پەڕۆ و ئێسك بووە تەرمی شەهیدێك و ناویان لە سەر تابووتەکە نووسی، شەهید (وسو حەسەن)، کۆمەڵە خەڵکەکە هەر لە گەڕان بەردەوامبوون، لە ناویشیاندا کوڕێکی مێرمنداڵی چاو زیت، بە چاوخشاندن و دەستلێدان لە براکەی دەگەڕا، یەك دوو تنۆك بەرچاوی گرت و دەستەکانیشی لە گەڕانە راگرت، لێیان پرسی:

(چیە کاکۆ ..لۆ وا راوەستای... ئەلێی کەسێکتە.. براتە...)

ئەویش بە زمانێکی لە گۆ کەوتوو و دەنگێکی پڕ لە گریان هاتە قسە:

(بەرێ.. ئە..ئەرێ..وە..وەڵلا...برامە...کاکە..حەمیدە...)

(مەجید) راستی دەکرد براکەی بەو شۆڕتە سوورە وەرزشیەی دەبەری دابوو، بەوەوە ناسرایەوە، لە جلەکانیش تەنیا ئەویان مابووەوە کە لاشەکە ئەو ناوەی لێنرا تۆش یەکا و یەك خەیاڵت بۆ دوور گەڕایەوە و ئەو رۆژەت هاتەوەبیر:

(کات ئەو رۆژە بەسەر پشتی کیسەلێکی پیرەوە بوو، لە

بەردەمتانە (زەمەن) لە جێی خۆی وەستابوو و نەدەڕۆیشت، گاسنێکی جوتیاری گا لێ مردوو بوو، نووکی بە جەستەتانە دڵڕەقانە چەقاندبوو، هەرچەند تەکان و هەڵپەتان دەکرد هیچتان پێ نەدەکرا، راکردنێك بوو لە هەمان خول، هەر سەرە چرکەیەکتان ئاوزینگدانێك بوو، رۆحتان دەدا و بەخوێن و دڵتان، بەرگریتان لە مانەوەی خۆتان دەکرد... بە دەستوچاو بەستراوی فڕێدرابوونە دواوەی شڕە (ئیڤا)ەکە، لە تەنیشت یەکتریان ریز کردبوون، هەمان رۆژی گێرانەکە بوو بەرەو (هەولێر)یان دەبردن، ئەنگۆش هەریەکە لەناو رابردوو و یادەوەرییەکانتان مەلەوانیتان بە خەیاڵەکانتان دەکرد و نەتاندەزانی چارەنووستان چیە و چیتان چاوەڕێ دەکات و بەرەو کوێتان دەبەن، (حەمید) کە لە تەنیشتتەوە بە بێدەنگی هەڵکوڕمابوو، هەلێکی وەرگرت لەسەرەخۆ هاتە قسە:

(کاکە لۆ خۆمان فڕێنەدەین...مەجالە...با هەڵێین ... بەشکم قورتار ئەبین..)

تۆش دەتزانی ئەوەی ئەو بیری لێدەکاتەوە (موجازەفە)یەکی بێ ئەنجامە و ئاسان نەبوو، خۆ فڕێدان، (ئیڤا)ەکە زۆر بە خێرایی دەڕۆیشت و ئێوەش دەست و چاوتان شەتەك دراو و پاسەوانەکانیش بە تفەنگەوە لە نزیکتانەوە چاودێریان دەکردن، نەدەکرا بیر لە شتی وا بکرێتەوە، لە لایەکی دیکەش تۆ بە تەنیا

نەبووی و سێ براکانیشت لە هەمان(ئیڤا)ەکە لەگەڵتدابوون، بۆیە بۆ تۆ ئاسان نەبوو بیر لە بڕیاری راکردن بکەیەوە و براکانت بە جێبهێڵیت، رووت تێکرد و لەسەرخۆ پێتگوت :

(کاکە فکر لەوە مەکەوە زەحمەتە....لۆ منیش زەحمەتترە..) بەڵام ئەو دیسان هەڵی قسەی دروست کردەوەو گوتی:

(خۆ تازە بمانەوێ و نەمانەوێ... هەر دەرناچین... ئەمانکوژن.... مادام وایە .... با بە خۆمان ئەو مردنە هەڵبژێرین... محاوەلەیەکە... یان دەرئەچین.... یان تێئەچین...)

کاکە(حەمید) ئەتوو ئەوە یەکەم جارت نەبوو بیر لە پلانی یەك لایەنەی کۆڵنەدەرانە بکەیەوە، ئەتوو کەسێکی ئاسایی نەبووی هەمیشە پێشمەرگەیەکی نەناسراوی ناوشار بووی، سەر بە هیچ پارت و لایەنێکی دیاریکراو نەبووی و لەگەڵ هەمووشیان بووی، ئەوەی هاوکاری لە تۆ بخوازیبایە یارمەتیت دەدا و تەنیا بۆ (کورد)ت دەکرد، زۆرت حەز لە هەوڵ و هەڵپەی نوێ و تاك و تەرا بوو، لەو رۆژەی تۆ و هەڵمەتەکانت دەرکەوتن، هەڵۆیەکی ئازاش لەسەر دار و دەوەنی زاکیرەی ئاوایی شارەکەم هێلانەی کرد و رۆژبەرۆژ بە داستانەکانی تۆوە دڵخۆش دەبوون....

گچکە و گەورە خۆشیان دەویستی، بۆ (بەعسیەکان) دێوەزمەیەکی تۆقێنەر بووی، شەوانە خەوت لێ دەزڕاندن،

پاڵەوانێکی چاونەترس بووی و هەڵمەتی شێرانەت دەبرد، بە ناوی هەڵۆوە چالاکیەکانت دەکرد، هەڵۆ ڕۆژبەڕۆژ هەڵمەتەکانی بەگوڕتر دەبوون و کوڕگەلی شارەکەم بەردەوام خەونیان پێوە دەدیت، هەر ئەتوو بووی ئەو ڕۆژەش کە لە ڕۆژی (پارێزگا)دا، لە (شەقلاوە) (پارێزگار)ی ترسنۆك (ابراهیم زەنگەنە)ت، زارەترەك کرد و لە بەرانبەر ئەو نارنجۆکەی لە (سەفین)ت تەقاندتەوە، ناچار بە تاکە پێلاوێك هەڵات و خۆی دەرباز کرد...

کەسێك نەبوو هەوڵ نەدات و بزانێت ئەو هەڵۆیە نەناسراوە بناسێت، بەڵام تۆ بە درێژایی ژیانت کەس نەیناسیت و هەر نهێنی بوویت، تا ئەمڕۆکەش هەر نهێنی و ژیانیشیان بە نهێنی لەناوبردی، ئەوە ئێستاش ئێسك ئێسك لێت دەگەڕێن و دەتدۆزنەوە و پارچەکانت گل دەدەنەوە... بەڵام پارچەکانت ئەمڕۆکە پارچەی ئاسایی نین، پەڕ و باڵی هەڵۆیەکن کە هەرگیز وشك نابن و نامرن...

لە کاتێکدا،(بەعس) سات لە دوای سات (فەزیح)ەکانی زۆرتر دەبوون، ئەمڕۆش لە سایەی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ئەو پارچە زەویە دەبێتە (گۆڕستانێکی بەکۆمەڵ)ی گەلەکەمان، ڕێکخراوێکی جیهانی کە لە فەزای داکۆکیکردن لە مرۆڤایەتی کار دەکات، بە ناوی (یوئێن)، لەبەردەم مەرگەساتی ئەم کارەساتەمان، دۆش

دادەمێنێت و نازانێت چی بکات و چ بە خەڵك بڵێت، خەڵکیش لە چاوەڕێی ئەو هەڵوێستەی ئەواندا نەبوون، ئەوان ئەوە یەکەمجاریان نییە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان هەڵوێست دەردەبڕن، ئەگەر هەڵوێستێکیش پێویست بە دەربڕین نەکات، ئەوە بە کارێکی ناوخۆی دەزانن و قەراقوپی لێ دەکەن، بەڵێ ئەو رۆژەش لە کونجێکی رۆژهەڵات و وڵاتی ئێمەش میحرابێکی راستی دادپەروەری بەسەر سەرو پۆتەڵاکمان دەڕوخێت و لەبەرچاوی گەلەکەم ئەو سەکۆیەش رۆڵی نامێنێت کە گوایە لەپێناو مرۆڤایەتی هاتۆتە کایەوە....

خەڵکەکەی سەر گۆڕەکە، بەردەوام بوون لە لاشە دۆزینەوە و گەڕان بەدوای ئێسك و تەرمەکان، چەند لاشەیەکی دیکە دەرکەوتن، لەگەڵ خەڵکەکە حاجی (حەسەن) و پیرەژنەکەی هێشتا لە گەڕانیان بوون بەدوای دوا کوڕەکەیان کە لەپڕ بە شەڕواڵەکەی یەکیان بووە شەهید (خالق حەسەن)، لاشەکەی دیکەش کەوتە بەرچاو، پاش تاوێك تەماشاکردن، بە هۆی بلوزە سوفینە رەنگاوڕەنگەکەی بەری، لاشە ونجڕونجر و پەڕۆ پەڕۆکە بووە تەرمی (نەوزاد)، هاوارێك لە دەمی ژنێکی جل رەشی زەحمەتکێش کە کار و بێوەژنی پشتی کووڕ کردبوونەوە و بە هیوای گەورەکردنی کوڕەکانی ژیانی بەسەردەبرد، ئەویش دەنگی پلکە (رابی) بوو کە هاواری دەکرد:

(نەوە.. نەوەکەم... ئەوە ئەتووی... خۆ هێشتا ئەمن ژنم لۆ نەهێنابووی... کوڕە جوانەکەم... ئەمن چەند سارە بە دووت ئەگەڕام..... بتبینمەوە..... بۆنت کەم.. ئامێزت لێ وەرێنم... قەت ئەوهەم نەئەویست..... بە ئێسك بتبینمەوە....)

تۆش لەگەڵ بینینی بلوزە ڕەنگاوڕەنگ و دایکە بێچارەکەی، جارێکی دیکە کەوتیە ناو گۆمی خەیاڵ و بیرکردنەوە و گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی رابردووی زیندان...

(ئێ باشە نەوزاد... ئەتوو پێم ناڵێی ئەو سۆلە کچانیەت چیە کردۆتە پێ... دیارە هی کچێکی مستاهلە کەوا زۆرت خۆش ئەوێ...)

من دەمزانی شەهید (نەوزاد) ژنی نەهێناوە، بەڵام کە ئەم دیت هەمیشە ئەو سۆلە کچانیەی لە باوەش بوون و بۆنی دەکردن و ماچیشی دەکردن، شەوانەش دەیکردنە بالیفێك و سەری لەسەر دادەنان، منیش وەکو کەسێکی ئەدەب دۆست لەو زیندانە کە بەدوای بابەتێك دەگەڕام سەری خۆمی پێ گەرم بکەم، هەروەها کۆڕی دانیشتنە درێژ خایەنەکەشمان خۆش و گەرم بێت، بۆیە حەزم دەکرد بزانم چیە ئەو مەسەلە، بەڵام هەرگیز لە چاوەڕێی ئەو وەڵامە نەبووم کە گوێم لێ بوو:

(نا کاکی خۆم.. وا دوور ڕۆیشتی... ئەو نەعلە هی داکمە..

چەند رۆژێك پێش ئەوەی بگیرێین لۆ داکم بە دیاری هێنابوو... ئەو رۆژەش بە سودفە دەپێمکرد بوو پێیەوە گیرام...)

لەگەڵ بیستنی ناوی دایکی، ئەو دایکە تێکۆشەرەت هاتەوە بیر کە دوای ئەوەی مێردەکەی نامێنێت لەپێناو گوزەران و ژیانی منداڵەکانی وەکو پیاوێکی بە جەرگ دێتە گۆڕەپانی کار و نان پەیداکردن، هاوکات لەماڵیشدا وەکو باوکێك کەلێنی مێردەکەی لەناو خێزانەکەیانی پڕ کردبووەوە، هەر لەو رۆژەوە بە کاری (فەڕاش)ییەوە لە خوێندنگایەکی شار خەریك بوو و کاری بژێوی دابینکردنی دەکرد، وەکو ئەو پیاوانەی ژنیان بە (زەعیفە) دەزانی، ئەو وا بێدەسەلات نەبوو، ژنێك بوو وەکو پیاو و کاری پیاوانیشی دەکرد، بەبێ ئەوەی هەڵگری ئەو دیاردە و سیمایانە بێت کە لە رواڵەتی (پیاو)دا هەیە، وەکو (سمێڵ و ڕدێن و هێزی ماسولکەیی)...

لەگەڵ تەقەی بێڵ و تابووت و ناڵەی شینکردن، هاتیتەوە ناو واقیعی رووداوەکانی گۆڕە بەکۆمەڵەکە و دایکە زەحمەتکێشەکەت لە سەر لاشەکە بینی، پاش چوار ساڵ خۆرازیکردن بە خەونێکی مەحاڵ، ئەمڕۆکە کەوتۆتە پرسە دانان و تازی مەرگی پاشەبەرەکەی و گردکردنەوەی وردە پەڕۆ و ئێسکی تێکئالاو و پاشماوەی تەرمی کوڕە جوانەمەرگەکەی...

گۆڕستانی ئەمڕۆکە وەکو هیچ ڕۆژێك نەبوو، کاتی خۆی خامۆش و بێدەنگ نە چپە دەهات و نە چرپەشت دەبیست، بۆ هیچ کەسێکیش ئاسایی نەبوو لە جادە قیرتاوەکە لابدات و بەرەو ئەو شوێنە بچێت، چونکە لە بازنەی ناوچەی قەدەغەکراو (**منطقة محظورة**) بوو، ئێشکگرە کرێگرتەکانی (دائیرەی ئەمن)یش لێی دەکەوتنە دەنگ و یاخەیان دەگرت و بە ئاسانی قورتاری نەدەبوو، هەموو شتێکی ئەو گۆڕستانەش نهێنی و قەدەغە و بڤە بوو، شەوانە تەرمی زیندوو و جوانەمەرگیان بە دزی دەهێنا و بە شۆفەڵ چاڵیان هەڵدەکەند و ژیانی ئەو کەسەیان لێرەدا کۆتایی پێ دەهێنا...

گۆڕستانی شارەوانی سەر ڕێی (مەخموور)، شتێك نەبوو نامۆ بێت کە خەڵك ناوی دەبیست، لە ترسان تووشی ڕاچڵەکاند و شڵەژان دەبوون، ئەو پارچە زەوییە بەراو و پڕ بەرەکەتەی پێشوو نەبوو، گۆڕیکی بە سام و تۆقێنەر و پڕ مەرگەساتی مەرگی ناوەختی تاك و بەکۆمەڵی گەلێك بوو کە لەپێناو ئازادی خۆی بێدەنگ نەدەبوو و خەباتی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو خەونانە دەکرد کە شەوانە ڕۆژی پێ دەکردنەوە، بەڵام ئەوانیش لێرەدا هەموو شتێکیان لێ سەرەمەرگ و زیندەبەچاڵ دەکرد...

ڕۆژێك نەبوو خەزانی نەگریسی (بەعس)، هەڕەشەی مەرگ و وەرانی گەنج و لاوی ئاوایی گوندێك شارێك نەکردبێت، بەر

له چەند ساڵێك لە پاییزێ، شارەکەمیان بە کارەساتی گرتن و گوللەبارانکردنی خەڵکەکەم، پاییزیان پاییزتر کرد، کراسی بوکێنیان رەش کرد، کۆرپەلەیان بێ باوك و هەتیو کرد، چەندین ژن و کچیان بە بێوەژن و قەیرە کرد، بەڵام لە سایەی بەهاری راپەڕینەوە، هەموومان گۆڕەکانی خۆشەویستەکانمان دۆزینەوە و سەرلەنوێ کەسەکانمان دەرهێنانەوە و بە مەراسیمێکی جوانتر، لە نوێژەن ناشتنمانەوە...

که خۆرەتاو سەری خۆی لە خەنەی زەردی ئاوابوون دەنا، خەڵکیش لە ململانێی مان و نەمانی لاشە و تەرمەکانیان، تەرە ئارەقەیەکی رەش و شینی شەکەتیان دەردەکرد، چاڵی (مێرگی مەرگ) یش، هێور هێور رووەو خاڵیبوون و چۆڵبوون دەچوو، خۆڵە ئاڵەکەش بۆ دواجار ماڵئاوایی لە هاوەڵ و سەرنشینە جوانەمەرگ و(غەدر)لێکراوەکانی دەکرد، گیانی ناو تابووتە تەختە و شەبکەدارە درێژ و باریکەلەکانیش سروودی نەمری شەهیدان و هەڵبەستی نەفرەتیان لە سیمای بەزیوی خۆفرۆش و کرێگرتەکان دەچڕی....

دوا دیمەنی جەرگبڕ کە کۆستێکی دیکەی دەخستە دەروون و کسپەیەکی داخکراوی دیکەی بە دڵی هەمووان دەچزاند، دایکێکی رەشپۆش و لە خەم رسکاوی تا سەر ئێسقان، پشت

و ئەژنۆ چەماوەی بەردەم هەڕەشە و ڕەشەبای مان و نەمان و چاوەڕوانییەکی بێهوودەی منداڵەکانی، لەو ڕۆژەی ئەوان دەستیان لەگەڵ سیاسەت تێکەڵاو کردبوو، ئەویش کەوتە داوی ترس و دڵەڕاوکێ و ئازاری زیندانی و ئازادی بوون، پێشمەرگایەتی و شەهیدنەبوون و دووری و لێکدابڕانی منداڵ و ڕۆڵە جەربەزەکانی، تامی تەمەن و ئاسودەیی لە ژیانیدا باری کردبوو...

بە ڕوومەت و گۆنایەکی سیس و ژاکاو، شپرزە و سەر و سیما بێڕەنگ و بێئاو، پێلو و برۆ گرژ، بینایی کز و بێ سۆمای بەدەست قەدەر فەوتاو، سەروپۆتەڵاك شڕ، بسك و کەزی سپی و بەفراوییەکی سڕ، هەنگاو خاو و شل، جووڵە سست و لەرزۆك، زار و قورگێکی وشك و دەمێکی بێ ورتە، هەردووکیان نغرۆی گریانێکی بە ئاڵوودەی درێژخایەن، دوو چاوی ماندوو و یاخی لە خەوو شەوگار، جەستەیەکی لاواز و ڕۆحێکی نەبەزی بێ ئۆقرە، وەکو ڕەشەمارێکی بریندارى پەرێشان...

جارێك جەستە شەکەتەکەی بە لای ڕاست دەخشاند و جارێکیش بەلای چەپ، ئینجا لەسەرخۆ بەناو چاڵەکەدا خزایە خوارەوە، لەگەڵ خۆم و هەردوو کوڕە سەرگەردانەکانی وەکو گەرەشکێکی سێ قۆپەنی بە دوای ئەوەوە هێور هێور دەخزان و وێلی دۆزینەوە و گەڕانێکی بێهوودە بوون بە دوای تەرم و لاشەی هەردوو کوڕە

جوانەمەرگەکانی، بەڵام بێ ئەوەی هیچ شتێك لە پاشماوەی ئەو کوڕانەی بەدی بکات...

کوڕەکانیش بریتی بوون لە (سەفین)، کوڕە مام ناوەنجییەکەی کە گەنجێکی قیت و قۆز، رووخۆش، خوێنگەرم و کارگوزارێکی چالاك و بەگوڕی ژیان دابینکردن و گوزەران پەیداکردن، روو ئاڵ و سپی، ریش و سمێل خەنەیی، دوو چاوی مەنگ و شین، بۆ ئەو دایکە رۆڵەیەکی بەوەفا و کوڕی رۆژ و باوك و خەمکێشی خێزان و هاوئەرکی مێردەکەی بوو، بۆیە بە لەدەستچوونی ئەو کەسە، هەموو شتێکی لەدەستچوو تریفەی مانگ سوتا و گزنگی بەرەبەیان خنکا و تروسکەی ژیانیش لەبەردەمیدا کوژایەوە، چونکە دوای لەدەستچوونی (مێرد)ەکەی تاکە کەسێك کە بتوانێت کەلێن و کەلەبەرەکانی ئەو باوکە لە ئەرك بەجێگەیاندن پڕ بکاتەوە، ئەو بوو...

رۆڵەکەی دیکەی ئەو دایکە (نەریمان) بوو، هەرزەکارێکی چاوشینی باڵا شاتانی، تووله دارمێوێکی ناسك و تازە هەڵچووی تەمەن بەهاری بوو، پەلکە چنارێکی کەسك و تەڕ، تازە باڵی دەردەکرد و زمانی قسەکردنی دەپشکووت و پێیدەگرت، لە روانینیشی بۆ ئاسۆی ژیان، رێبوارێکی کەم ئەزموون و هەرزەکار بوو، وەکو منداڵێکی شیرەخۆرە بوو کە هێشتا گەندەمووە

سیسەکانی کاڵ و تۆخ نەببوون، هەروەها بە تەمەن گچکەترین بەندی و زیندانی بوو...

دایکەکە سەرسام و سەراسیمەی گەڕان بەدوای تەرمی بێچووەکانی، بەڵام بێئەوەی شتێك وەکو نیشانە لە لاشەیەك هەڵکرێنێت، یاخود سەرە داوێك بەدیبکات بۆ ئەوەی پێیانەوە بیانناسێتەوە، چونکە ئەو کاتەی هەردووکیان دەگیرێن جلێکی ئەستووری وایان بەبەردا نەبوو، بۆ ئەوەی نیشانەیەك بۆ ناسینەوەی جەستەیان ببینرێت، لەبەرئەوەی هەریەکەیان بە تای بێجامەیەکی تەنکی هاوینی و بەبێ پێڵاو و پێخواسی گیران و قۆڵبەست کران، بۆیە ئێستا بە بێ ئاکام و سەرگەردان دەگەڕێن و شتێك نادۆزنەوە کە بۆنی ئەوانی لێبێت، نە بێجامە رەنگ و پارچەیەکی ماوە، نە پاشماوەی پێڵاوێکیشیان هەبووە، بۆ ئەوەی ببێتە هێمایەك و پێیەوە بناسرێنەوە و ئەوانیش وەکو هەموو ئەو خەڵکە، بە تەرمەکانی خۆیان ئاشنا ببنەوە....

چاڵی گۆڕە بەکۆمەڵەکە خاڵی و خۆڵی ئاڵ و سووری بە خوێنیش، وەکو شاخێکی یاخی و سەرسەخت، قیت و کەڵەکە کردوو، چیتریش بەرەو ئاشکراکردن و رووچوونی نهێنی حەقیقەتەکان هەڵناچێت، خەڵکیش شەکەت و هیلاك، سنووری هەڵکۆڵینیش تەواو، گەیشتنە دواچینی ساغ ورەقە، خەڵکیش لە

تاسان و حەپەسانی دیمەنی ئەو دایکە کڵۆل و سێ کوڕە سەرگەردان و بێ لاشەیە هەر بەردەوام بوون، لەپڕ دەنگێکی گڕی بەساڵاچوو، دڕی دا بە خامۆشی و گومانی ئەوان و ئەو کەسانەی لەو ناوە لە چاوەڕێی وەرچەرخانێکدا بوون:

(خوشکم بەلاش خۆت تێك مەدە... وەرە ئێرە..... ئەوەتەن... ئەوەی لێی ئەگەڕێن، ئەوەتەن... هەردوو کوڕەکەت لەمێژە دەرهاتوون... تەماشایان بکەن.. دوودڵ مەبن هەون... ئەگەر ئەلێن کا جلیان.. چار سار کەم نییە... حەتمەن رزیوە... وەرن دڵ لە دڵ مەدەن، جەنازەکانمان هەموو دەرهێنان، هاوەڵەکانی کوڕەکانتان هەموو ناسرانەوە ... بەس هی ئەنگۆ ماوە کەواتە لەو سێ لاشەی ماون دوویان ئەوانن...

لەگەڵ خاو بوونەوەی دەنگەکە ئێوەش بە پەلە بەرەو تەرمەکان چوون، تۆ دەتزانی یەکێك لەو تەرمانە مام (عەبدوڵلا)یە، چونکە دوو رۆژ بەر لە گوللە بارانەکە رووبدات، مام (عەبدوڵلا)یان هێنا لاتان..

گەیشتنە سەر سێ لاشە ئێسکاوییەکان، دوای سەرنج و تێڕوانینێکی ورد، لاشەکان دوانیان هەر ئێسك و کەللەسەر بوون، ئەوی دیکەش ئێسك لەگەڵ کورتەك و شڕواڵێکی شڕووڕ تێکەڵاو ببوو، تۆ هەر زوو زانیت دوو لاشە بێ جلەکان براکانی تۆن،

بەڵام دواجار لاشە بە جلەکە بە ددانی کلۆر و هەڵوەریوی بووە تەرمی شەهید مام (عەبدوڵڵا)، گریان دەستی لە قورقوڕاگەتان گیر کردبوو، بێزاری و شەکەتی گەڕانیش ئۆقرەی لێ بڕیبوون، لەپڕ تاوتان دا یەکێك لە پەیکەرە ئێسکەکان و کەوتنە پشکنین و هەڵدانەوەی کفن لەسەر سەریان، بەڵام دواجار بە هاوکاری یەکێك لە هاوەڵە هاوپۆلەکەی خوێندنی براکەت، تەرمێك بە ددانە باریك و درێژکۆلانەکەی ناسرایەوە و بووە تەرمی شەهید(نەریمان)، تەرمەکەی دیکەش بێ سێودوو خرایە تابووت و ناویان لەسەر نووسی شەهید (سەفین)....

قەلا کشومات، کڕ و کز، سەری خۆی خستبووە ناو کۆشی شار، وەکو ئەوەی لەبەردەم ئەم دیمەنە خەمناکە شەرمەزار بێت و نەیەوێت کەسێك ببینێت، شاریش بەو هەواڵە مەرگەساتەی دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ، بە چاوی ئاو تێزاوەوە لە چاوەڕێی ئاوێزانی کەسەکانیان بوون، تەرمەکانی ناو تابووتەکانیش یەك لەدوای یەك، وەکو کەژاوەی دەستەیەك بوك و زاوای شۆخ و شەنگ، ڕێچکەیان گرتبوو، دوای چوار ساڵی نغرۆبوون لەناو ئەو چاڵەدا، بۆ یەکەمجار دەکەونەوە ئاوەدانی و سەر جادە قیرتاوەکان...

لەناو درزی تابووتەکان دەنگێکی سرك لە قورگی هەناسەی ڕۆحی شەهیدەکان بەرز دەبووەوە، وەکو ئەوەی بڵێن:

(هۆ قەڵا دێرینکە، ئەوە بۆ ماتی و ناتەوێ بمانبینی، بۆ شەرمەزاری خۆ تۆ گوناهت نییە، ئەگەر لە سەر دڵ و خاکی تۆ وامان لێهات، تۆ تاوانبار نیت لە بەرامبەرمان، تۆ ئەوە چوارساڵە وەکو دایکێکی جگەرسۆز سینەت بۆ کردووینەتە سەرین و دڵنەواییمان دەکەی، خۆ تۆ لەگەڵ قرمژنی هەر گوللەیەکی سمینی کاسە سەرەکانمان، بێگومان قرچە لە بەندی دەروونت هەڵساوە، بە ڕێژنە نەفرەت و چەخماخەی رقت گڕ تێبەر داوە...

لەگەڵ هەر هەڵوەران و دابارینێکی لاشەکانمان، بە ڕەهێڵ ڕۆندك و ئەشکی سوێرت باراند و جۆگەلەیان پێکهێنا، شاریش گریا و دەریاتان دروستکرد، ئێمە سەرلەنوێ وا هاتوینەتەوە، ئەمجارە کاروانمان کاروانی شکۆمەندییە، تازووە سەرە هەڵبڕە و بمانبینە، دەستمان بگرە و بەڕێمان بکە بۆ شاری دایك (شەقڵاوە)...

دوای ئەوەی تاریکی لەپی خستە هەموو شتێك، دوای چوار ساڵ بۆ یەکەم جار ئەو شەوە خەونیان هاتە دی و لە ئامێزی ئاوایی و شار خەوێکی خۆشیان لێکەوت، کازیوەش وەکو بەرەبەیانێکی تازە، بەدەم بەیانی باش شەهیدەکانی بێدار کردەوە، مشتومڕو ورتەورتێکی نادروست لەگەڵ گەردی سەحەردا، لە لایەن ئەهلی

(مزگەوت) و(دێرە)، سەبارەت ناشتن و شوێنی گۆرستانیان، دەستی پێکرد:

(نابێ .. هەموویان لە یەك قەبرستاندا.. بنێژرێن.. ئاخر ئەوە بە هیچ شەرع و ئسولێك نابێت... ئێ ئاخر..هەریەکەیان لە سەر دینێکن)

(ئێ.. باشە.. با شەهیدەکانی مە.. لە گردی زیتون بن.. هی ئەوانیش لە گردی دێرە...)

لەبەرئەوەی لەو (٢٣) شەهیدانە، دووانیان لە ئایینێکی دیکەی نا(ئیسلام)بوون و(دیان) بوون، ئەو مشتومڕە بێ سەروبەر و بیر دواکەوتووییە لە نێوان چەند کەسێکدا لە سوڕانەوە دابوو، بەڵام لە خۆشبەختی کاتەکە مشتومڕەکە، بە دوا نرکەی دایکە شەهیدێکی خاچ لە مل و کوڕە شەهیدە دیانەکە کۆتایی هات:

(ئێمەش قبوڵ ناکەین... شەهیدەکانمان لە یەکتر جودا بکرێنەوە... ئەوان لەگەڵ یەکتر ئیعدام کران و چار ساریشە شەو ورۆژ لەگەڵ یەکتر بە سەر ئەبەن... ئاخر خواش قبوڵی نییە ئەنگۆ لەیەکدیان جودا بکەنەوە... ئێمە پێمان خۆشە لەگەڵ یەکتر بمێننەوە..)

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم شارە شتێك روویدا کە پێشتر

نەبوو، ئەو تەیمان و تانۆکەی نێوان دوو گۆڕستان و دوو مەراسیمی ناشتن و دوو نزا و پاڕانەوە و دوو بڕوا و باوەڕی بەرەی مزگەوت و کلێسا کە لەیەکدی کرا بوون، داڕماو لەناو چوو، هەردووکیان لە یەك خاڵ و لە یەك نزرگە و گڵ و پانتایی یەکیان گرتەوە، ئەمەش بۆ خۆی وانەیەکی مرۆڤایەتی دروستە و پێمان دەڵێت کە مرۆ هەر مرۆیە و جیاوازی لە نێوانیاندا نییە، ئەوەی جیاوازە و جیاوازی دەکات باوەڕەکانمانە نەوەك خۆمان، هەر هەموومان وەك یەکین ئینسانین، لەسەر یەك خاك ئەژین و لە خۆشی و ناخۆشی یەکتر هاوبەشین، کەچی بۆ دوو شتی هاودژ و پێچەوانەی یەکتر بین...

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئاوایی (شەقلاوە)دا، تەرم بێ باڵ و بێ پەساپۆرت و پسولەی ئایینییەوە لە هەر لاپەڕگەیەك بیەوێت بنێژرێت، دەنێژرێت، مەرج نییە بکەوێتە ئامێزی گردی (زەیتون)یاخود گردی(دێرە)، ئەمجارە گۆر گۆڕی یەك بەرە نییە، گۆڕی هەمووانە هەموو بە یەك دەنگ و یەك هەناسە و یەك ئارەقە و یەك دوعا و نزا ماڵئاواییان لێ دەکەین و بەڕێیان دەکەین، گردۆلکەیەکی سەر بەرز و سەرکەشیش لە بنار و دامێنی چیای (سەفین)، بووە رەمزی نەمری و بەرخۆدان و سیمای پیرۆزی ئەو شەهیدانە و ناوی لێنرا گردی (شەهیدان)...

# بەڵگەنامەکان




**نووسراوی رەسمی (امن عام) بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر و ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی عەلی کیمیاوی بۆ گوللەبارانکردنی ئەو پۆلە تێکۆشەرە**



اقليم كوردستان العراق
وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية

صورة قيد الوفاة

رقم الشهادة الاصلية

تاريخ تنظيمها ١٩٨٧/١١/٨

لسنة ١٩٨٧

اسم المتوفى عبد القادر

الجنس ذكر

محل وقوع الوفاة اربيل

سبب الوفاة هو الاعدام

(صورت قيد)ی یەکێك لە شەهیدەکان



الداخلية

مديرية الأمن العامة

محافظة اربيل

العدد ٣٢٤٤٠

التاريخ ١٠/ /١٩٨٧

الى / مستشفى اربيل الجمهوري

م: ارسال جثث المخربين

نرسل اليكم صحبة كتابنا جثث المخربين المدرجة

اسمائهم ادناه والذين نفذ بأجلهم الحكم

راجين استلامهم وابقائهم لديكم

لحين الطلب .... مع التقدير .

مدير أمن محافظة اربيل

نووسراوی رەسمی دائیرەی ئەمنی هەولێر بۆ ناردنی تەرمی پیرۆزی شەهیدان



**وەفاتنامەی شەهید نەریمان**



شهادة وفاة

001871

وەفاتنامەی شەهید سەفین



وزارة الداخلية

العدد ١٣٤٤٠

مدير أمن محافظة أربيل

الأسماء

نووسراوی ڕەسمی دائیرەی ئەمنی هەولێر بۆ نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر بۆ ناردنی تەرمی پیرۆزی ئەو سێ شەهیدەی کە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون، کە (شەهید سەفین و شەهید سابیر و شەهید هیوا)ن



# تاوان دەدوێ

مديرية امن اربيل ش٣

العدد/ ٩٥٠٦٥

التاريخ/ ١٩٨٧/١١/١٤

الى/ مستشفى اربيل الجمهوري

م/ معدومين

نرسل اليكم جثث الشريرين المعدومين المسالمين ادناه لاستلامهم وارسالهم الى مديرية بلدية اربيل لدفنهم بعد تنظيم استمارات تشريح لهم واعلامنا بالاستلام لطفاً

عميد امن محافظة اربيل

الاسماء

١ـ محمد مصطفى عادل احمد
٢ـ مصطفى علي عبد الصمد
٣ـ گيلان مصطفى محمد علي
٤ـ احمد حسن مصطفى
٥ـ عبد الخالق حسن وسو
٦ـ عبد القادر حسن وسو
٧ـ وسو حسن وسو
٨ـ فلاح ولي عبد الواحد
٩ـ حسن وسو رحمان
١٠ـ مصطفى وسو رحمان
١١ـ حميد حمد امين قادر
١٢ـ مجيد حسن وسو
١٣ـ نوزاد مصطفى حسن
١٤ـ نريمان عثمان عبد الله
١٥ـ جهاد توماليا
١٦ـ صبيح خضر ابراهيم
١٧ـ شيروان حميد محمد امين
١٨ـ يوسف مصطفى يوسف
١٩ـ عبد الله مصطفى وسو
٢٠ـ صابر احمد مصطفى
٢١ـ هيوا احمد محمد امين
٢٢ـ سلمى عثمان عبد الله

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانە
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
دەری دەکا

**نووسراوی رەسمی دائیرەی ئەمنی هەولێر بۆ نەخۆشخانەی هەولێری کۆماری کە ناوی هەموو شەهیدانی تێدایە و لە کاتی خۆیدا لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە**



**شەهید چیمەن مرشد مەلا شێخە**

**(چیمەن مورشید مەلا شێخە) لە ساڵی ١٩٥٦ لەدایکبووە، دواجار مامۆستا بووە و لە کاتی تەقینەوەی خانووەکانی شەقڵاوەدا لەساڵی١٩٨٧ دابڕیندار دەبێت و دواییش بە داخەوە بە برینەکەوە شەهید دەبێت...**

# پەڕاوێزنامەی

# ژیانی شەهیدان



## شەهید هیوا

(هیوا ئەحمەد حەمەدەمین) ساڵی ١٩٦٧ لە دایك بووە، گەنجێکی نەختێك پڕ و خەپە و قۆز و چاو شین و رووخۆش بوو، لەو جۆرە سیما و رووخسارانە بوو کە شێوەیان لە (ئینگلیز) ئەچێت، لاوێکی خوێنگەرم بوو، لە بەرەبەیانی تەمەنیدا هەستی بە هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کردبوو، بۆیە هەر زوو خزابووە ریزی رێکخستنەکانی (کۆمەڵە)، هەروەها لە چالاکییە هەلوێستدارەکانی سەردەمی خوێندن و راپەڕینەکانی شەقلاوە رۆڵ و بەشداری بەرچاوی هەبوو، هەروەها کوڕی ئەو خێزانە تێکۆشەرە بوو کە لە پێناو ئامانجی رەوای گەلەکەیان برایەکانی رۆلی خۆیان هەبووە و خاوەنی قوربانی خۆیانن، بە تایبەتی دایکی هیوا ژنێکی بە جەرگ و دلێر و قارەمان بوو..



## شەهید سابیر کوردستانی

(سابیر ئەحمەد مستەفا) ناسراو بە (سابیر کوردستانی ) ساڵی ١٩٤٧ لە دایك بووە، تێکۆشەرێکی خەڵکی ئەو شارە بوو زۆر کورد پەروەر و نیشتمانخواز بوو، بۆیە بە (کوردستان)یان ناوزەد کردبوو، زۆری حەز لە کوردایەتیی کردووە، هەروەها لە خێزانێکی تێکۆشەر و سیاسیدا چاوی هەڵێنا بوو، لە سەردەمێکی زووی تەمەنیدا پێشمەرگایەتی کردبوو و چەکی پێسمەرگایەتی لە شان کردبوو، هەروەها کابرایەکی دڵتەڕ و بە سەلیقە بوو زۆر حەزی لە شایی و هەڵپەڕکێ دەکرد..



# شەهید جیهاد تۆما

(جیهاد تۆما) لە ساڵی ١٩٥٧لە دایك بووە، دواجار سەرباز بوو .

هاووڵاتییەکی دیان و(مەسیح)ی خەڵکی (شەقڵاوە) بوو، کاتی خۆی بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی راپەڕیوی شارەکە دەستگیر دەکرێت، بە حوکمی ئەوەی ئەو وەکو سەربازێکی (مخابر) و بێتەلێکی سەربازیی سەربازگەی (سەرمەیدان) کاری دەکرد، بەوە تاوانبار دەکرێ کە دەستی لەگەڵ خەڵکی راپەڕیو هەبوو بێت، چونکە نهێنی رووداني راپەرینەکە و زانیارییە پێویستەکانی نەدرکاندووە، بۆیە دەگیرێ و لەگەڵ ئەو شەهیدانەش، گوللەباران دەکرێت..



**شەهید حەمید**

شەهید (حەمید خدر ئیبراهیم) لە ساڵی ١٩٦٥ لەدایك بووە، شەهید خوێندکاری (پەیمانگای کارگێری) موسڵ بوو، بەهۆی ئەوەی نەچوو بووە (جیش الشعبی) لە خوێندن دوورخرابووەوە، کورێکی زۆر ئازاو چاونەترس بوو، لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو تێکۆشەر بوو، لەگەڵ شەهید (هیوا) و براکەی (ئەیوب) لە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەو ئاڵای شۆڕش و یەکێتی) کاری نهێنی و ئاشکرا و سیاسی کردووە، بە ناوی (هەڵۆ) زۆر چالاکی و هەڵمەتی تاکانە و عەسکەریشی ئەنجامداوە، لەوانە لە گرتنی (قایماقامیەتی شەقڵاوە) ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ کە لە لایەن (حزبی شیوعی) یەوە ئەنجامدرا، بە پیکابەکەی خۆی هاریکاری کردوون، دوا چالاکیشی فڕێدانی نارنجۆکێك بۆ ناو ڕەفیق حزبی و ئەمنەکان بە مەبەستی تێکدانی مەراسیمی ڕۆژی پارێزگا لە شەقڵاوە، کە لە ئەنجامدا (پارێزگار)ی ناپاك (ابراهیم زەنگەنە) لە ترسان بە تاکێك پێڵاوەوە هەڵهات، حەمید تەنیا لەگەڵ یەك لایەن کاری سیاسی نەدەکرد، بەڵکو پێشمەرگەیەکی نەبەزی هەموو لایەنەکان بوو..



# شەهید دکتۆر یوسف

(یوسف سلیوه) ناسراو بە (دکتۆر یوسف) لە ساڵی ١٩٢٠دایك بووه، لە ژیانیشدا کەسێکی خانەنشین بووه، ئەو ددانساز بوو، بە دکتۆر ناسرابوو کە ساڵەهای ساڵە ماڵی خۆی بە شەو و رۆژ کردبووه خەستەخانەیەك و دەم و ددانی خەڵکی ئاوایی چاك دەکردەوە، کەس نییە لە (شەقڵاوە)، (دکتۆر یوسف) نەناسێت، جگە لەوەی پیشەکەی ئەوە بوو کە ئازار لە گیانی خەڵك ریشەکێش بکات، کەسایەتییەکی بەردڵ و قسەخۆش بوو، من لەبەرئەوەی تەمەنم لێی نزیك نەبوو، ئەوەندە لەگەڵیدا هاموشۆم نەکردبوو نەمدەناسی، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە لە ساڵی ١٩٨٧ لە (ئەمنی هەولێر) بەیەکەوە گیراین، زیاتر شارەزای یەکتر بووین و لەوێ باشترم ناسی...

ماڵەکەی (دکتۆریوسف)ی ددانساز، هەر بەتەنیا خەستەخانەی ئاوایی نەبوو، بەڵکو هەوار و پەناگەیەکی بە قاچاغی تیمارکردنی هەلۆ پێشمەرگەکانیش بوو کە شەوانە جاروبار پەنایان بۆ دەبرد... هۆی گیرانەکەشی هەر شتێکی لەو بابەتە بوو کە لە هەمان ساڵی

گیرانەکەی لە ڕاپەرینە مەزنەکەی (شەقڵاوە)ی ساڵی ١٩٨٧ برینداری ناو ڕاپەڕینەکەی تیمار و دەرمان کرد بوو...

دیارە وەکو دەڵێن مرۆڤ بوخچەیەکی نەکراوەیە، کانزا و پێکهاتە نادیارەکەی لە دەرفەتی بەرتەسك و تەنگانەدا دەردەکەوێت، ئەوکاتە بەها و ڕەسەنێتی ئەو کەسەش دیاردەکەوێت و گەوهەرە ڕاستەقینەکەی ئاشکرا دەبێت، ئێمە هەر لەو ساڵە کە لە زیندانی (ئەمنی هەولێر)بووین، تا ئەو کاتەش هەردوو براکەم (شێروان و نەریمان) لەگەلمان بوون، لەگەڵ هەموو ئەو برادەرانەی دواتر شەهید بوون، بۆ ماوەی کەمتر لە مانگێك لەو زیندانە بەیەکەوە بووین، جگە لە شەهیدان (سابیر کوردستانی و هیوا)، براکەی دیکەشم (سەفین) ئەوان پێشتر و بە جیا لە بن ئەشکەنجەدان و(تعزیب)ی (تحقیق) شەهید ببوون، لەبەرئەوەی کات لە زیندان دوور و درێژە و بە ئاسانی و ئاسایی ناڕوات ئێمە لەگەڵ ئەو برادەرانە شەو و ڕۆژ خەریکی گێڕانەوەی بەسەرهات و سەرگوزشتە خۆشەکانی یەکتر بووین، ئینجا لەو کونجەشدا، مەزنێتی ئەو کەسە ئەوەیە کە قسەی خۆش و بەسەرهاتی سەیری لە بڕان و لە بن نەبێت و بتوانێت بە گێڕانەوەی بەسەرهاتە درێژەکانی تۆزقاڵێك زەردەخەنە بخاتە سەر لێوی هاوەڵە زیندانییەکانی و لە تەنگەبەرییەکەی ئەو فەزایە نائازاد و شوومەش تاوێك دەربەست بن و هەناسەیەکی سەربەستیش بدەنەوە...

دیارە شەهید (مەجید حەسەن) تاکە قارەمانی ئەو مەیدانە بوو، بەڵام دوای ئەوەی شەهید (دکتۆر یوسف)یشیان هێنایە لای ئێمە، ئەو دەستە کارامەیی و کارزانیەکەی لە زۆربەمان وەرگرتەوە و تەنانەت کەشی ژوورە تەنگەکە و باری دەروونی ئێمەشی بە قسە خۆش و تەڕەکانی خۆش و ئاوەدان کردەوە، لە ڕێگای ئەزموونە پڕ لە شۆخی و جەفەنگەکانی تەمەنی جگە لەوەی دڵمان خۆش دەبوو، هەروەها پەندی بە کەڵکیشمان لێ وەردەگرت، دیارە دەست کەوتنی بزە لەو شوێنە، شتێکی بە نرخە، نرخەکەیشی بە هیچ پارەیەك ناقەبلێندرێت، بە ڕاستی قارەمانی ئەو کاتەی زیندان بوو، من بۆ خۆم دوای ئەو ماوەیە زۆرم خۆشویست و هەرگیز لەبیری ناکەم...



# شەهید مەجید

(مەجید حەسەن وسو) لە ساڵی ١٩٥٦دایك بووە، لەو گەنجە قسە خۆشانەی شارەکەمان بوو لەگەڵ خۆی سێ برای دیکەی گیرابوون و هەرچواریشیان لە یەك کاتدا گوللەباران دەکرێن، هەروەها خێزانەکەی کە لەگەڵیدا گیرا نزیکەی(٨) مانگ لە زیندانی ژنان مایەوە و هەر لەوێشدا منداڵەکەی لە دایك دەبێت ناوی لێ دەنرێ (بەندی)..

# شەهید مام ( عەبدوڵلا ) *

لە زیندانی (دائیرەی ئەمن)ی (هەولێر)، ئێوارەیەك کابرایەکی بە تەمەن بە بەرگێکی رێك و پۆشتە، هاتە لامان، ئەو ماوەیەکی زۆر نەبوو لەگەڵماندا هاودەم و هاوبەندی بوو، لەوانەیە هەر دوو شەو بوو بێتن کە بەیەکەوەمان گوزەراند، بەڵام وامئەزانی ماوەیەکی زۆرە بەو کەسە ئاشنام، ئەویش کابرایەکی مات و پیری خەڵکی دۆلی (ئالانە)بوو، کۆنە پۆلیسێکی خانەنشین کراو بوو، لە بەردەم (گەراج)ی (هەولێر– شەقڵاوە)دا، بۆ گوزەران و ژیان دابینکردن، بە کاری جگەرە فرۆشتنەوە خەریك بوو تەمەنی بەڕێ ئەکرد، ئەو رۆژەی کە هێنایانە لای ئێمە، دەرکەوت لە واقیعدا بە هەڵە گیرابوو، ئەویش لەبەر نزیکی لەقەب و(فامیل)ی ناوی (وسو)ەوە، بە (شەقڵاوە)یی ناوزەد و ناونووس کرابوو، بۆیە دەیگرن و دەیهێننە ژوورەکەی زیندانی ئێمەوەوە ئەو رۆژەش بە رێکەوت لەگەڵ ئەوان بە هەڵە گوللەباران دەکرێت و تا ئێستاش تەرمەکەی لە گردی شەهیدان ماوەتەوە و بۆ تاهەتایە بووە هاووڵاتییەکی (شەقڵاوە)یی، بۆ مێژوو و شاهێدیش من لەسەر زاری ئەوەوە، ئەوە دەگێرمەوە، ئەو بۆ خۆی تەنانەت زیاتر لە چوار ساڵ بوو هەر (شەقڵاوە)شی نەبینی بوو...

* بەداخەوە رەسمی ئەو شەهیدە بەرێزەم دەست نەکەوت چونکە خەڵکی شەقڵاوە نەبوو و ماڵەکەشیانم نەدەدۆزیەوە

نووسەر



## شەهید محەمەد قادر

(محەمەد قادر ئەحمەد) لە ساڵی ١٩٦٢ لەدایك بووە، خوێدنکاری زانکۆی (موسل)، بەشی(زانستەکان) بوو.

ئەو مرۆڤە بوو کە هەرگیز بیری لە دوارۆژ و ئایندەی خۆی نەدەکردەوە، خەبات و بەرگریکردن لە وڵات و مافە رەواکانی گەلەکەی باشترین گەنجینەی بوو، لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامەش جارێك کەوتە زیندانی (ئەمن)، بەڵام بێ ئەوەی بڕوخێت و دان بە شتێك دابنێت، ئەو جارە ئازاد بوو، تا دواجار دیسان هاوڕێیەکانی کەوتنەوە بەر شاڵاوی گرتن و براکەم (شێروان)یش یەکێك بوو لە گیراوەکان، بەڵام ئەو لە پەلاماری گرتنەکە دەرباز و ئازاد ببوو، بەڵام لە دەرەوە ئازاد نەبوو، سەراسیمە و مەست و بێئاگا دەگوزەرا، بۆیە

ناچار گەیشتە ئەوەی ئازادی راستەقینە ئەوەیە لە تەك هاورێییەکانی زیندانی بژیت، لە نەعرەتەی داو بڕیاریدا چیتر بە دەردی دڵەراوکێ و ترس و خۆشاردنەوە نەژیت و بە دەستی خۆی خۆی تەسلیمی (دائیرەی ئەمن) کرد و ویستی دەوامی ئاسایی خۆی بکات، ئەو شەهیدە لەگەڵ ٢٢ شەهیدەکانی دیکە لە ساڵی ١٩٨٧ نەگیرا بوو، بەڵکو لە ساڵی ١٩٨٩– ١٩٩٠ گیرا بوو بە هۆی ئاشکرابوونیەوە کە شانە رێکخستنەکانی (کۆمەڵە)و (ئاڵای شۆڕش) کاری دەکرد، ئەویش لە بن ئەشکەنجەی زیندان جوانەمەرگ دەبێت، بەڵام لە ئانوساتی دۆزینەوە و هەڵدانەوەی ٢٢ شەهیدەکانی شەقڵاوە تەرمی ئەویش دەدۆزرێتەوە و لەگەڵ ئەواندا دەینرێتەوە بۆ شەقڵاوە و لەگەڵ ئەوانیش لەسەر هەمان گردەکە دەنێژرێت، بۆیە شەهیدەکان لە ٢٣ شەهیدەوە دەبن بە ٢٢ شەهید.



# شەهید ئەحمەدە فەندی

(ئەحمەد حەسەن مستەفا) ناسراو بە ( ئەحمەد فەندی ) لە ساڵی ١٩١٩ دایك بووە، پیشەی مامۆستابووەو لە دوا ساتەکانی ژیانیدا، خانەنشین بووە، (ئەحمەدە فەندی) ئەو زاتە زیندووە و سەربازە نەناسراو و نەمرەی ڕێرەوی پەروەردە و فێرکردنی (شەقڵاوە) بوو، مێشك و دەروونی ئاوایی بە چەمکی زانین و بە جۆگەلەی فێربوونیش ئاویانی دەدا، بۆ یەکەمجار و یەکەم کەس بوو، لە شارەکەم ناوی (ئەفەندی) بە ناوەکەی لکێندرا، ئەو مامۆستا بەرزە تەمەنێکی درێژخایەنی لە خزمەتی هۆشیارکردنەوە و لەژێر پەیامی (بە خوێندن دەگەیتە ئامانج)، لەسەر سەکۆی مزگەوت و سەقاو و کەندەران و کەلاوە و سواندە و سەربانی کۆڵیتەکانی (گوندی)و (دەنگارە)و

(تەمتەمان) بانگەواز دەکرد، وانەی ئەلفوبێی ژیانی نوێی لە نوێ بە کەسوکارەکانی شارەکەم گوتۆتەوە، ئەو مرۆڤێك بوو لەو شێوە مرۆڤانەی کە سیاسەت بە چ ڕێگایەك دا ڕێی بکردایە، ئەو بەو ڕێگایەدا تێپەڕ نەدەبوو، پەپولە ئاسا لە تەمەنیدا نە حەزی بە سیاسەت بوو نە لەگەڵ ئەوانەی بە سیاسەت خەریك بوون کۆڕی لەگەڵ دەبەستن، بەداخەوە بووە قۆچی قوربانی سیاسەت و ئەو دێوەزمەی ساڵەهای ساڵی تەمەنی خۆی لێ دەپاراست و لێی نزیك نەدەبووەوە، هەروەها مامۆستا ئەحمەد بە قسە خۆش گاڵتە و جەفەنگ ناوبانگی خۆی هەبوو و خاوەنی شێوازێکی تایبەتی خۆی بووە لە گێڕانەوەو گفتوگۆدا....



# شەهید سەفین

شەهید سەفین عوسمان عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩٦١ لە شەقڵاوە لەدایك بووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی (هەولێر) بوو، لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بە کاری تاکسییەوە خەریکبوو، زۆرجار بە ماشێنەکەی خۆی هاوکاری پێشمەرگەی کردبوو لە گواستنەوە هێنانەژوورەوەیان بۆ ناوشار، هەربۆیە لە کاتی لێکۆڵینەوە دا سە بارەت بەو مەسەلەیە زۆر ئەشکەنجەیان دەداو جەختیان لەسەر دەکردەوە.



# شەهید ( نەریمان

شەهید (نەریمان عوسمان عەبدوڵڵا) لە ساڵی ١٩٧٠لە دایك بووە، لە پۆلی دووەمی ئامادەیی پیشەسازی (شەقڵاوە) بوو، ئەو شەهیدە گچکەترین زیندانی بوو.



## شەهید عەبدولقادر

شەهید عەبدولقادر حەسەن وسو، لە ساڵی ١٩٥٠ لەدایك بووە. کوڕی گەورەی ئەو بنەماڵەیە بوو کە چوار برا پێکەوە گوللەباران کران، دواجار لە فەرمانگەی (ئاو) فەرمانبەر بوو..



شەهید ( عەبدولخالق حەسەن وسو ) لە ساڵی ١٩٥٣دایك
بووە



شەهید ( وسو حەسەن وسو ) لە ساڵی ١٩٥٥دایك بووە



## شەهید حەمید

شەهید (حەمید حەمەدەمین قادر)لە ساڵی ١٩٣٣ لە شەقڵاوە دایك بووە، لە بنەماڵەیەکی دیار و کوردپەروەری شار بوو، کورێکیشی لەگەڵ گوللەباران کرا، هەروەها دوو کوری دیکەشی دوای (٨) مانگ مانەوەیان لە زیندان ئازاد کران.



## شەهید شێروان

شەهید (شێروان حەمید حەمەدەمین) لە ساڵی ١٩٦٨ لە دایك بووە، دواجار لە ژیانیدا قوتابی ئامادەیی پیشەسازی شەقڵاوە بووە.



# شەهید حەسەن

شەهید حەسەن وسو رەحمان ناسراو بە (حەسەن زەخۆك)لەساڵی ١٩٣٠ لە دایك بووە، شەهید لە خانەوادەیەكی دیار و كوردپەروەری شار بوو، هەروەها برای (شەهید مستەفا وسو)بوو، لە ژیاندا دواجار خانەنشینی بەڕێوەبەرایەتی (ڕێگاوبان)ی هەولێر بوو.



# شەهید مستەفا

شەهید مستەفا وسو رەحمان ناسراو بە (مستێی زەخۆکان)، لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی دیار و کوردپەروەری ئەو شارەمان بوون، ئەم بنەماڵەیە لە شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و شۆڕشی تازەی گەلەکەمان رۆڵی بەرچاو و شۆڕشگێڕیان گێڕاوە، لە ژیاندا دواجار خانەنشینی بەڕێوەبەرایەتی (رێگاوبان)ی هەولێر بوو، هەروەها مرۆڤێکی قسەخۆش و بە سەلیقە بوو .



## شەهید مستەفا

شەهید مستەفا محەمەد عەلی ناسراو بە(مستەفا بەربەر) لە ساڵی ١٩٢٦ لەدایك بووە، لە سەرتاشە دێرینەکانی (شەقڵاوە)یە، تا دوا جاریشی لە ژیاندا هەر بەم پیشەیەوە خەریك بووە، شەهید لە بنەماڵەیەکی دیار و کوردپەروەری شار بوون و لە شۆڕشی ئەیلولەوە رۆلی شۆڕشگێڕییان دیار بووە.



شەهید (گەیلان مستەفا محەمەد)، لە ساڵی ١٩٦٨
لە دایك بووە، دواجار لە ژیانیدا بە خوێندن و پیشەی
سەرتاشییەوە خەریك بووە



## شەهید محەمەد

شەهید (محەمەد مستەفا عوسمان )لە ساڵی ١٩٥٤ لەدایك بووە. برای شەهید (کارزان) بوو، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەرێکی دیاری شارەکەمان بوو، دەرچووی خوێندنی سەرەتایی بوو، خاوەنی دوو بەرە خێزان بوو، لەگەڵ چوار منداڵ، دواجار لە ژیانییدا خەریکی کاری دارتاشی خانووبەرە بوو.



## شەهید فەلاح

شەهید فەلاح وەلی عەبدولواحید، لە ساڵی ١٩٧١ لە دایك بووە، شەهید ناسراوبوو بە (مەلا فەلاح) و لە بنەماڵەیەکی خۆراگر و تێکۆشەر بوو کە خەڵکی گوندی (کەوەرتیان)ی سەر بە (شەقڵاوە)بوو، لە هەمان ساڵدا واتە ١٩٨٧ باوك و دایکیشی بەند کرابوون، 8 مانگ دوای شەهیدبوونی ئازادکران.



## شەهید ( نەوزاد مستەفا )

(نەوزاد مستەفا)،لە ساڵی ١٩٦١ لە دایك بووە.

گەنجێکی ڕۆحسووك و خوێنگەرم و دڵتەڕ بوو، قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردبوو و تێکۆشەرێکی چالاك بوو لە بواری خۆپیشاندان و کاری نهێنی ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)...



# نووسەر لە چەند سەرە دێڕێکدا

_ لە زستانی ساڵی ١٩٦٤ لە شاری (شەقڵاوە)و لە گەڕەکی (گوند)ی لەدایکبووم .

_ لە ساڵی ١٩٧٩ لە کاتێك لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم، یەکەم کتێبی شیعرم لە ڕێگای برادەرێك وەرگرت و خوێندمەوە، بەمە بۆ یەکەمجار بۆنی شەمامەی شیعرم کرد و بە باخی تەڕ و پڕ مێوەجاتی (ئەدەب) ئاشنا بووم و یەکە یەکە دەوەنەکانیم تامکردن، هەر لە پەنجەرەی ئەو باخەشدا لە ماڵی سیاسەتی رەق و تەقی پڕ لە هەرا و زەنای ماڵوێرانیم روانی، بە کۆڵانە تەنگەبەر و هەورازە سەخت و بێ ئەمەکەکانی پیاسەی خەتەر و خەمناکی زۆرم

کردووە، دەردی دووری و تەنیایی باشم چێشتووە، گەلێك جار لە لێواری مەرگ و فەوتان تارمایی مەرگ سەرەتاتکێی لەگەڵ کردووم، بەڵام زیندوو بوومەتەوە و لە هەڵدێران گەڕاومەتەوە....

بۆیە هەمیشە هەست دەکەم زۆر ژیاوم، ئەمڕۆکەشم زیادەیەکە و لە سەربەرزی دوێنێ کەمە باشتر و بەختەوەریشم بەو دەرفەتانەی کە خۆم تێیدا بە زیندوو ئەزانم، جا لەو باخە فێر بووم کە ژیان هەر ئەو دەمە خۆشە کە بێ ئاگایت و بەئاگا بوونیش لە خانەی نەگبەتی و نەهامەتییەکان ماڵێکی وێران بۆ خۆی ئەکاتەوە، لە سێبەری ئەوینی ئەو باخە تەڕەش، بە عەشقی ماڵ و گەڕەك و شار و وڵات فرچکم گرت و شاگەشکەش بووم...

لە دووڕیانی تەمەنێکی زوودا کە خۆم ناسی و شەرم بە خۆم ئەفرۆشت، لاسکی هەرەتی لاوێتیم بە گوڵە گەنمێکی سیسی سیاسەت رێچکەی لاڕێ بوو، هەر لەو ساڵەدا خزامە ناو شانە رێکخستنەکانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)، لەو رێچکەیەشدا هەوڵمدا بێ دەنگ نەبم و بە دەنگ خواستە رەواکانی گەلەکەم و دەنگی کزی شارەکەم بێم و لەگەڵ یەکتریان ئاوێتە بکەم و خۆشم لەپێناو ئەو ئامانجە پیرۆزە تەرخان بکەم...

له هەردوو ڕاپەرینەکانی سەرەتای هەشتاکانی شاری (شەقڵاوە) کە بە بۆنەی یادی ساڵڕۆژەی (بۆمبابارانی شاری قەڵادزێ)، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بە ڕاپەڕین یادیان دەکرایەوە، بەشداری سەرەکی و ڕۆڵی سەرپەرشتیشم لەو بوارەدا گێراوە، خۆشبەختیشم بەو ڕۆحە ئەگەر ئێمە و چەند گەنجێکی دڵسۆزی ئەو شارە بەو هەناسە و سەرگەرمییەی ئەوساکە خۆمان تەرخان نەکردبا، هەرگیز ئەوەی ئێستا هەیە نەدەهاتەدی، ئێستا بواری ئەوە نییە باسی ورد و درشتی شتەکان بکرێت، بەڵام من لە دەرفەتێکی دیکە بە تێروتەسەلی باسی ئەو هاوڕێیانە و ئەو مێژووەی شارەمان ئەکەم...

_ لە پێناو ژیان و ئازادی گەلەکەم لە ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣ بە ناچاری لە ترسی گیران و ئاشکرابوونی نهێنییەکانی ڕێکخستنی (کۆمەڵە)وە، دوای ئەوەی جارێك گیرام و کەوتمە بەر سێرە و نیشانەی (دائیرەی ئەمنی شەقڵاوە)، چەکی پێشمەرگایەتیم کردە شان و سەنگەری خەباتم بەرەو شاخ گواستەوە، زۆر پێڵاو و وەرزی گەرما و سەرمام گۆڕی، تا ڕابردووییەکی پڕ لە ژان و کولەمەرگی و ناسۆریم هاتە کایەوە، ڕابردووم گەنجینەکەمە و ئاسانیش نییە لە ڕابردوو و خەڵکی دەوروبەری خۆم دوور کەومەوە، ئاسودەییم تەنیا ئەوەیە و

سەریشم بەو ئاسودەییە لە بەرزیەوە ئەبینمەوە....

_ لە ژیانمدا لەسەر کاری سیاسی، دوو جار لە لایەن (دائیرەی ئەمن) زیندانی کراوم، لە ساڵی ١٩٨٢ لە زیندانی (ئەمنی شەقلاوە)، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧ لە (هەولێر)لە نێوان زیندانی (ئەمن)و زیندانی (حجزی ئەمن) لە دواجاریشدا هەر خۆم بە تەنیا نەبووم، بەڵکو سێ برای دیکەشم لەگەڵ گیران.

_ دایکم تاکە کەس و کەسایەتی گەورەم بووە، هاوکاری مەعنەوی و مادیم بووە لە ساتە سەرکەوتووەکانی ژیانم، لەوەوە هێز و توانا و بەهرەی رووبەڕووبوونەوە و ملکەچ نەبوون و وانەی بەردەوام بوونەوە فێر بووم، بۆیە من لە پەنای سێبەری ئەوەوە خۆم ناسی و بە ژیانیش باشتر ئاشنا بووم...

_ دەرچووی پەیمانگای باڵای (گەیاندن) ی (بەغداد)م، لە دوورە وڵاتیش چەند بڕوانامەیەك و(دیپلۆمێك)م لە بواری (ئەلیکترۆنی)یەوە بە دەست هێناوە .

_ لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە، لە دوورەوڵاتی دا ئەژیم و ئێستاش لە وڵاتی (هۆڵەندە) نیشتەجێم.

# چەند وێنەیەکی نووسەر
# لە ڕۆژانی خەباتی
# پێشمەرگایەتیدا



نووسەر لە (بالیسان) ساڵی ١٩٨٣



لە ڕاستەوە: شەهید محەمەد قادر، ئازاد کاوانی، نووسەر، زرار مەلاگچکە، شێروان عوسمان، گوندی (لاسە)، ساڵی ١٩٨٣



له راستەوە: زرار مەلاگچکە، شەهید کارزان، نووسەر، نزار مەلاگچکە، کەریم عوسمان، شەهید هاوار، (مێرگەسەر) ساڵی ١٩٨١



له راستەوە: شەهید هەژار کەریم، بەختیار سارتکەیی، نووسەر (بەرەکە) گیراوە، ساڵی ١٩٨٤



له راستەوە: زرار مەلا گچکە، ڕێبوار، نووسەر، دلاوەر، شەهید
محەمەد قادر (سورداش) ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٨٤



له راستەوە: شەهید
نەریمان، رێبوار عوسمان،
شەهید سەفین
(شەقڵاوە)، ساڵی ١٩٨٥

# سوپاسنامە

## سوپاسی بێپایانم بۆ:

(بوێر جەمیل رەنجبەر)ی هاوسەرم و هەردوو براکانم (شێروان و ڕێبوار)، کە لە هاوکاری دارایی و کۆمەکی مەعنەویان بۆ من پاڵپشتییەکی باشیان هەبوو...

بەرێزان (دڵشاد کەریم خۆشناو) و (هەرێم عوسمان)، لە هاوکاری هونەری و دیزایندا ئەسپی نەبەردی خۆیان نەبەزانە تاو دا...

کاکە ئازا عەبدوڵڵا، بۆ دابینکردنی وێنەی شەهیدان...